# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣١٤)- (٢٥)ی نیسانی ٢٠٢٢


## تەنیا کۆنفیدراڵی چارەسەری کێشەکانی عێراق دەکات

# لە ناو سنووورە زاڵمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتی بەهێز دروست نابێت






# چاپ و بڵاوکراوەکان لە شۆڕشی گوڵاندا

١٥


هەر چەندە بارودۆخی دوای نسکۆ هەستیار و مەترسیدار بوو، بەڵام لەگەڵ هەڤاڵانی پارتیمان لە سەرکردایەتیی کاتی، هەوڵی تەواومان دا بۆ ئەوەی بە پێی ئیمکان و دەرفەت، بڵاوکراوەکانی پارتیمان چاپ و بڵاو بکرێنەوە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتیمان.

هەر چەند بۆ ئەو کارە ئامراز و کەلوپەلی پێویست لە بەردەست نەبوو، بەڵام دوای هەوڵ و شەونخوونییەکی زۆر، ژمارە ٥٢٧ی ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی ١ی تەمووزی ١٩٧٦ لەژێر ناوی (کاروانی ئەیلوول بەرەو پێشەوە دەڕوات) بە زمانی عەرەبی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارەیەدا بە بۆنەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، دەقی بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٧٦دا بەناوی سەرکردایەتیی کاتییەوە بڵاو کرایەوە. ژمارەکانی تر بە زمانی کوردی بڵاو کرانەوە کە لەو ماوەیەدا نزیکەی هەشتا و چوار ژمارەی بە دەزگاکانی ڕوونیۆلاین و تایپەوە چاپ و بڵاوکرانەوە. ژمارە ٥٢٧ی ڕۆژنامەی خەبات بە یەکەم ژمارەی خەبات دەژمێردرێت لە شۆڕشی گوڵاندا کە کاک جەوهەر نامیق سالم سەرپەرشتیی دەکرد.

مانگی مایسی ١٩٧٩، ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەی خەبات بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە کە تایبەت بوو بە کۆچی دوایی بارزانیی نەمر. ڕۆژنامەکە بە مانشێتی: نەمری بۆ بارزانی، سەرکەوتن بۆ گەلی کورد ڕازێندرابووەوە.

دوای بەستنی کۆنگرەی نۆیەم لە ساڵی ١٩٧٩دا، بۆ ماوەیەک کاک فەلەکەددین کاکەیی ئەرکی بەرپرسیاریەتیی بەشی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزب و سەرنووسەریی خەبات و ئێزگەی دەنگی کوردستانی پێ سپێردرا.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی سێیەمی کتێبی (چوارینەکانی هەوری) کە کۆمەڵە دەقە شیعرێکی چوارینەیە و شاعیر (عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی) ناسراو بە (هەوری) کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەران و شیعردۆستانەوە.

سەرجەم ئەو هۆنراوانە ژمارەیان (٥٤٣) چوارینەن، کە بەسەر پێنج بەشدا دابەش بوونە، بەشی ئایینی و نیشتمانی و ئەوینداری و دەروونی و دوابەشیش وەسفی بەهارە، (هەوری) ی شاعیر، کوڕی شاعیری ناسراوی کەرکووك (لوتفی)یە، هەوری تا ئێستا دیوانێکی گەورەی خۆی بە چاپ گەیاندووە، لە هونەری چوارینیشدا مەشقی زۆری کردووە، بۆیە دەبینین ئەمە سێیەمین بەرگی چوارینیەکانییەتی.

لەنێو ئەم کتێبەدا هەڵوێستی مرۆڤانەی کەسێك دەخوێنیتەوە، کە زۆر قووڵ هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی کردووە، ئەو نەك هەر بە وشە بەڵکو بە کرداریش چووەتە نێو کۆڕی تێکۆشانی نەتەوەییەوە، لەم ڕێڕەوە شکۆمەندەدا (هەوری) بە ئاوارەیی و زیندان باجی کوردایەتیی خۆی داوە، لە چوارینەکاندا هەوڵی داوە هەستی بەرگری و هۆڕاگریی خۆی و نەتەوەکەی بەرانبەر بە داگیرکەر بخاتە ڕوو.

لەپاڵ ئەمەشدا لە دەرگای زۆر بوارو بابەتی دیکەی شیعری داوە، بۆ نموونە ئەو خۆی وەك کەسایەتییەکی تێکەڵ بە کۆمەڵگاو چین و توێژەکانی زۆر سەربردەو بەسەرهاتی ڕۆژگاری ژیانی میللەتەکەی لەلایە، خۆ ڕەنگە بەوەی دۆستێکی زۆر نزیکی شاعیری ناسراو بورهان ئاغای هەولێری(جاهید) بووە، ئەمە پاڵی پێوە ناوە بە هەمان شێوەی(جاهید) بەشێکی خەون و خولیاو ئازارو حەزەکانی بە چوارین دەرببڕێت.

دانەیەکی ئەم کتێبە گەیشتە گۆڤارەکەمان، پیرۆزبایی لە (هەوری)ی شاعیر دەکەین، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## لەنجە دزەیی:




**هیچ هۆکار و پاساوێک نە دروستە و نە قابیلی قبووڵە بۆ ڕاگرتن و پەکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان**

## کاروان سەباح هەورامی:



**کەمبوونەوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و گۆڕانکاری لە ڕیتم و شێوازی دابارین، مەترسییەکی گەورەیە ڕووبەڕووی هەرێم بووەتەوە**

## عەبدولڕەحمان سدیق



**ڕۆژی زەوی (٢٠٢٢): وەبەرهێنان لە هەسارەکەماندا بکەن**

## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید



**پەیامەکەی مەسرور بارزانی لە چاتام هاوس جیهانی بەرپرسیار کرد بەرامبەر عێراق**

## کریستۆفەر جەی:



**ئەوەی ڕووسیا دەیکات شەڕێکی گەمژانەیە**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

مەسعود حەیدەر:

## کاراکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کاریگەریی توندی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەت هەیە



## هاووڵاتیان لە گرانکردنی نرخی خواردەمەنی لە مانگی ڕەمەزاندا نیگەرانن



## ئافرەتانی کورد لە ڕێگەی وەرزشەوە دەگەنە سەر شاخە بەرزەکان



## خانمە پزیشکێکی کورد خەڵاتێکی نێودەوڵەتی لە نەشتەرگەریی مەمک وەردەگرێت



## کاپتاگۆن چییە؟



## پاوەربانک بۆ شەحنکردنەوەی ئۆتۆمبیل



# سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان دەکات

به ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان: سەرنووسەر و کارمەندان و ستافی گۆڤاری گوڵان

سڵاو و ڕێز

بە بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی ئازیز و خوێنەرانتان دەکەم.

گۆڤاری گوڵان خزمەتێکی بەرچاوی بە کولتووری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کردووە و ڕۆڵێکی دیاری لە هۆشیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و نیشتیمانیدا بینیوە.

سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونتان دەکەم و دەستخۆشی بەردەوامبوونتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

**مسعود بارزانی**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢**





**نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە گۆڤاری گولان دەکات**

# گوڵان هەر لە سەرەتاوە
# وەک مینبەرێکی بوێر و ڕەچەشکێن ناسرا

بە بۆنەی «٢٨»ـەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری «گوڵان»ـەوە، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ستافی گوڵان دەکات، ئەمەش دەقی پیرۆزباییەکەیە:

هەڤاڵانی بەڕێز سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ستافی گۆڤاری گوڵان

لە (٢٨)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)دا، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم.

دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ درێژەدانتان بە ئەرکی دەرچوواندنی ئەم گۆڤارە سەنگینە و مێژووی دەزگای گوڵان کە لە ڕۆژگاری دامەزراندنیدا وەك مینبەرێکی بوێر و ڕەچەشکێن ناسرا، دواتریش لە ڕێی ئەم گۆڤارە شرۆڤەکار و پڕ ناوەڕۆکەوە، جێی شایستەی خۆی لە کایەی ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا کردەوە.

هیوادارم گۆڤارەکەتان لەسەر ڕێچکەی پیشەیی و زانستیانە و زمانی بەرز و بەپێز و بابەتە جددی و ئەکادیمییەکانی بەردەوام بێت و هەرچی زیاتر پەرە بە کار و بەخششەکانی بدات.

هەر سەرکەوتوو بن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢**

### فازڵ میرانی پیرۆزبایی لە ساڵیادی گۆڤاری گوڵان دەکات

# «گوڵان» سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ بەرچاوڕوونی بەخشین و دەروازەیەکە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە جیهانی سیاسەت



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی گۆڤاری گوڵانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و تەواوی ستافەکەی دەکات، ئەمەش دەقی پەیامی پیرۆزباییەکەیەتی:

**هەڤاڵی خۆشەویست سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵانی خۆشەویست لە دەزگای گوڵان**

بە دەرفەتی دەزانم لە ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایییەکی گەرم لە ستافی بەڕێز و تێکڕای ئەو ڕۆژنامەنووسە بوێر و دڵسۆز و وەفادارانە بکەین، کە لەم گۆڤارەدا و لە ئۆرگان و کەناڵەکانی دیکەی خەباتکار، ئەرکی داکۆکیکردن لە ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کورد و وەدەستهێنانی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ کوردستانیان کردووەتە ڕێبازی کاری پیشەگەرانە و لە پێناویدا تێدەکۆشن.

مایەی خۆشحاڵی و پێزانینە، کە ناوەندێکی ڕۆژنامەوانیی وەك (گوڵان) بتوانێت بە درێژایی ئەو ٢٨ساڵە، ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و هەستیار بۆ بەرچاوڕوونی بەخشین بە خوێنەرانی، هەروەها دەروازەیەك بێت بۆ ئاشناکردنی زیاتری خوێنەری کورد بە گشتی و دەستەبژێر بە تایبەتی، بە جیهانی سیاسەت.

مایەی خۆشحاڵییە ساڵوەگەڕی دەرچوونی (گوڵان)، هاوکاتە لەگەڵ ١٢٤ـەمین ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئەو کاروانە پڕ لە سەروەرییەی بوو بە بەشێك لە تێکۆشانی گەلی کورد بۆ سەلماندنی کەسایەتی و کولتوور و زمانی نەتەوەیەکی دێرین، کە بە درێژایی مێژوو، هەم زلهێزانی جیهان ماف و بوون و شارستانیەتیان لێ زەوت کردووە، هەم گەل و دەوڵەت نەتەوەی دەوروبەری، هەوڵی نکۆڵی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگ و زمان و جوگرافیان داوە.

ئێمە کە لە یەك کاتدا بە ساڵیادی دوو بۆنەی مەزنی نەتەوەکەماندا تێدەپەڕین، بە باوەڕ و متمانەیەکی زیاترەوە دەڕوانینە ئایندەی گەل و وڵاتەکەمان، پێشمان وایە یەکدەنگی و تەبایی نێوماڵی کورد، ڕاستەڕێی گەیشتنی نەتەوەکەمانە بە تەواوی مافەکانی وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە.

سڵاو لە هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەگشتی و، سەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی گۆڤاری گوڵان بەتایبەتی، کە سەرمەشقی داکۆکیکردنن لە بەمێژووکردنی ڕاستی و دادپەروەری و ئازادیی نەتەوەیەك کە ویژدانی مرۆڤایەتی بەرانبەر مافەکانی کەمتەرخەم بووە.

دووبارە سڵاو و ڕێزمان بۆ هەموو لایەك. هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

**براتان فازڵ میرانی**
**٢٠٢٢/٤/٢٢**

# بڕووسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی (٢٨)ەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان

**بەڕێز/ سەرنووسەر و ئەندامانی ستافی نووسین و کادیر و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان...**

ئەمڕۆ یادی (٢٨) ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانە، کە لە کاروانی ڕاگەیاندن و میدیای کوردیدا جێدەستی ڕوون و بەرچاوە بۆ خزمەتگەیاندن بە بواری ڕۆشنبیری و کولتووری نەتەوەیی و نیشتمانیمان.

گۆڤاری (گوڵان) خاوەن چەندین سیمای پیشەوەرانە و ڕۆژنامەوانییە کە تایبەتمەندییەکەی خۆی پاراستووە بە پەیڕەوکردنی بنەما و ئیتیکی ڕۆژنامەگەری و گرتنەبەری ئاراستەیەکی دروست و ڕەوان بۆ ڕەخساندنی زەوینەی لێکدانەوە و شیکردنەوە و گفتوگۆی گرنگ و کاریگەر بۆ پرسە چارەنووسسازەکان بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە.

لەلایەکی دیکەوە گۆڤاری (گوڵان) لە گەیاندنی پەیامی هەفتانەی خۆیدا سەرکەوتوو بووە، بەو پێیەی توانیویەتی لە ڕێگەی کەسایەتی و پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارانە هاوکات لەگەڵ دیاردە و پرس و کێشەکاندا بیروڕا و بۆچوونەکانیان بخاتەڕوو.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەو گۆڤارە لەوەدایە سنوورە لۆکاڵییەکەی بەزاندووە لە ڕێگەی پێگەی فەرمیی خۆی (گوڵان میدیا) و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانەوە، هەروەها پەیوەندیکردن بە پسپۆڕ و سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستانی بیانی و جیهانی بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانیان.

لە ساڵیاد و ئەو بۆنە پیرۆزەدا پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و نووسەر و خوێنەرانی گۆڤارەکە دەکەین و ڕۆڵی گرنگی ئێوە بەرز دەنرخێنین و، جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڤاری (گوڵان) دووپات دەکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢**

## برووسکەی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

### به بۆنەی (٢٨)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان

**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری (گوڵان)..**

هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و ئەندامانی ستافی نووسین و سەرجەم کارمەندانی گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) وێڕای پیرۆزباییمان دەستی کار و ئەرك و ماندووبوونتان دەگوشین و، هیواداریــن بۆ ساڵی داهاتوو لە هەموو بوارێکدا پێش بکەون و وەك هەمیشە ڕۆڵی گرنگی خۆتان ببینن.

گۆڤاری (گوڵان) خاوەن ئەزموونێکی ڕۆشن و بەرهەمدارە، بۆیە لەو تەمەنەی دەرچوونیدا بە پێی پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك سەرکەوتووانە توانیویەتی جێگەی شایستەی خۆی لەسەر پانتایی کاری ڕۆژنامەگەریدا بگرێ.

بە پەیڕەوکردنی بنەما و ڕێنماییە ڕاست و دروستەکانی ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری (گوڵان) وەك خاوەن مۆرکێکی ڕەسەن و ڕاستگۆییانە هەردەم نموونەی داهێنان و نوێبوونەوەیە لە ڕووی بڵاوکردنەوە و هەماهەنگ لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژانە و گرنگیدان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

جارێکی دیکە بە بۆنەی(٢٨)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) پشتیوانیی خۆمان بۆ بەردەوامبوون و زیاتر بەرەوپێشچوونی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوە. هەر سەرکەوتوو بن.

**دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢**

بە بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) جوانترین پیرۆزبایی لە بەڕێزان سەرنووسەر و ستاف و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

گۆڤاری گوڵان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی و خزمەتێکی شایستەی بە کەلتووری ڕۆشنبیری، پرۆسەی سیاسی و هزری نەتەوەیی کردووە، هاوکات لە بواری کۆمەڵایەتیدا کارێکی جددییان لەسەر پرسی یەکسانی و ئافرەتان کردووە، ئەمانەش دەبنە جێگەی شانازی بۆ ڕۆژنامەنوسان و خوێنەرانی ئازیزی گۆڤاری گوڵان.

ئەم یادەتان پیرۆز بێت، هەمیشە پێشەنگ و سەرکەوتوو بن.

**یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان**
**٢١ی ٤ی٢٠٢٢**

---

**هاوڕێی خۆشەویستم فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گوڵان**



لە بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان و ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە سەرجەم ستافی نوسین و کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەم، ئومێدەوارم (گوڵان)ی ئازیز هەمیشە لە پێشکەوتندا بێت بۆ خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و پتەوکردنی ئەزموونی نەتەوەیی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا... دووبارە پیرۆزبێت.. لەگەڵ ڕێزمدا.

**براتان**
**سەلاح بەدرەدین**
**٢٠٢٢/٤/٢٢**

---

**برای بەڕێز کاك فەرهاد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**بەڕێزان ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی گوڵان**



بە بۆنەی یادی ٢٨ ساڵەی گۆڤاری گوڵان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە ئێوە بەڕێز و ئازیز دەکەم، هیوای هەردەم سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و پێشکەوتنی زیاتر بۆ گۆڤاری گوڵان کە لە ڕۆژێکی پڕ لە شکۆدا دەرچووە، لە مێژووی پرسەروەریی میللەتەکەمان بە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە وڵاتی میسر و لە شاری قاهیرە لە چاپخانەی «دار الهلال»، هەڵبەتە دەرچوونی گۆڤاری گوڵان لەو یادە پیرۆزە هەڵگری هەمان ڕێبازی نەتەوەییە کە داکۆکی لە مافەکانی کوردستان دەکات. ئەمڕۆ گوڵان کەسانی جیهانی نووسەرین و ئەوە دەگەیەنێ کەوا گوڵان سنووری بەزاندووە و دەنگدانەوەی لە نێو میدیاکانی جیهاندا هەیە، بێگومان ئەم کارەش بە کەسانی دڵسۆز و شارەزا ئەنجام دەدرێت.

دووبارە پیرۆزە و هەردەم سەرکەوتوو بن

**براتان**
**شێرکۆ حەبیب**
**بەرپرسی مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**لە وڵاتی میسر**

**بەڕێزان: سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ستافی گۆڤاری گوڵان**
**سڵاو و ڕێز**

بە بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەین.

گۆڤاری گوڵان وەك یەکەمین گۆڤاری ڕچەشکێن و ڕەخنەگر و خەمخۆر لە کوردستان کە دامەزرا، بوو بە خاڵێکی بەهێزی ناو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و جێگای خۆی زوو کردەوە.

بە شرۆڤە وردەکانی و بە سەلیقەی ڕۆژنامەوانیی وردی، هەمیشە خوێنەری خستووەتە بەرەی متمانەیەکی گەورە بەم گۆڤارە، چونکە سەرچاوەی هۆشیارییەکی گەورەی سیاسی و ئابووری و کولتووریش بووە.

سوپاسی ماندوونەبوونیتان لێدەکەین و، هیواداریین پڕ بەخشش بن.

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی - هەڵەبجە**
**٢١ی نیسانی ٢٠٢٢**

---

**بەڕێزان سەرنووسەرو نووسەران و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان**

**سڵاوێکی گەرم**



پیرۆزبایی یادی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنی گۆڤاری گوڵان لە ئێوەی بەڕێز دەکەم. گۆڤاری گوڵان لە ڕۆژنامەگەریی کوردی ناوێکی درەوشاوەیە و لە قۆناغە جیاوازەکانی ٢٨ ساڵی ڕابردوو پەنجەمۆری خۆی لە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان داناوە و توانیویەتی پیشەییانە و کوردانە خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکات و خوێنەری کورد بەرچاوڕوون بکاتەوە لە هەموو ئەو تەوەرانەی کە تیشکی خستۆتە سەر.

پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئومێدەوارین کاروانتان بەردەوام بێت بۆ خزمەتکردنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردستانی و پرۆسەی سیاسی و حوکمرانیی گەلەکەمان و کۆمەڵگەی کوردستانی. لەگەڵ ڕێز

**مسعود حيدر**
**ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی**



# ئاسایشی نەتەوەییمان و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی

د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە



سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی کارکردن بێت بۆ دابینکردنی قەبارەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی هەر قەوارەیەك، ئەوە بوونی مەرجەعییەتێکی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی بە بەرژەوەندییەکی زیندووی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەم قۆناغە هەژمار دەکرێت، بە بۆچوونی ئێمە ئەو مەرجەعییەتە شۆڕشگێڕییە خۆی لە سەرۆك بارزانی-دا دەبینێتەوە. ئەزموونی ماوەی ڕابردوو لە بواری ئاسایشی نەتەوەییمان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ سێ بنەمای سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی، لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە، ئەویش بنەمای دیپلۆماسییەت، بنەمای هێز، بنەمای ئابووری، لەبەر ڕۆشنایی وتاری سیاسیی بەڕێزیان دەتوانرێت شی بکرێتەوە.

سەبارەت بە هێز، خوێندنەوەی بەڕێزیان تەنیا سەربازی نەبوو، بەڵکو خوێندنەوەی لایەڕە بەهێز و بێهێزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، لاپەڕە بەهێزەکان بریتین لە دۆسێیەکانیی نەوت، ئاو، گەشەپێدانی مرۆیی، پێشمەرگە، گەڕان بە دوای سیستەمێکی ئاسایی، ئاسایش و بەهەیکەلکردنی دامودامەزراوەکانی ئاسایش لە هەرێم، ڕێکخستەوەی نێوماڵی کورد، نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسی، خوێندنەوەی بابەتییانەی فرەلایەنی سیاسی و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، یاساکانی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی دەستووری هەرێم.

خوێندنەوەی بەڕێزیان بۆ ئابووریی کوردستان بریتی بوو لەوەی کە پێویستە ژێرخانی ئابووری کە وێران کرابوو، چارەسەر بکرێت و ئەو گوندانەی کە کاول کرابوون ئاوەدان بکرێنەوە، تایبەتمەندی بدرێتە ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی وزە و بابەتی خزمەتگوزاری و کارەبا و ئاو و پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی، لە دەرئەنجامدا بە هەمەجۆرکردن و هەمەچەشنکردنی ئابووریی کوردستان.

بەڕێزیان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و هەیەتی لە پەیوەندییەکانی هەرێم و نێودەوڵەتی و دەستی دۆستایەتی درێژکردن و خزمەتکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش، مەبەستی سەرەکیی بەڕێزیان بووە، دوور لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ بووە. دەربارەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی دەرەوە دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەك زۆر تاکە شۆڕشگێڕێکی گەلێکی ستەملێکراو بەم جۆرە چالاکییە ئەکتیڤە کاری کردووە، ئەمەش بە ڕوونی بەدەردەکەوێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی وەك ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و دەوڵەتە عەرەبییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی NGO، بۆیە وەك ڕوویەکی دیپلۆماسیی گەشبین دێتە بەرچاو، نەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە ئاستی جیهان، بەڵگەش ژمارەی زۆری کونسوڵخانەکانە لە کوردستان.

سەرۆك بارزانی ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریی هەبوو، لە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و شەراکەت و هاووڵاتیبوون و پەنابردن بۆ دەستوورو دامودەزگا دەستوورییەکان، بۆیە ئەگەر بەشداریی سەرەکیی ئەو نەبوایە لەم مەسەلەیەدا، دوای ڕزگاربوونی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها دەستپێشخەرییەکەی بەڕێزیان نەبوایە لە زۆر لە ڕێککەوتننامەکانی لایەنە سیاسییەکان، لەوانەیە عێراق بەرەوە ئاستێکی دیکە دەچوو.

سەرۆك بارزانی وەك مرۆڤێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی پتر لە (٥٠) ساڵ بێ وچان تێدەکۆشێت بۆ چەند مەسەلەیەك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سازشی لەسەر نەکردووە، وەك مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و بنەما چەسپاوەکانی نەتەوەیی، مافی نەتەوەکانی دیکەی عێراق، ئازادییە سیاسییەکان، ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، ماددەی ١٤٠، پێشمەرگە، شەهیدو ئەنفالکراوەکان و تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان.

لە بواری ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم لە دیدی بەڕێزیان، ئازادی بۆ ئەم بابە گرنگە ئەویش گوێڕاگرتن لە ڕای دیکە و شانازییە بۆ پرۆسەکەی هەرێمی کوردستان، دوای ساڵی ١٩٩١، بەتایبەتی دوای سەرۆکایەتیی بەڕێزیان لە هەرێم، کە نزیکەی (٣٠٠) کەناڵی بیستراو و بینراو و خوێنراو کاریان کردووە، یاسای تایبەتی ئەمەی ڕێکخستووە، تەنانەت

**ئەزموونی ماوەی ڕابردوو لە بواری ئاسایشی نەتەوەییمان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ سێ بنەمای سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی، لەلایەن سەرۆک بارزانی-یەوە، ئەویش بنەمای دیپلۆماسییەت، بنەمای هێز، بنەمای ئابووری**

**سەرۆک بارزانی ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریی هەبوو، لە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و شەراکەت و هاووڵاتیبوون و پەنابردن بۆ دەستوورو دامودەزگا دەستوورییەکان**

**سەرۆک بارزانی وەک مرۆڤێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی پتر لە (٥٠) ساڵ بێ وچان تێدەکۆشێت بۆ چەند مەسەلەیەک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سازشی لەسەر نەکردووە، وەک مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و بنەما چەسپاوەکانی نەتەوەیی، مافی نەتەوەکانی دیکەی عێراق، ئازادییە سیاسییەکان، ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، ماددەی ١٤٠، پێشمەرگە، شەهید و ئەنفالکراوەکان و تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان**

توندوتیژی بەم شێوەیە بەرانبەر ڕاگەیاندکاران بەکار نەهێنراوە، هەر چەندە هەندێ جاروبار هێڵە سوورەکانیان بەزاندووە، بەڵام بە ڕۆشنایی یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستان ئەم بابەتە چارەسەر دەکرێت.

دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك دەسەڵاتێکی گرنگی ئەزموونی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوەکان تایبەت بەم بوارە هەن و کاریان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە لەم ڕوانگەیەوە، بەڕێزیان چاودێرێکی تایبەتی زۆرینەی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانەی کردووە، لە گشت سیمینار و کۆنفرانس و چالاکییەکانی دیکە لە بواری پەیوەندیی دەسەڵات و هاووڵاتی و لە بوونی متمانەی هەردوو لا، واتا هەر یەکیان ئەرك و مافەکانی خۆیان بزانن، لە دیدی بەڕێزیان ئەوەی مایەی گەشەپێدانی ئاسایشی نەتەوەییە، هەروەها دیموکراسی بە مانای ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و پەنابردن بۆ هەڵبژاردنێکی شەفاف و باوەڕکردن بە بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و دەستووری و یاسایی و بەشداریکردنی فراوانی سیاسیی هاووڵاتیان لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی، بوونی فرەلایەنی بە پێی یاسا فاکتەرێکی گرنگە لە لایەن بەڕێزیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باوەڕکردنی بەڕێزیان بە پرەنسیپی جیاوازیی دەسەڵاتەکان و دەستتێوەرنەدان لە نێوانیان و بوونی چاودێریی پەرلەمان بۆ کاروباری حکومەت پرەنسیپی گرنگن لەلایەن بەڕێزیان، حزبی سیاسی لای سەرۆك بارزانی پێویستێکی گرنگە بۆ کۆمەڵ و یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی بەڕێوەچوونی ڕێڕەوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام بە نیسبەت کوردستان لای بەڕێزیان زۆر گرنگە پەیوەستی حزبە سیاسییەکان بە هێڵە سوورەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان نەتەوەیی، بۆیە پرەنسیپ و کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسی بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانێت، ئەمەش لە قەوارەی شەرعییەتی سیاسی ئەنجام دەدرێت و بازدان نییە لەسەر دامەزراوە دەستوورییەکان.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و عادیلانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەسەلەیەکی گرنگە لای بەڕێزیان لەم قۆناغەی ئێستادا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان لە پەروەردەی قوتابخانەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ژیرانە کاردەکات و شانازی بەوە دەکات کە لە خەباتی شۆڕشگێڕی و سیاسی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بەپێی یاساکانی جەنگ ڕووبەڕووی دوژمنان بووتەوە و گەلی کورد بووتە قوربانیی دەوڵەت.

خەبات لای سەرۆك بارزانی شێوازی زۆرە، وەك خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕی و سیاسی و دیپلۆماسی و دیالۆگ، شیکردنەوەی بارزانی بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ هەر یەك لەمانە بە شێوەیەك ڕۆڵی خۆی هەیە، بە تایبەتی توێژی قوتابیان و لاوان و کرێکاران و جووتیاران و فەرمانبەران و هەڵگرانی بڕوانامەی باڵای زانست و ئافرەتان، ئەمانە هەموویان گرنگن، وەك بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و دانیشتووان.

سەرۆك بارزانی ژیرانە سەیری کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، مەترسییەکان دەستنیشان دەکات، چ مەترسییە ناوخۆییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چ مەترسییەکانی هەرێمی و دەرەوە، لەلای بەڕێزیان توێژینەوەی ستراتیژی بۆ ئەم مەسەلانە زۆر گرنگە، کێشەکانی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان تایبەتمەندییان هەیە لای سەرۆك بارزانی، بۆیە هەمیشە نزیکە لەو خانەوادانە. زۆر هەڵەن ئەوانەی کە دەڵێن جۆرە دوورییەك هەیە لە کێشەی هاووڵاتیان، بەڵگەش بۆ ئەمە بەشداریکردنی بەڕێزیان لە سەرجەم چالاکییەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، نەك لە ڕۆژانی نزیك هەڵبژاردن، بەڵکو لە وەرگرتنی هەر بەرپرسیاریەتییەکی نەتەوەیی و سیاسی، سەرۆك بارزانی بە ئەندازیاری خۆڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد هەژمار دەکرێت، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتەکان و ڕێککەوتنە سیاسییەکان. چونکە بڕوای بەوە بوو کە تەنیا یەك حزب ناتوانێت لەم قۆناغە هەستیارەدا خزمەت بکات لەپێناو بەرژەوەندییە

**سەرۆک بارزانی ژیرانە سەیری کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، مەترسییەکان دەستنیشان دەکات، چ مەترسییە ناوخۆییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چ مەترسییەکانی هەرێمی و دەرەوە**

**کێشەکانی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان تایبەتمەندییان هەیە لای سەرۆک بارزانی، بۆیە هەمیشە نزیکە لەو خانەوادانە**

**سەرۆک بارزانی بە ئەندازیاری خۆڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد هەژمار دەکرێت، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتەکان و ڕێککەوتنە سیاسییەکان**

نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ئەگەر هاوکاری و هاوپەیمانیی ستراتیژی نەبێت لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق کە ڕۆڵیان لەم مەسەلەیەدا هەیە. هەروەها باوەڕی بەرێزیان بە زمانی یەکگرتووی کورد بنەمایەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە، بە تایبەتی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، هەروەها دامەزراوەکانی بەرگری و پێشمەرگە و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، لە دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراق دوای ٢٠٠٣، سەرۆک بارزانی لەسەر بنەمای فیدراڵ و شەراکەت و هاووڵاتیبوون و عەقڵییەتی سیاسیی عێراقی چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ دۆسییە گرنگەکان، ماددەی ١٤٠، نەوت و غاز، پێشمەرگە، گرنگیی مەسەلەی دیالۆگ بە ڕۆحییەتێکی دیموکراسی، دوورکەوتن لە قۆرخکردنی دەسەڵات، ڕێزگرتن لە دەستکەوتە دیموکراسییەکانی عێراق و پارێزگاری لێ کردنیان، بەرگریکردن لە بڕیارە چارەنووسسازەکان و گەڕانەوە بۆ هێز و ڕا و ویستی گەل، گشت ئەم مەسەلانە بە تایبەتی ئاماژەن بە ئاسایشی نەتەوەیی، دەتوانم بڵێم کە سەرۆک مسعود بارزانی لەسەر ئاستی جیهان لە نەوەی دووەمی سەرکردە مێژووییەکانی دێت، ئەگەر نەوەی یەکەم گاندی و نەهرۆ و تیتۆ و ماندێلا و یاسر عەرەفات و جەمال عەبدولناسر و بارزانی-ی نەمر بن، ئەوا نەوەی دووەم ئەوانەی لە خزمەت بەرژەوەندیی میللەتەکانی خۆیاندا بن، سەرۆک مسعود بارزانی یەکێکە لەو خەمخۆرانەی کە خەباتی پتر لە (٥٠) ساڵی هەیە، بێ وچان وەك جەنگاوەرێکی شەریف هەرگیز پشوودانی نەبووە، لە کۆتاییدا لەوانەیە بپرسن کێن ئەوانەی نەوەی دووەمی خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکانی ئەم جیهانە؟ دەتوانم چەند ناوێك بژمێرم، دالایلاما لە چین، لیش ڤالیسیا لە پۆڵۆنیا، جۆن گرنگ لە سودان، زۆر ناوی دیکە کە لە قەیرانە مێژووییەکان توانییان گەلەکانیان ڕزگار بکەن.

هەڵبەتە کە باس لە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی دەکەین لە ئاسایشی نەتەوەییمان، ئاماژە بەوە دەکەین کە ئەو گەلانەی بە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە دەرئەنجامدا بەرەو قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری دەچن، لە دامەزراندنی ئەم قەوارەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر هەیە، دەبێت سەرکردایەتیی مێژوویی وەڵامدانەوەیەکی عاقڵانە و عادیلانەی بۆ ئەم مەسەلانە هەبێت، گرنگترین ئەو ڕووبەڕووبوونەوە بریتییە لە دادوەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بوونی جۆرەکانی گەندەڵی، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، وەك فیکرێکی نامۆ و نەگونجاوی ئیرهابی لەگەڵ واقیعی گەلەکەمان.

هەڵبەتە سەرۆك بارزانی لە کارکردنی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، پاڵپشت بە حزبێکی شۆڕشگێڕیی نەتەوەیی دیموکراسیخواز، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە ئەم حزبەش لە دیدی خۆی و لە سێزدە کۆنگرەی مێژوویی هەوڵێکی بێ وچانی داوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، لە ئەنجامدا ئەو ئەزموونە سیاسییەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پارتی لە پلەی یەکەمدایە، چ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و چ لە عێراق، لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و سیاسیی گەورەی لە ئەستۆدایە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەڕان بە دوای پاشەڕۆژێکی ئاسوودە، کە مەبەستی سەرەکی پرسیارە گرنگەکەی ئاسایشی نەتەوەییە، ئەویش ئایا دەبین، یان نابین؟ لەبەر ڕۆشنایی خەباتی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەینە ئەو دەرئەنجامە ئێمە لە داهاتوودا دەبین و بە ژمارەش دەبین لە نەخشەی عێراق و نەخشەی ناوچەکە و جیهان، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەم جموجووڵە دیپلۆماسییانەی ئێستای بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بنەما ئابوورییانەیە کە کاریان لەسەر دەکرێت لە ئاسایشی دیپلۆماسییەتی وزە کە خۆی لە نەوت و گاز و گەشەپێدانی مرۆیی دەبینێتەوە. هەرێمی کوردستان بووە بە نموونەیەکی دیموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێ گومان ئەم هەرێمە بەرەو دوارۆژێکی باش دەڕوات لە دیدی خوێندنەوەکانمان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، کە پاراستن و بەرگری کردن لەم ئەزموونە بەرپرسیارێتیی هەمووانە.

**ئەگەر نەوەی یەکەم گاندی و نەهرۆ و تیتۆ و ماندێلا و یاسر عەرەفات و جەمال عەبدولناسر و بارزانی-ی نەمر بن، ئەوا نەوەی دووەم ئەوانەی لە خزمەت بەرژەوەندیی میللەتەکانی خۆیاندا بن، سەرۆک مسعود بارزانی یەکێکە لەو خەمخۆرانەی کە خەباتی پتر لە (٥٠) ساڵی هەیە، بێ وچان وەک جەنگاوەرێکی شەریف هەرگیز پشوودانی نەبووە**

**سەرۆک بارزانی لە کارکردنی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، پاڵپشت بە حزبێکی شۆڕشگێڕیی نەتەوەیی دیموکراسیخواز، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە ئەم حزبەش لە دیدی خۆی و لە سێزدە کۆنگرەی مێژوویی هەوڵێکی بێ وچانی داوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، لە ئەنجامدا ئەو ئەزموونە سیاسییەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە**

**هەرێمی کوردستان بووە بە نموونەیەکی دیموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێ گومان ئەم هەرێمە بەرەو دوارۆژێکی باش دەڕوات لە دیدی خوێندنەوەکانمان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، کە پاراستن و بەرگری کردن لەم ئەزموونە بەرپرسیارێتیی هەمووانە**




### مسرور بارزانی لە بەریتانیاوە بە جیهانی ڕاگەیاند

# گەلانی عێراق شایستەی مافی چارەنووس و سیستمی کۆنفیدڕاڵین

سەردانی ئەمجارەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ شانشینی بەریتانیای مەزن، وەك وەرچەرخانێکی گرنگ لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و شانشینی بەریتانیا لە قەڵەم دەدرێت و، ئەوەی جێگەی بایەخە لەم سەردانەدا تەنیا کۆبوونەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بۆریس جۆنسۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە «تێن داون ستریت» نییە، بەڵکو سەرتاسەری ئەو سەردانە چەند ڕۆژییە سەردانێکی جێگەی بایەخن و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لەگەڵ بەشێکی زۆری وەزارەتەکانی حکومەتی بەریتانیا کۆبوونەوە کە بریتی بوون لە:

١. ئامانـدا مێگل وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢. کواسی کارینگ وەزیری کاروباری وزەی حکومەتی بەریتانیا.

٣. نەدیم زەهاوی وەزیری پەروەردەی حکومەتی بەریتانیا.

٤. لیز ترەس وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەریتانیا.

٥. جێرەمی کوین وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگریی حکومەتی بەریتانیا.

٦. پریتی پاتێل وەزیری ناوخۆی حکومەتی بەریتانیا.

هەر لە میانەی ئەم سەردانە گرنگەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شوێنی حەوانەی لە لەندەن پێشوازی کرد لە:

- جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ساڵانی (١٩٩٠ – ١٩٩٧) و لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١. جۆن مێجەر ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ پشتگیریی خەڵکی کوردستان و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دامەزراندنی نەوای ئارام لە کوردستاندا.
- تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٧) کە یەکێك بوو لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ .

سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەر تەنیا لەسەر ئاستی حکوومی و سیاسیی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا جێگەی بایەخ و گرنگپێدان نەبوو، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوەندە فیکری و ستراتیژییەکانیش جێگەی بایەخ بوو و، ڕۆشنبیران و دەستەبژێری فیکری و سیاسیی بەریتانیا مەبەستیان بوو لە نزیکەوە گوێیان لە فیکر و بۆچوونەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ ئەمەش پەیمانگای بەناوبانگی شاهانە «چاتام هاوس» پەنێڵێکی گرنگی لەسەر ئایندەی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا بۆ ڕێکخست، لەو پەنێڵەدا جیا لەوەی مسرور بارزانی یەکەمین بیرۆکەی «گۆڕینی سیستمی فیدراڵیی عێراق بۆ کۆنفیدراڵی» خستەڕوو، لە هەمانکاتدا وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانیشی دایەوە.

- **لە ناو سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ دروست نابێت**

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە گەورەترین «شەڕە» لەسەر خاکی ئەورووپا ڕوودەدات و، سەرنج و بایەخی تەواوی جیهانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و، تەنانەت کێشە و تەحەددییە گەورەکانی وەك «گۆڕینی کەشوهەوا و مەترسییەکانی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و تیرۆر و بڵاوبوونەوەی چەکی نیوکلیاری»یشی لە سەردێڕی هەواڵە گەرمەکان هێناوەتە خوارەوە و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا جێگەیانی گرتووەتەوە و، لەناو گەرمەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییەی کە ئێستا لە ئەورووپا بوونی هەیە، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا کە لە ئامۆژگای شاهانەی «چاتام هاوس» پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەوە کرد: «لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ناوەڕاستی ئەورووپادا، نیشانەی دووبارە پۆلێنکردنەوەیەکی جیهانی دەستی پێ کردووە، بەڵام کێشە و تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە نییە کە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان ڕوو دەدەن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**لە ناو سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ دروست نابێت**

**جەختکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی نیشتمانیی هاوچەرخ و خاوەن ئابوورییەکی بەهێز، بێجگە لە وەهم و خەیاڵێکی سیاسی شتێکی دی نییە**

پێویستی بە بایەخدانی گرنگ هەیە و نابێت ئەم بایەخدانەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت».

سەرۆکی حکومەت کە ئەم خاڵە گرنگەی کردە دەستپێکی وتارەکەی، مەبەستی ئەوە بوو، لەو پلاتفۆرمەوە بە جیهان ڕابگەیەنێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر تەنیا خۆی وەك ناوچەیەك سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیرییە، بەڵکو بزوێنەرێکی مەزندەنەکراویشە وەك پشکۆیەکی ئاگر بۆ هەڵایسانی ڕووداوەکان لە شوێنەکانی دیکەی ئەم جیهانە و ئەو ڕووداو و پرسانەی کە دەرهاویشتەکانی شەڕی ئێستای ئۆکرانیا بێت، بووەتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وزەی جیهان، یان پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانی گەرمبوونی کەشوهەوا، یان تیرۆر و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەوە هەیە کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکییش بۆ چارەسەرنەبوونی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ پرسێکی سەرەکی هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای پەیماننامەی سایکس پیکۆ و دوای شەڕی دووەمی جیهان، لەسەر ئەم هاوکێشەیەش سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:

١. ئەو سنوورانەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە کێشراون، سنوورێکی زاڵمانەیە و ئیرادەی گەلەکانیان لە بەر چاو نەگیراوە.

٢. ئەو سنوورانە ڕێگرن لە بەردەم پرۆسەی پەرەپێدان لەو وڵاتانەدا.

٣. نەبوونی پەرەپێدان بووەتە هۆی سەرهەڵدانی «هەژاری، نادادپەروەری و گەندەڵی»، هەر یەك لەم دەرهاویشتە خراپانەش لە ناو ئەم دەوڵەتانەدا ڕەگی داکوتاوە، هەر ئەمانەش بوونەتە پەتایەك بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری و سەرهەڵدانی تیرۆریستان.

٤. بیرکردنەوە لەوەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببنە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو و خاوەن ئابوورییەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو کە بتوانن بە ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیان بژین و لە چوارچێوەی سنوورەکانیان ئەو توانایەیان هەبێت، بەرگری لە سنوورەکانی خۆیان بکەن، ئەمە کارێکی دەگمەنە و زۆر قورسە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەفهوومی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ پێناسە بکرێن.

٥. نابێت هیچ لەوە بسڵەمینەوە کە بڵێین «عێراق»یش یەکێکە لەو دەوڵەتانە و، هەر لە مەغولەوە تا دەگاتە پادشایەتی و کۆماری و ئێستا کە حکومەتی هەڵبژێردراوە، قورسە بۆ حوکمڕانی و ماوەی شەش مانگ زیاترە لە عێراقدا هەڵبژاردن ئەنجام دراوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەیتوانیوە سەرۆك و سەرۆك وەزیران بۆ وڵاتەکەی دەستنیشان بکات.

ئەگەر سەرنج لەو خاڵە گەوهەرییانە بدەین کە سەرۆکی حکومەت بۆ شێوازی دەستنیشانکردنی ڕەگی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دیاری کردوون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە جەختکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی نیشتمانیی هاوچەرخ و خاوەن ئابوورییەکی بەهێز، بێجگە لە وەهم و خەیاڵێکی سیاسی شتێکی دی نییە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر لە بناغەوە کێشەکە ئەوەیە ئەو دەوڵەتانە بە سەقەتی دروست کراون و وەك ئیداورد دیمینگ خاوەنی کتێبی «دەرچوون لە تەنگژە» جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە چوارچێوەی «سووربوون لەسەر بیرکردنەوەی کۆن و هەڵە»، هیچ کێشەیەك دەروازەی چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە و بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلانی عێراق، مسرور بارزانی پێشنیاری خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێت: «کاتی ئەوە هاتووە، دیالۆگێکی تەواو ڕاشکاوانە لەسەر ئایندەی عێراق بکەین».

### ● دابەشکردنی دەسەڵات بە ئاسانی لە عێراقدا نایەتەدی

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و پاشانیش نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون کە بە ڕێگەی سیستەمی «دابەشکردنی دەسەڵات» عێراقی نوێ بونیاد بنرێتەوە، بەڵام ئەم تەجرەبەیە کەوا نزیکەی دوو دەیەی بە سەردا تێدەپەڕێت، هەست دەکرێت کە نەك هەر جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو عێراقی

**ئەو سنوورانەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە کێشراون، سنوورێکی زاڵمانەیە و ئیرادەی گەلەکانیان لە بەر چاو نەگیراوە**

**سەرۆکی حکومەت کە ئەم خاڵە گرنگەی کردە دەستپێکی وتارەکەی، مەبەستی ئەوە بوو، لەو پلاتفۆرمەوە بە جیهان ڕابگەیەنێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر تەنیا خۆی وەک ناوچەیەک سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیرییە، بەڵکو بزوێنەرێکی مەزندەنەکراویشە وەک پشکۆیەکی ئاگر بۆ هەڵایسانی ڕووداوەکان لە شوێنەکانی دیکەی ئەم جیهانە**

کردووە بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو و، پرۆسە سیاسییەکەشی لە قۆناغی چەقبەستندایە، ئەوجا بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەری کێشەکانی بدۆزرێتەوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: «نامانەوێت ڕاستییەکان بشارینەوە، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بە ئاسانی نایەتەدی. ڕێککەوتن لەسەر هەر پرسێك بکرێت، ڕووبەڕووی تەحەددیی تێڕوانینی تەسکبینانە دەبێتەوە، ئەمەش لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت یەك ناگرێتەوە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە زۆر حاڵەتدا هۆکارێك نابین بمانگەیەنێتە قەناعەت کە بەغدا باشترین بەرژەوەندیی ئێمەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دەکەین، دەبێت زۆر بە وردی چاودێری بکەین، لە بەر ئەوەی دڵنیا نین کە بە ڕێککەوتنەکە پابەند دەبن، تەنانەت بۆ ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر جار نییەت و ئیرادەی باش نابینین، بۆ ئەوەی ئەو شایستەییانەمان پێ بگات، هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە هەتا ئێستا نەمانبینیوە تەنیا یەك مانگ لە کاتی خۆیدا و بە تەواوەتی پشکی خۆمان بۆ بنێرن، بەپێچەوانە چەندین مانگ تێپەڕیوە، بە ڕەهایی هیچ شایستەییەکی داراییان بۆ نەناردووین، ئەمساڵیش لە مانگی شوبات، ئەوەی لە بەغدا پێی دەڵێن «دادگای فیدراڵی»، بڕیارێکی لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد و دەیەوێت لەو مافەی خۆمان بێبەشمان بکات کە دەمانەوێت پەرە بە پیشەسازیی وزە «نەوت و گاز»ی خۆمان بدەین، سەرچاوەی ئەم بڕیارەش کە «تەواو بڕیارێکی سیاسییە»، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. سەبارەت بەو هەڵویستەی ئێمە وەرمانگرتووە بۆ پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، زۆر باشیش لەو فاکتەرە ئیقلیمییانە تێدەگەین کە لە عێراقدا ڕۆڵ دەگێڕن، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی بڵێین: پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە عێراقدا سەربەخۆ نییە.

ئەم واقیعە تاڵەی ئێستای عێراق کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کرد، بەو جۆرە باسی کرد: «ئێمە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە ئومێدی ئەوە بووین ئایندەیەکی باشتر ببینین، بەڵام بارودۆخەکە ئەمەیە کە ئێستا دەیبینین و نابێت چیدیکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت و، دەبێت بەشی ئەوەندە بوێریمان هەبێت، ددان بەو ڕاستییەدا بنێین و بە دوای چارەسەرێکی تازەدا بگەڕێین».

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و سەرنجە لەسەر پەیامەکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، ئەوەیە کاتێك سەرنج لە تایبەتمەندی و ئەو خاڵە بەهێزانە دەدەین و دەبینین، لە عێراقدا کۆمەڵێك فاکتەری زۆر بەهێز هەن، بۆ ئەوەی گەلانی عێراق بە ئاشتی پێکەوە بژین و ئاستی گوزەرانیشیان بەرز بێت، بەڵام ئەوەی دەبینین، ئەءەیە کە ئەم هەموو فاکتەرە بەهێزانە یەك خراون و، ئەمەش وای کردووە ئەوەی لەسەر کاغەز و لە ناو دەستورەکەدا نووسراوە، دەرکەوتووە لە پراکتیکدا شکستی هێناوە. عێراق خاوەنی یەدەگێکی هێجگار زۆری نەوتە، کەچی دەبینین هاووڵاتیانی لە سادەترین خزمەتگوزاریی سەرەکی بێبەشن، ئەم واقیعە تاڵە پێویستی بە بیرکردنەوەی تازە هەیە، ئەو بیرکردنەوە تازەیەش دەبێت بێتە سەر سەکۆی دیالۆگی نێوان گەلانی عێراق و تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ عێراق دروست بکرێت. سەرۆکی حکومەت لەم خاڵەوە بانگەشە بۆ پێکهاتەکانی عێراق دەکات و داوایان لێ دەکات: «ئێستا کاتی ئەوەیە وتووێژێکی ڕاشکاوانە بکەین سەبارەت بەوەی لە ئایندە دەبێ چی بکەین. ئەگەر بمانەوێت وەك هاوبەش پێکەوە بژین، پێویستمان بەوەیە کاریگەریی زۆرمان لەسەر کاروبارەکانی خۆمان هەبێت، جەختیش لەسەر چارەنووسی خۆمان بکەینەوە. ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوێت هاوبەشێکی نیشتمانیی بەهێز بین، تێدەکۆشین لە پێناوی بەدیهێنانی مافی گەلەکەمان، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیوانین بۆ ئەوەی هەموو گەلانی عێراق ژیانیان باشتر بێت لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا».

ئەو واقیعەی ئێستا کە پرۆسەی سیاسیی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، ژینگەیەکی وای دروست کردووە، کە نەتوانرێت متمانە لە نێوان پێکهاتەکان دروست بێت، ئەو دامەزراوانەشی

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: «نامانەوێت ڕاستییەکان بشارینەوە، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بە ئاسانی نایەتەدی. ڕێککەوتن لەسەر هەر پرسێک بکرێت، ڕووبەڕووی تەحەددیی تێڕوانینی تەسکبینانە دەبێتەوە، ئەمەش لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت یەک ناگرێتەوە**

**لە عێراقدا کۆمەڵێک فاکتەری زۆر بەهێز هەن، بۆ ئەوەی گەلانی عێراق بە ئاشتی پێکەوە بژین و ئاستی گوزەرانیشیان بەرز بێت، بەڵام ئەوەی دەبینین، ئەءەیە کە ئەم هەموو فاکتەرە بەهێزانە یەک خراون و، ئەمەش وای کردووە ئەوەی لەسەر کاغەز و لە ناو دەستورەکەدا نووسراوە، دەرکەوتووە لە پراکتیکدا شکستی هێناوە**



لەسەر بنەمای ئەم پرۆسە سیاسییە هاتوونەتە بوون، بوونەتە ڕێگر لە پێشکەوتن و وەبەرهێنان و، چەمکی ڕاستەقینەی هاووڵاتیبوونی بێمانا کردووە، ئەم حاڵەتەش گەیشتووەتە ئاستێك کە دەبێت لە شوێنێکدا ڕابگیرێت و، بیر لە دەروازەیەکی دیکە بکرێتەوە.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە پێشنیارێك بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیە پێشکەش دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە: «لە کام خاڵەوە دەبێت بە دوای چارەسەردا بگەڕێین، بێگومان خاڵی سەرەتا دەبێت گەڕان بێت بۆ مۆدێلێکی جیاوازی حوکمڕانی لە عێراقدا و، دەبێت هەیکەلی ئەم مۆدێلە جیاواز بێت، دەبێت هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن، چۆن عێراق لە دەوڵەتی سەرکوتکاری و تیرۆرەوە دەبێتە نیشتمانێك بۆ هەمووان لە ژێر یەك ئاڵادا. دەمەوێت هەمووان لەم هۆڵە، لەوە ئاگادار بکەمەوە کاتێك بانگەشە بۆ ئەم مۆدێلە تازەیە دەکەم، مانای ئەوە نییە هەموو دەسەڵاتەکان لە بەغدا دابماڵدرێن، یان سنووری نیشتمانی فەرامۆش بکرێن، بەڵکو دیسەنتراڵیزمێکی متمانەدار بۆ دروستکردنی بڕیار شایەنی ئەوەیە هەموومان بیری جددی لێ بکەینەوە، بوار ڕەخساندن بۆ بڕیاردانی چارەنووس بەو ڕێگەی من مەزندەی دەکەم، دەبێتە ڕێگەیەکی ڕاستەقینە بۆ بونیادنانی دەوڵەت، دەبێت ئەوەندە بوێریمان هەبێت کە بڵێین کام شێوازی بونیادنانی دەوڵەت دەبێت بگرینەبەر بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ گەلانی عێراق، بۆ ئەوەی عێراق بکاتە کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو لە ژێر یەك ئاڵادا. نموونەی سەرکەتووی کۆنفیدڕاڵی لە زۆر شوێنی دیکەی ئەم جیهانە هەیە و کۆمەڵگەکەشیان زۆر باش گەشەی کردووە، هەروەها توانیویانە پێداویستیی سەرەکیی خۆیان دابین بکەن و، هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیش لە ژێر یەك ئاڵادا شانازییان بەو یەکێتییەوە کردووە کە پێکەوە دروستیان کردووە.

سەبارەت بەوەی ئایا ئەم مۆدێلە تازەیەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ حوکمڕانی ئایندەی عێراق باسی دەکات، ئایا

**ئەو واقیعەی ئێستا کە پرۆسەی سیاسیی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، ژینگەیەکی وای دروست کردووە، کە نەتوانرێت متمانە لە نێوان پێکهاتەکان دروست بێت، ئەو دامەزراوانەشی لەسەر بنەمای ئەم پرۆسە سیاسییە هاتوونەتە بوون، بوونەتە ڕێگر لە پێشکەوتن و وەبەرهێنان و، چەمکی ڕاستەقینەی هاووڵاتیبوونی بێمانا کردووە**



لە ناو کام چوارچێوە و دەستوور دەبێت جێی بکرێتەوە، یان ئایا دەستووری ئێستای عێراق ئەو بوارە دەدات بیر لەم مۆدێلە تازەیە بکرێتەوە؟ سەرۆکی حکومەت لە وتارەکەیدا وەڵامی ئەم پرسیارەی فەرامۆش نەکردووە و بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «دەستووری ئێستا وەسفی عێراق دەکات وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵام لە واقیعدا ژمارەیەك لە بڕگەکانی کۆنفیدڕاڵین، ئەو بڕگانە ڕێگەمان پێ دەدات، بۆ ئەوەی بیکەینە پراکتیك، نەك تەنگژە و، کیانێك بیەویت ئەوی دیکە ناچار بکات. بۆیە با ببینە هاوبەشی یەکسان و لە ناو دامەزراوە هاوبەشەکانمانەوە چارەسەری ئەو پرسانە بکەین، کە گرنگیی هاوبەشی بۆ هەموومان هەیە، هەر لە «بازرگانی، ژینگە، ئاسایش»، پێکەوە با هەنگاو بەرەو ئەو مۆدێلە هەڵبگرین، کە بواری ئەوە نەدات دۆستەکانمان لە ڕۆژئاوا ناچار بن پشتگیریی لایەك بکەن. دووبارەی دەکەمەوە ئەو مۆدێلەی بانگەشەی بۆ دەکەم، هیچ هەڕەشەیەك بۆ سنووری نیشتمانی دروست ناکات، بەڵکو دادانپدانانێکی دەرەنگوەختە سەبارەت بەوەی پێشتر ڕووی داوە و باشترین ڕێگەیە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە نەخوازراوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە چیدی ڕاستییەکان نەشارینەوە و، پێویستمان بەوەیە بوێرانە ڕووبەڕووی کەموکورتییەکانی خۆمان ببینەوە».

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجام دا بۆ ئەوەی گەلی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێت و، ئەمەش مێژوویەکی نیشتمانی و جێگەی شانازیی هەر کوردستانییەکە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە «لە دەرەوەی ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە» و لەسەر ئاستی تەواوی دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەدارانی عێراق، داوای مافی چارەنووس و پێدانی دەسەڵات بە هەموو پێکهاتەکانی عێراق «کورد و سوننە و شیعە» بکرێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە نەهامەتییەکانی عێراق بێت و، لە ناو چوارچێوەی یەك سنوور و لە ژێر سایەی یەك ئاڵادا گەلانی عێراق لە چوارچێوەی سیستمێکی کۆنفیدڕاڵی پێکەوە بژین.

**دەستووری ئێستا وەسفی عێراق دەکات وەک دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵام لە واقیعدا ژمارەیەک لە بڕگەکانی کۆنفیدڕاڵین، ئەو بڕگانە ڕێگەمان پێ دەدات، بۆ ئەوەی بیکەینە پراکتیک، نەک تەنگژە و، کیانێک بیەویت ئەوی دیکە ناچار بکات**




## پەیامەکەی مسرور بارزانی لە چاتام هاوس

# جیهانی بەرپرسیار کرد بەرامبەر عێراق



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی نیسانی ٢٠٢٢ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی گفتۆگۆی «چاتام هاوس» لە ئینستیۆتی شاهانەی بەریتانیا، پەیامێکی لە بارەی بارودۆخی عێراق ئاراستەی جیهان کرد، کە تیایدا دەستخستنەسەر هەموو برینەکان و دیاریکردنی کێشەکان و دەستتێوەردانەکان و بەربەستەکان، هەموو ئەگەرە مەترسیدارەکانی خستەڕوو، کە ئەگەر بارودۆخی عێراق بەم شێوە بمێنێتەوە. هەر لە نەمانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و کەوتنە ژێر کاریگەریی پارت و سەرکردە عێراقییەکان بۆ هێزی دەرەکی و گرفتی پێکنەهاتنی حکومەت و سەرنەگرتن و سەرنەکەوتنی دانوستانەکان و ڕێککەوتنەکان و مەترسی لێیان ئەگەر چاودێری نەکرێن، لەو لاشەوە سەربەخۆنەبوونی دادگای فیدراڵی ڕاشکاوانە خستنەڕووی هەبوونی دەست لەپشتی دەرکردنی بڕیارەکان و نەمانی نییەتپاکی لە پەیوەندیەکانی نێوان لایەنە عێراقییەکان و متمانە بە یەك نەمان لەگەڵ یەکتر، لە هەمان کاتیشدا نەمانی ئەو نییەتپاکییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە هەدەردانی سامانی نیشتمان و نەمانی سەرەوەری و سەربەخۆیی سیاسی بۆ عێراقییەکان و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش و...هتد. لەگەڵ ئەمەشدا پەیامەکەی هەڵگری ناسنامەی پەیامێکی نیشتمانی و خەمێکی نیشتمانی و ئاماژەکردن بۆ بارودۆخی خراپی هاووڵاتیان و نەمانی یەکسانی و نوقمبوونی وڵات لە گەندەڵی و نادادی. ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ئێستا لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و، لەو هێرشانەی کە لەم چەند ڕۆژە و بەردەوام لە ڕابردوودا کراونەتە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەم ئاماژانە بە ڕاشکاوی لە پەیامەکانیدا خستنیەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ میکانیزم و چارەسەر و هۆکاری هەریەکە لەم کێشانە درا. ئەوەی بە گوێی جیهاندا دا، ئەگەر هاوکار نەبن بۆ ئەوەی عێراق لەم نوقمبوونە دەرباز بکەن، نەك بەربەست دەبێت لە بەردەم هەموو گەشەسەندنەکان، بەڵکو بە مەترسی باسی کرد بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسیی ئاسایشی ناوچەکە. بابەتێکی تر کە زۆر جەختی لێ کردەوە، مەسەلەی قەیرانی متمانە و نەمانی متمانە بە یەکی لایەن و پێکهاتە عێراقییەکانە بە یەکتر، کە هۆکاری سەرەکیی ڕێکنەکەوتن و لێکتێگەیشتنەکانیانە. ئەم پەیامە بانگی هەموو لایەنە عێراقییەکان و جیهانیشی کرد، کە ئەوەی دەتوانێت هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی لەم بنبەستە سیاسی و بۆشاییە سیاسی و ئیدارییەی وڵاتێکی پڕ مەترسی بۆ سەر جیهان و ناوچەکە با هاوکار بێت. جۆرە ئاماژەیەك بوو بۆ لە لێواربوونی هەڵدێرانی عێراق لەم ساتەوەختەدا، لەگەڵ دەرخستنی ئامادەیی و نییەتی پاکی خۆی و کوردستان بۆ بەهاناهاتنی ئەم گرفت و قەیرانانەی بەرۆکی وڵاتی گرتووە. بۆیە دەتوانین بە پەیامێکی نیشتمانی و خەمێکی نیشتمانی و داوا بۆ هاوکاری و بەهاناواهاتنی جیهان بۆ عێراق وەسفی بکەین، بۆ وەستاندنی ئەم نەهامەتییانە و گەڕانەوەی سەربەخۆیی سیاسی بۆ عێراقییەکان و ئومێد بۆ هاووڵاتیانی عێراق و بۆ تەواوی پێکهاتەکانی. دەتوانین بڵێین: بە کورتی و پوختی لە یەك کاتدا بە جیهانی وت ئەوە عێراقە، چارەسەری بکەین هەموومان لە مەترسی دوور دەکەوینەوە، ئاوا بمێنێتەوە و بەجێی بهێڵین بەم شێوەیە، ئەوە ئەو ئایندەیە چاوەڕوانمان دەکات کە هەموومان لێی دەترسین و هەمووشمان لێی بەرپرسیارین.



**مەسعود حەیدەر**

**ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان:**

# کاراکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کاریگەریی توندی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەت هەیە

# ئەگەری زۆرە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە حکومەت بەردەوام بێت

**سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و چەند شارێکی دیکەی عێراق و ئایندەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە ژێر گوشار و کاریگەریی دەستتێوەردانی ئیقلیمی و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی ئەم چەقبەستوویییە و بێبەشکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەو ٤٠ تریلیۆن دینارەی کە بۆ پاڵپشتیی ئاسایشی خۆراکی لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق تەرخان کرابوو؛ تەوەرەی سەرەکیی گفتوگۆکانی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ مەسعود حەیدەر ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و چەند شارێکی دیکەی عێراق وەك گوشار بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە هەڵوێستی « ئیتار و تەیار» نەکردووە و، هەردوولا پابەندن بە حکومەتی «زۆرینە و تەوافقی». خوێندنەوەتان بۆ ئەم خۆپیشاندانە تازانەی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق چییە؟**

- لە خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠٢٠ـەوە بارودۆخی سیاسیی عێراق ناسەقامگیرە و قوربانییەکی زۆری لێ کەوتووەتەوە. هەموو ئەو هۆکارانەی بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە کە تا ئێستاش بێ چارەسەر ماوەتەوە و بگرە دۆخەکە زۆر خراپتریش بووە و بەرەو خراپتریش دەڕوات. ئەوەتا تادێت ناڕەزایەتییەکان فراوانتر دەبن و خزمەتگوزارییەکان و بارودۆخی بژێوی ژیانی خەڵکی عێراق خراپتر دەبێت، هەموو ئەم هۆکارانە بوو کە وای کرد ڕێژەی بەشداربووانی خەڵکی لە هەڵبژاردنی مانگی ١٠ی ٢٠٢١ زۆر کەم بێت و خەڵکێکی زۆر نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، هاوکات ئەو حزبانەی کە نەیانتوانیوە دەنگی پێویست بەدەست بهێنن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان پێ قبووڵ نییە و ئەوەتا ڕازی نین بەوەی حکومەتی زۆرینە دروست بکرێت و ئۆپۆزسیۆن بن. هەرکەسەو دەیەوێت پێگەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابووریی خۆی بپارێزێت و پێگەی خۆیان لەناو دەوڵەتدا بە پارێزگاری بمێنێتەوە، فشار و پاڵەپەستۆ و دەستتێوەردانە سیاسییە ئیقلیمییەکانیش ئەوەندەی دی ڕێگرە لەوەی حکومەت لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئەوان دروست بێت، ئەمەش دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر و خراپتر دەبات و، ڕەنگە دارمانی سیاسی لە عێراق دروست بکات، چونکە بارودۆخی هاووڵاتیانی عێراق لە باشوور و ناوەڕاستی

**تادێت ناڕەزایەتییەکان فراوانتر دەبن و خزمەتگوزارییەکان و بارودۆخی بژێوی ژیانی خەڵکی عێراق خراپتر دەبێت**

**ئەو حزبانەی کە نەیانتوانیوە دەنگی پێویست بەدەست بهێنن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان پێ قبووڵ نییە و ئەوەتا ڕازی نین بەوەی حکومەتی زۆرینە دروست بکرێت و ئۆپۆزسیۆن بن**

**ئێران ڕۆڵێکی فراوان و گەورەی هەیە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و وا بە ئاسانی ڕێگا نادات پرۆسە سیاسییەکەی عێراق بەدڵی ئەو نەبێت**

**فشار و پاڵەپەستۆ و دەستتێوەدرانە سیاسییە ئیقلیمییەکانیش ئەوەندەی دی ڕێگرە لەوەی حکومەت لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئەوان دروست بێت، ئەمەش دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر و خراپتر دەبات و، ڕەنگە دارمانی سیاسی لە عێراق دروست بکات**

**کورد و شیعە لە دوای ۲۰۰۳ نایانەوێت جارێکی دیکە ئەزموونی حزبی بەعس و حکومەتی ڕەها و تاکەکەسی دروست بکرێتەوە، لە دەستووریشدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بەمە نەدراوە**

عێراق لە واقیعێکی تاڵ و ناخۆشدان و تادێت دەنگی نارەزایەتییان زیاتر دەبێت.

*** لە دوای ٦ی نیسان تەوقیتاتی دەستووری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و ڕاسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ پكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق كۆتایی هات و، فایەق زیدان سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق وتارێكی سەبارەت بە چەمكی « حكومەتی تەواری» بڵاو كردەوە، ئایا ئەمانە ئاماژە نین بۆ ئەوەی عێراق كەوتووەتە ناو بۆشایی دەستووری و دەبێت بیر لە چارەسەرێكی دیكە بكرێتەوە، لە ناویاندا «حكومەتی تەواری»؟**

- هەرچەندە من لەگەڵ ڕاوبۆچوونی فایەق زیدان سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراقدا نیم و ڕاوبۆچوونم جیاوازە، بەوەی موشەریعی دەستووری و هەموو ئەوانەی دەستووری عێراقیان نووسیوەتەوە بەتایبەتی كورد و شیعە بە هەموو شێوەیەك ڕێگرییان كردووە لە دروستكردنی «حكومەتی تەواری» كە حكومەتێكی عەسكەرتاریەت دەبێت و، هەموو دەسەڵاتێكی ڕەهای دەبێت و پەرلەمان ڕۆڵی نامێنێت، بۆیە كورد و شیعە لە دوای ۲۰۰۳ نایانەوێت جارێكی دیكە ئەزموونی حزبی بەعس و حكومەتی ڕەها و تاكەكەسی دروست بكرێتەوە، لە دەستووریشدا بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بەمە نەدراوە، ئەوەی هەیە حكومەتی بەڕێوەبردنی كاروباری ڕۆژانەیە، تەنانەت حكومەتی كاربەڕێكەریش لە دەستووری عێراقدا بوونی نییە.

*** وەك سەرنج دەدرێت لایەنەكانی تەیاری هەماهەنگیی شیعە سەركەوتوو نەبوون بۆ دروستكردنی هاوپەیمانییەكی بەدیل بۆ هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (سەدر و پارتی و سیادە)و تا ئێستا وەك ئەوەی بڕیار بوو، نەیانتوانیوە لە دەرەوەی «سێ یەكی پەكخراو» هاوپەیمانەكەیان فراوان بكەن و بەرەو كوتلەی گەورە هەنگاو هەڵبگرن. ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە كە پرۆسەی سیاسیی عێراق لە دۆخی ڕاهێنی خۆی دەمێنێتەوە؟**

- تەیاری هەماهەنگیی شیعە توانییان ڕێگر بن بەوەی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتاران ئامادە نەبن، ئەوەی پێی دەوترێت «سێ یەكی پەكخراو»، ئیتر لەژێر فشار و بە هەر ئامرازێك بێت، ئەوان سێ یەكی پەكخراویان زامن كردووە و پرۆسەی سیاسییان لە عێراقدا پەك خستووە. ئەوەی دەمێنێتەوە سەر حزبەكان بۆ نموونە بەرەی ئینقازی وەتەن كە پارتی و سەدر و سوننەكانن، (تەنیا باسی ئەو بەرەیە ناكەم، باسی بەرەی دیكە و لایەنە سیاسییەكانی دیكەش دەكەم)، بەوەی ئایا بەردەوامبوونی بارودۆخی عێراق بەم شێوازە لە بەرژەوەندیی كێیە و كێ زۆر زیانمەند دەبێت؟ لە هەموو حاڵەتێكدا پێویستە چارەسەرێكی بۆ بدۆزرێتەوە. ئاشكرایە هەموو هاوكێشەكان تەنیا پەیوەست نییە بە نێوخۆی عێراقەوە، بەڵكو بەشێكی زۆری بە هاوكێشەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی بەستراوەتەوە بەو ململانێ سیاسییانەی كە وڵاتان بۆ باڵادەستیی نفووز و پێگەی خۆیان لە عێراقدا دەیكەن و، هەر كاتێك لێكتێگەیشتنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەبوو، ئەو كات لێكتێگەیشتنیش لە نێوان حزبەكاندا لە نێوخۆی عێراقدا ئاسانتر دەبێت.

*** چەند لایەنێكی سیاسی دەستپێشخەریان پێشكەش كردووە بۆ ئەوەی بتوانن دەرچەیەك بۆ ئەم چەقبەستوورییەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بكەنەوە، هەموو لایەكیش چاوەڕێی دەستپێشخەرییەكی تازەی سەرۆك بارزانی دەكەن. ئایا لەم قۆناخە چەقبەستووەدا مەزندە دەكرێت سەرۆك بارزانی دەستپێشخەریەكی هەبێت و هەموو لایەنە عێراقییەكان پێكەوە كۆبكاتەوە؟**

- دەستپێشخەریی كاتێك دەكرێت كە دەرئەنجامەكەی دیار بێت و، پێش ئەوەی هەر دەستپێشخەرییەك بكرێت لەلایەن سەرۆك بارزانی، یان هەر كەسایەتی و سەركردەی بەناوبانگی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە، دەبێت زەمینەیەك لەبار بێت و ئەنجامی دەستپێشخەرییەكە دیار بێت و، هەر هیچ نەبێت وڵاتانی ئیقلیمی ڕاوبۆچوونیان هەبێت، نەك وەكو ئێستا وڵاتانی ئیقلیمی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆیان لە ناو كاروباری عێراق و لە بارودۆخی سیاسی و پێكهێنانی حكومەتی عێراقدا هەیە. هەمووان بە ئاراستەی بەرژەوەندی و بەهێزكردنی نفووزی خۆیان بۆچوون و هەڵسوكەوت دەكەن، بۆیە



هەر دەستپێشخەرییەکیش هەبێت و ئەو وڵاتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانە پێشوازی لێ نەکەن، ئەوا بە تەئکید سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت. لە هەموو حاڵەتێکدا بەردەوامبوونی بارودوخەکە بەم شێوازەی ئێستا هەموو پێکهاتەکانی عێراق تێیدا زیانمەند دەبن. ئێمەش وەکو کورد پێویستیمان بەوە هەیە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بە زووترین کات ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگیردرێت و حکومەتی عێراق وەکو ئەوەی لە دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە، سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکرێت و بە زووترین کات حکومەت پێك بهێندرێت، لە بەر ئەوەی بارودۆخی عێراق بە هۆی هەڵکشانی بەهای نەوتەوە زۆر باشە و بووەتە خاوەنی داهاتێکی بەرز و دەکرێت لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراق بەکار بهێنرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو چارەسەری هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق لەسەر بنەمای دەستوور دەچێت، ئێمەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و کۆتاییهاتن بە هەموو کێشە و ئاستەنگەکانی نێوانمان کار دەکەین و، ئەمەش تەنیا بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق جێبەجێ دەکرێت، بۆیە جەخت لەسەر زوو پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەکەینەوە.

*** شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوە لەسەر پرسی نەوت و گاز سەردانی وەزارەتی نەوتی عێراقی کرد، بە نیازن پێکەوە بە دیالۆگ ئەو ئیشکالیەتە چارەسەر بکەن کە بڕیاری دادگای فیدڕاڵی سەبارەت بە نەوت و گازی کوردستان دروستی کردووە و، هەست دەکرێت ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیە ئەرێنییە لە بەر ئەوەی بڕیارە کۆبوونەوەی دیکەش ئەنجام بدەن، ئایا بە دیالۆگ حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی دەگەنە ڕێککەوتن؟**

- هەموو کێشە و گرفتەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت لەسەر

**ئەوەی هەیە حکومەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیە، تەنانەت حکومەتی کاربەڕێکەریش لە دەستووری عێراقدا بوونی نییە**

بنەمای دەستوور و دیالۆگ چارەسەر بێت، بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت دەستوور بکرێتە بنەما بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك. ئەوەی لە دادگای باڵای عێراق ڕووی دا لەسەر نەوت و گازی کوردستان، پێچەوانەی ئەمە بوو، بڕیارێکی نادەستووری لەسەر دۆسیەیەکی گرنگ و هەستیار درا و هەموو شارەزایانی دەستوور و سیاسییەکانی عێراق بەدەر لە پێکهاتەی کوردیش جەختیان لەسەر نادەستووریبوونی ئەو بڕیارەی دادگای باڵای عێراق کردەوە و ئەو بڕیارە پێویستی بە هەموارکردنەوە و چاککردن هەیە. نەوتی کوردستان دۆسیەیەکی سیاسی و دەستوورییە و دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ناکرێت بە مەرکەزییەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەکو چۆن دیدگای کورد بە گشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە نووسینەوەی دەستوورەوە ڕوون و ئاشکرایە، بەوەی سەرکردەکانی کورد تەنانەت ئەوانەی ئێستا لە ژیانیشدا نەماون، تەئکیدیان لەسەر ئەو مافەی کورد کردووەتەوە، بەوەی دەستوور زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا ئاماژەی بە دەستوورییەتی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی و تەنانەت نەوت و گازیش، ناکرێت بە بڕیارێکی سیاسی و لە ژێر فشار و ئەجندەی دوور لە دەستووری بڕیارێکی لەم شێوەیە دەربچێت و جێبەجێ بکرێت، چونکە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەسەر دۆسیێی نەوت وەرەقەیەکی فشار بوو لەسەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی لە ناو چوارچێوەی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا بگۆڕێت.

*** ئەوەی لە بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشەیە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵی، دەبێتە دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالیەتی پرۆسەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و بەغدا، وەك پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق و خاوەن ئەزموونێك پێت وایە لە ئێستادا پەرلەمانی عێراق بتوانێت زەمینە بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی فەراهەم بکات؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەشنووسەی لە٢٠٠٧دا سەرۆك بارزانی و خوا لێی خۆش بێت مام جەلال لەگەڵ نووری مالیکی ڕێککەوتنیان لەسەر کردبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەزامەند بوو لەسەر ڕێککەوتنەکە، ئەوا دەکرێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو بابەتە چارەسەر بکرێت و کێشەکە کۆتایی پێ بهێنرێت، بەداخەوە بەشێکی ئەم کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە متمانە زۆر لاوازە و بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بەوەوە هەیە، عێراق بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بەغدا لەگەڵ دەستوور مامەڵە دەکات، لەکاتێکدا بە هیچ شێوەیەك لە دەستووردا ئیشکالیات نییە لەسەر نەوت و گازی کوردستان و ماددەی ١١١ و ١١٢ زۆر ڕوون و ئاشکرایە. هەموو ئەم کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست دەبێت و ناوبەناو ئاڵۆز دەکرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەشێك لە پێکهاتەی شیعە لە بونیاتنانی دەوڵەتی فیدراڵی پاشگەز بوونەتەوە و مەرام و پلان و کارەکانیان بەو ئاراستەیە دەڕوات، دەوڵەتێکی مەرکەزیی تاکڕەو دروست بکەن و، ئەزموونی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق دووبارە بکەنەوە، ئەمجارە بە دیوی حوکمڕانیی شیعەدا، نەوەکو حوکمڕانی سوننە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەلایەن کوردەوە قبووڵکراو نییە و، بەردەوام تەئکید دەکەینەوە، پێویستە دەستوور بنەمای مامەڵەکردن بێت و ڕێزی لێ بگیردرێت و هەموو ماددەکانی ناو دەستوور پێکەوە جێبەجێ بکرێن، نە وەکو ئێستا ماددەیەك بە سەقەتی و بەتێچوون و تێگەیشتنی ئەوان جێبەجێ بکرێت و، بیست ماددەی دیکە هەر جێبەجێ نەکرێت. تاوەکو بڕیارێکی سیاسی عێراقیی ڕوون و ئاشکرا نەدرێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە، ئەوا چارەسەری ئەم کێشانە زۆر زەحمەت و قورس دەبن، ئەمەش بەستراوەتەوە بە وڵاتانی ئیقلیمییەوە کە تاوەکو ئەو وڵاتانە کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسی بەغدایان قۆرخ کردبێت، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەناو چوارچێوەی عێراقدا ئاسان نابێت.

*** پەرلەمانی عێراق بڕی ٤٠ ترلیۆن دیناری**

**تەیاری هەماهەنگیی شیعە توانییان ڕێگر بن بەوەی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتاران ئامادە نەبن، ئەوەی پێی دەوترێت «سێ یەکی پەکخراو»، ئیتر لە ژێر فشار و بە هەر ئامرازێک بێت، ئەوان سێ یەکی پەکخراویان زامن کردووە و پرۆسەی سیاسییان لە عێراقدا پەک خستووە**

**هەر کاتێک لێکتێگەیشتنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەبوو، ئەو کات لێکتێگەیشتنیش لە نێوان حزبەکاندا لە نێوخۆی عێراقدا ئاسانتر دەبێت**

**هەر دەستپێشخەرییەک بکرێت لەلایەن سەرۆک بارزانی، یان هەر کەسایەتی و سەرکردەی بەناوبانگی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە، دەبێت زەمینەیەک لەبار بێت و ئەنجامی دەستپێشخەرییەکە دیار بێت و، هەر هیچ نەبێت وڵاتانی ئیقلیمی ڕاوبۆچوونیان هەبێت، نەک وەکو ئێستا وڵاتانی ئیقلیمی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆیان لە ناو کاروباری عێراق و لە بارودۆخی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا هەیە**

**بارودۆخی عێراق بە هۆی هەڵکشانی بەهای نەوتەوە زۆر باشە و بووەتە خاوەنی داهاتێکی بەرز و دەکرێت لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراق بەکار بهێنرێت**

**بۆ پشتگیریی هاووڵاتیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی گرانیی بازاڕ کار لە ژیانی ڕۆژانەیان نەکات، بەڵام لەو پارە زۆرە پشکی هەرێمی کوردستان دیاری نەکراوە. وا بڕیارە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆببێتەوە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بودجەی بۆ ئەمساڵ « ٢٠٢٢» نییە، ئایا ئەم یاسایە جێگەی یاسای بودجەی ٢٠٢٢ ناگرێتەوە؟ بۆچی لەم یاسا گرنگەدا پشکی هەرێمی کوردستان دیاری نەکراوە؟**

- پرسیارەکەتان چەند تەوەرەیەك لەخۆ دەگرێت. سەرەتا ئەم یاسایەی کە پێی دەوترێت «یاسای ئاسایشی خۆراکی»، بە هیچ شێوەیەك یاسای ئاسایشی خۆراکی نییە، بەڵکو بودجەیەکی نایاسابیە و لە دەسەڵاتی حکومەتی ئێستای عێراقدا نییە یاسای لەم جۆرە بنێرێت بۆ پەرلەمان، بە هیچ شێوەیەك هیچ پاساوێك نییە بۆ حکومەتی کاربەڕێوەبردنی ڕۆژانە یاسایەکی لەم بابەتە بنێرێت کە ٤٠ تریلیۆن دینار لەخۆ دەگرێت، لەم بڕە پارەیەش ١٠ تریلیۆن دیناری تەرخان کراوە بۆ پڕۆژەکان کە هیچ پەیوەندیی بە ئاسایشی خۆراکەوە نییە و لە سەرووی پێنج تریلیۆن دینار بۆ وەزارەتی نەوت تەرخان کراوە. بەم شێوەیە جگە لەوەی یاسای ئاسایشی خۆراکی نایاسابیە و سەرپێچی زۆریشی تێدا کراوە، بەتایبەتی لەسەر مافی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردراوە جارێ لە ٦٥٪ی ئەو ٤٠ تریلیۆن دینارە تەرخان کراوە بۆ ئەو پارێزگایانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و پشکی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی زۆر زۆر کەمە، پێویستە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر ئەم بابەتە هەڵوێستی ڕوونیان هەبێت و، دەبێت وەکو هاوپەیمانی سێ قۆڵییش وەرەقەیەکی هاوبەش هەبێت لەسەر زامنکردنی ماف و پشکی هەرێمی کوردستان، چونکە خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بەشێکن لە گەلانی عێراق و لە چوارچێوەی دەستووریشدا هەرێمێکین لەناو ئەم دەوڵەتەدا و ناکرێت بۆ پڕۆژەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا پارە تەرخان بکرێت و کەچی دینارێك بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان نەکرێت.

*** ئایا ئەم یاسا تازەیەی پەرلەمانی عێراق کە پشکی کوردستانی تێدا دیاری نەکراوە، کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە دەبێت کە مانگانە ٢٠٠ ملیار دینارەکە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرن؟**

- بەپێی ڕەشنووسەکەی حکومەت دەبێت کاریگەریی یاسای ئاسایشی خۆراکی لەسەر ناردنی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی عێراق نەبێت، کە مانگانە دەبێت بینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، دەبێت ١ لەسەر ١٢ ی بودجەی ساڵی ٢٠٢١ی عێراق هەر خەرج بکرێت وەکو لە یاسای ئیدارەی دارایی هاتووە. من خوێندنەوەم وایە ئامانج لەم یاسای ئاسایشی خۆراکە و تەرخانکردنی ٤٠ تریلیۆن دینار، خۆئامادەکردنی ئەگەری دانەمەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقە، بە هۆی ئەو ململانێ توندانەوە تاوەکو ئەم حکومەتەی ئێستا بەردەوام بێت و دەستکراوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت پارە خەرج بکات بۆ پڕۆژەکان لە ناوچەکانی پارێزگاکانی عێراق لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئەمەش ناهەقییەکە بەرامبەر خەڵکی هەرێمی کوردستان.

*** ئەگەر هەردوو لایەنی «سەدر و ئیتاری تەنسیقی شیعە» نەگەنە هیچ ڕێککەوتنێك، ئایا پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو چ ئاراستەیەك دەچێت؟**

- پرۆسەی سیاسیی عێراق پەك خراوە، هەرچەندە ئەگەری چەند سیناریۆ هەیە، لەوانە ئەم حکومەتە هەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەگەری دیکە هەیە، فێڵێکی دەستووری و واقیع حاڵێك دروست بکەن، جارێکی دیکە تەکلیف لە سەرۆك وەزیران بکرێت و کۆمەڵێك وەزیر دیاری بکرێت و کابینەیەکی دیکە بە هەر شێوەیەك بێت، دابمەزرێت. بە شێوەیەکی گشتی لەم عێراقەدا هەموو ئەگەر و سیناریۆیەك هەیە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئێران ڕۆڵێکی فراوان و گەورەی هەیە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و وا بە ئاسانی ڕێگا نادات پرۆسە سیاسییەکەی عێراق بەدڵی ئەو نەبێت.

**بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت دەستوور بکرێتە بنەما بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک. ئەوەی لە دادگای باڵای عێراق ڕووی دا لەسەر نەوت و گازی کوردستان، پێچەوانەی ئەمە بوو**

**هەموو شارەزایانی دەستوور و سیاسییەکانی عێراق بەدەر لە پێکهاتەی کوردیش جەختیان لەسەر نادەستووریبوونی ئەو بڕیارەی دادگای باڵای عێراق کردەوە**

**نەوتی کوردستان دۆسییەکی سیاسی و دەستوورییە و دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ناکرێت بە مەرکەزییەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**هەموو ئەم کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست دەبێت و ناوبەناو ئاڵۆز دەکرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەشێک لە پێکهاتەی شیعە لە بونیاتنانی دەوڵەتی فیدراڵی پاشگەز بوونەتەوە و مەرام و پلان و کارەکانیان بەو ئاراستەیە دەڕوات، دەوڵەتێکی مەرکەزیی تاکڕەو دروست بکەن**



**لەنجە دزەیی**

**پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هیچ هۆکار و پاساوێک نە دروستە و نە قابیلی قبووڵە بۆ ڕاگرتن و پەکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان

**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان كۆبوونەوەكانی پەرلەمانی ڕاگرتووە و ماوەی زیاتر لە مانگێكە پەرلەمان پەك خراوە، ئەمە لە كاتێكدا هاووڵاتیان چەندین كێشە و گرفتیان هەیە، بەتایبەتی دیارنەمانی پارەی بانكەكانی سلێمانی، سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی لەنجە دزەیی پەرلەمانتاری پارتی دیموكراتی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان كرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لەگەڵ بوونی كێشە و گرفتی زۆری هاووڵاتیان لە هەرێمی كوردستان و یاداشتی پەرلەمانتاران بۆ گرێدانی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان و قسەكردن لەسەر كێشەی خەڵك، كەچی وەك دەبینین سەرۆكی پەرلەمان كۆبوونەوەكانی پەرلەمانی ڕاگرتووە و ماوەی زیاتر لە مانگێكە پەرلەمان پەك خراوە، بۆچی پەرلەمانی كوردستان پەك خراوە و ئایا ئێوە وەك پەرلەمانتاران هەڵوێستان لەسەر ئەم پەككەستنە چییە؟**

- پەرلەمان و سەرۆكی پەرلەمان دەبێت هەردەم لە خەمی خەڵك و كێشە و گرفتەكانیان بن، بۆیە هیچ هۆكار و پاساوێك نە دروستە و نە قابیلی قبووڵە بۆ ڕاگرتن و پەككەستنی دانیشتنەكانی پەرلەمان. وەك لە پرسیارەكەشتان ئاماژەتان پێ دا، بەوەی كۆمەڵێك كێشەی هاووڵاتیان هەیە كە پێویستە كۆبوونەوەی پەرلەمانی بۆ ئەنجام بدرێت، هەروەها ٢٣ پێشنیاری یاسایی جیا جیا لە فراكسیۆنەكان پێشكەش كراون، كە پێویستە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ بكرێت. دەبێت بابەتەكانی ڕۆژ كە بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان گرنگن دانیشتنی پەرلەمانیان بۆ بكرێت و لە ئەولەوییەتی بەرنامەی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بن. بەڵام بەداخەوە لە ١ی مانگی ئاداری ئەمساڵەوە تەنیا یەك دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام دراوە بۆ دەستپێكی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم، واتە زیاتر لە پەنجا ڕۆژە پەرلەمان دانیشتنی ئەنجام نەداوە. لای هەموومان ڕوونە و دەزانین كە بە پێی ماددەی ١٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بانگهێشتكردنی ئەندامانی پەرلەمان بۆ دانیشتنەكانی پەرلەمان، لە چوارچێوەی ئەرك و دەسەڵاتەكانی سەرۆكی پەرلەمانە، بەڵام بەداخەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پێشێلی ئەو پەیڕەوەی كردووە و ئیستغلالی دەسەڵاتەكەی كردووە لە پێناو بەرژەوەندیی حزبەكەیدا و دانیشتنەكانی پەرلەمانی ڕاگرتووە. وەك فراكسیۆنی پارتی

**پارتی هەموو شێوازەكانی هەڵبژاردنی تاقی كردووەتەوە بە پشتبەستن بە جەماوەری هەردەم براوەی یەكەم و پێشەنگ بووە**

**دەبێت بابەتەكانی ڕۆژ كە بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان گرنگن دانیشتنی پەرلەمانیان بۆ بكرێت و لە ئەولەوییەتی بەرنامەی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بن**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پێشێلی ئەو پەیڕەوەی كردووە و ئیستغلالی دەسەڵاتەكەی كردووە لە پێناو بەرژەوەندیی حزبەكەیدا و دانیشتنەكانی پەرلەمانی ڕاگرتووە**

**ئەم جۆری مامەڵەیەی لە ٢١ی مانگی نیسان لە پێش بانكەكانی سلێمانی بەرامبەر بە خانەنشینانی قەدرگرانی سلێمانی كرا، زۆر نیگەرانی كردووین، هۆكاری سەرەكیشی لەلایەن هەموو خەڵك ڕوونە كە نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەكانە لە پارێزگای سلێمانی بۆ وەزارەتی دارایی و خەزێنەی حكومەت**

دووپاتی دەكەینەوە كە دەبێت سەرۆكی پەرلەمان بە ئەرك و بەرپرسیارەتی یاسایی و پەیڕەوی ناوخۆی هەڵبستێ و بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان بكات بۆ دانیشتنی پەرلەمان، تا نەگاتە ئەوەی كە وەك زۆرینەی پەرلەمانی بە پێی ماددەی ٨ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كە لایەنی كەم سێ یەكی ژمارەی ئەندامان دەتوانن بانگهێشتی دانیشتنی پەرلەمان بكەن، بانگهێشت بۆ دانیشتنی پەرلەمان بكرێت.

*** بیانووی سەرۆكی پەرلەمان بۆ پەكخستنی پەرلەمان وەك باس دەكرێت، پرسی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنە، ئەمەش لە كاتێدایە ٣٩ پەرلەمانتار پڕۆژەی هەمواركردنەوەی یاساكەیان پێشكەش كردووە، لەم حاڵەتەدا دەبێت سەرۆكی پەرلەمان بانگهێشتی پەرلەمانتاران بكات بۆ ئەوەی پەرلەمان كۆببێتەوە و خوێندنەوەی یەكەم بۆ پڕۆژە یاساكە بكات، بەڵام ئەمەش ناكات، ئایا هۆكاری ڕاستەقینەی سەرۆكی پەرلەمان بۆ كۆنەبوونەوەی پەرلەمان چییە؟**

- سەرەتا بیانووەكان پرسی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بوو، كە یاسای كۆمیسیۆن لە ٢٣ی ١٢ی ٢٠١٩ ماوەكەی بەسەرچووە و بە پێی یاسا ناتوانێت سەرپەرشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان بكات، هەتا لەلایەن پەرلەمانەوە كارا نەكرێتەوە. زۆربەی لایەنەكان و فراكسیۆنەكان داوایان دەكرد كە كۆمسیۆن وەك خۆی هەموار بكرێتەوە، ئێمە لە فراكسیۆنی پارتی لەگەڵ ئەوە بووین كە دەبێت كۆمسیۆن بە پێی ئیستحقاقی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨ دروست بكرێتەوە. بەڵام لە پێناو سازان و هەنجەتبڕكردنی هەندێ لایەن، لە دانیشتنی سەرۆكی فراكسیۆنەكانی پەرلەمان لە ١٣ی ئاداری ئەمساڵ، پارتیمان هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و دەستی لەو ئیستحقاقەی خۆی هەڵگرت و ڕازی بوو كە كۆمیسیۆن وەك خۆی كارا بكرێتەوە. دەربارەی هەمواری یاسای هەڵبژاردن ئەگەرچی پارتیمان هیچ فەراغێكی تەشریعی لە یاسای هەڵبژاردن كە هەیە، نابینین، لەگەڵ ئەوەش دەرگای گفتوگۆ و سازانمان لەسەر ئەو بابەتە دانەخستووە و فراكسیۆنی زەرد هیچ سانسۆری لەسەر ئەو بابەتە دانەناوە. ئەگەر هەر لایەنێك مكووڕ بووە لەسەر هەمواری یاساكە، كێ ڕێگر بووە لە كۆتایی ساڵی ڕابردوو، یان لە سەرەتاكانی ئەمساڵ، یان بە لایەنی كەم لە سەرەتای دەستپێكی ئەم وەرزەی یاسادانان پێشكەشیان بكردایە، نەك بە پەلەپەل كە فراكسیۆنی یەكێتی لە ٢٨ی ئادار بە واژووی ٣٩ پەرلەمانتار پڕۆژەیەكیان پێشكەش كرد، كە تەنیا دوو ڕۆژی مابوو لەو وادەی كە كۆمیسیۆن دەبووایە دەست بە كارەكانی بكات بە فەرمی تا هەڵبژاردن لە كاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، ئێستاش نەچووە بچێ، با سەرۆكی پەرلەمان بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان بكات و با ئەو پڕۆژەیە لە ئەولەوییاتی بەرنامەی كار دابنرێت و ڕێكارە پەیڕەوییەكانی خۆی بگرێتەبەر، كە ئەوەش ناكەن، زیاتر ڕوون دەبێتەوە كە ئەوان لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نین و ئامادە نین كە ئەم هەڵبژاردنە لە كاتی خۆیدا بكرێت.

*** سەرۆكی پەرلەمان باس لە گەیشتن بە سازان دەكات لە نێوان فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و، هیچ كام لە فراكسیۆنەكانیش دژی سازان نین، فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان ئامادەیە بۆ گفتوگۆ و سازان، كە ئەم زەمینەیە هەبێت، ئایا بیانووەكەی سەرۆكی پەرلەمان لەگەڵ ئەم واقیعە یەك دەگرێتەوە؟**

- ئەوان هەردەم باس لە سازان دەكەن و هەردەم خۆشیان بنەماكانی سازان دەشكێنن، وەك لە پرسیاری پێشوتریش باسم كرد، پارتیمان لە پێناو سازان دەستبەرداری ئیستحقاقی خۆی بوو و ڕازی بوو كۆمیسیۆن وەك خۆی هەموار بكرێتەوە. پارتیمان هەموو شێوازەكانی هەڵبژاردنی تاقی كردووەتەوە، چ یەك بازنەیی بێ، یان فرە بازنەیی، بە پشتبەستن بە جەماوەری دڵسۆزی خۆی هەردەم براوەی یەكەم و پێشەنگ بووە لە گشت هەڵبژاردنەكان، ئەنجامەكانی دواهەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ بەڵگەن بۆ ئەوەی دەیڵێم. بەڵام پارتی یەك بازنەیی پێ دروستە لە هەڵبژاردن تا هەر ئەندامێكی پەرلەمان بە فیعلی نوێنەری هەموو

خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، هەروەها ماف و ئیستحقاقی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش لە نوێنەرایەتییان لە پەرلەمانی کوردستان پارێزارو بێت، پارتی بۆ یاسای هەڵبژاردنیش ئامادەی ڕێککەوتن و دۆزینەی خاڵی هاوبەش بووە لە هەمواری یاسای هەڵبژاردن، هەروەها لە پرسە نیشتمانییەکان زۆرینە و کەمینە بەکار ناهێنێت، لە بابەتی کۆمیسیۆن سەلماندمان کە زۆرینە و کەمینەمان بەکار نەهێنا.

*** ئێستا کێشمەکێشیکی زۆر لەسەر دواکەوتنی مووچەی هاووڵاتیان بە گشتی و نەمانی پارە لە بانکەکانی سلێمانی هەیە، کەچی پەرلەمان بە بێدەنگی سەیری ئەم کارەساتە دەکات. ئایا کۆنەبوونەوەی پەرلەمان لەسەر ئەم مەترسییە گەورەیەی پەیوەندی بە قووت و ژیانی خەڵکەوە هەیە، ئێوەی پەرلەمانتار ناخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی؟**

- بەداخەوە ئەم جۆری مامەڵەیەی لە ٢١ی مانگی نیسان لە پێش بانکەکانی سلێمانی بەرامبەر بە خانەنشینانی قەدرگرانی سلێمانی کرا، زۆر نیگەرانی کردووین، هۆکاری سەرەکیشی لەلایەن هەموو خەڵك ڕوونە کە نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکانە لە پارێزگای سلێمانی بۆ وەزارەتی دارایی و خەزێنەی حکومەت، کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئەو دۆخە سەختە بۆ خانەنشینانی بەڕێز. ئەو بابەتە و کێشەی مووچەی فەرمانبەران و پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان وەك دابینکردنی دەرمان و بابەتی زبڵ و خاشاك لەو پارێزگا و یەکە ئیدارییانەی باسمان کردن و چەندین بابەتی دی، کە بە هۆی نەگەڕانەوەی داهاتی سلێمانی بۆ ناو خەزێنەی حکومەت دروست بوون، ئەمانە پرسی هەنووکەیی گرنگن، پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی خەڵك لەم ناوچانە و دەبێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان پاڵەپەستۆ بکەین تا سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی بە ڕاگرتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بهێنێت و لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان بخرێنە بەرنامەی کارەوە.

*** لە ناو ئەم واقیعە سیاسییە تاڵەدا، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بوێرانە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ڕاستییەکانن چۆنن، هەر بەو شێوەیە بۆ خەڵك ئاشکرا بکرێن، بەوەی هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەم واقیعەی ئێستای ناو پەرلەمان چییە؟**

- ئێستا خەڵك زۆر هۆشیارە و بەری ڕاستییەکان کەس ناتوانی بە بێژنگ بگرێت، هەر نموونەیەکی ساناتان بۆ دێنم لە نەگەڕانەوەی داهات لە سنووری پارێزگای سلێمانی. داهاتی گومرگی گشتی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك ٦٩٪ و لە پارێزگای سلێمانی ٣١٪ـە، کە دڵنیاین و بەڵگەش هەیە کە داهاتی گومرگی لە پارێزگای سلێمانی زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە دەینێرنەوە بۆ وەزارەتی داریی، دەبێت پەرلەمان و خەڵکیش بپرسن ئەو هەموو داهاتە چی لێ دێت و کێ دەیبات؟ ئێستا هەندێ میدیا و کۆمەڵێك پەیجی چەواشەکار لە سۆشیال میدیا دروست کراون بۆ چەواشەکاری و تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان. ڕاستیت دەوێت جگە لەمانە واقعێکی تاڵ هەیە، بە تایبەت لە دوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە ئەو پارتە سیاسییانەی لەگەڵ پارتیمان هاوبەش بوون لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی «پێیەك لە دەسەڵات و پێیەك لە ئۆپۆزیسۆن»یان پەیڕەو کردووە، کە ئەم جۆرە سیاسەتە لە هیچ حوکمڕانییەکی دیموکراسی و ڕەشید لە وڵاتانی دونیا پێڕەو ناکرێت و هەر بوونی نییە.

*** هەندێك لە چاودێرانی قسەخۆش، نوکتەیەکیان لەسەر پەرلەمانتارانی ئەم خولە دروست کردووە و دەڵێن، هەموو پێیان خۆشە هەڵبژاردن نەکرێت و ئەم خولە درێژ بکرێتەوە، لەسەر هەوڵەکان بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی کوردستان لەکاتی خۆی ڕات چییە و هەوڵەکانی ئێوە وەك فراکسیۆنی پارتی بە کوێ دەگات؟**

- من لەو بابەتە تەنیا لە بڕیار و تێڕوانینی فراکسیۆنی پارتیمان و خۆم بە شانازییەوە وەك ئەندامێکی ئەم فراکسیۆنە بەرپرسیارم، چۆن پێشتر لە سەرچاوە فەرمییەکانی فراکسیۆن ڕایگەیاندووە و ئێستاش بۆتانی دووپات دەکەینەوە کە فراکسیۆنی پارتی بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە و ١٠٠٪ لەگەڵ ئەوەداین کە هەڵبژاردن لە کاتی یاسایی خۆیی ئەنجام بدرێت.

**ئێستا هەندێ میدیا و کۆمەڵێک پەیجی چەواشەکار لە سۆشیال میدیا دروست کراون بۆ چەواشەکاری و تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان**

**ئەو پارتە سیاسییانەی لەگەڵ پارتیمان هاوبەش بوون لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی «پێیەک لە دەسەڵات و پێیەک لە ئۆپۆزیسۆن»یان پەیڕەو کردووە، کە ئەم جۆرە سیاسەتە لە هیچ حوکمڕانییەکی دیموکراسی و ڕەشید لە وڵاتانی دونیا پێڕەو ناکرێت و هەر بوونی نییە**

**فراکسیۆنی پارتی بە هەموو شێوەیەک ئامادەیە و ١٠٠٪ لەگەڵ ئەوەداین کە هەڵبژاردن لە کاتی یاسایی خۆیی ئەنجام بدرێت**

# دیمانەی تایبەت



کریستۆفەر جەی پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسایشی نێودەوڵەتی، چەکی کۆمەڵکوژ و سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێشتریش لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ وانەبێژ بووە و، خاوەنی شەش کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بۆ مەبەستی تیشك خستنەسەر و شرۆڤەکردنی ڕەهەند و ڕایەڵەکانی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا و چەند پەرەسەندنێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## کریستۆفەر جەی

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی تۆلەین بۆ گوڵان:

# ئەوەی ڕووسیا دەیکات شەڕێکی گەمژانەیە

*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت و، بە ڕای ئێوە بۆچی نەتوانرا ڕێگری لە هەڵشکانی بارگرژییەکان و بەرپابوونی شەڕ بکرێت، بەتایبەتی کە ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم شەڕەی ئێستا بە چەشنێکە کە ڕەنگە هیچ لایەك نەتوانن بانگەشەی سەرکەوتن بکەن و، هەردوولا زیانێکی گەورە و بەرچاویان لێ کەوتووە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بۆ من بزانم کە ڕووسیا چۆن بیر دەکاتەوە، من وتارێکم نووسیوە لە بارەی ئەوەی چەند زەحمەتە بتوانین لە سیاسەتی نێودەوڵەتی تێبگەین، لە ڕوانگەی لایەنەکەی دیکەوە، مەبەستم ئەوەیە دووچاری دژواری دەبینەوە لە تێگەیشتن لەوەی هێزەکانی دیکەی دەرەوەی ڕۆژئاوا چۆن بیر دەکەنەوە، لێرەشەوە ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا بە ڕاستی زەحمەتە لەوە تێبگەم کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتن ئەنجامی دەدات، چونکە بە تێڕوانینی من ئەمە شەڕێکی گەمژانەیە و ئامانجێکی دیاریکراوی نییە و، تەنیا خراپتربوونی بارودۆخەکەی لێ دەکەوێتەوە، خۆ ئەگەر ئێمە لەو هەموو سزا و ڕێکارانەش بڕوانین کە جیهانی ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوویانە بە سەر وڵاتی ڕووسیادا، ئەوا هێندەی دیکە بێ مانایی ئەم جەنگە دەردەکەوێت. چونکە پێشتر بەو شێوەیە وەسفی ڤلادمیر پوتن دەکرا کە کەسێکی ژیرە و بیرکردنەوەیەکی ئاستبەرزی هەیە لە ڕووی تاکتیك و ستراتیژیەتەوە، بەڵام بەلای منەوە ئەمە گەمژانەترین شەڕە کە تا ئێستا ڕووی دابێت لە دوای شەڕەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣وە. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە من ئامانجێکی دیاریکراوی تێدا بەدی ناکەم، بە پێچەوانەوە لێوانلێوە لە درۆ و چەواشەکاری، لە هەمان کاتدا بە ئەندازەیەکی زۆر مایەی نیگەرانییە.

**ئەگەر ئێمە لەو هەموو سزا و ڕێکارانە بڕوانین کە جیهانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەپاندوویانە بە سەر وڵاتی ڕووسیادا، ئەوا هێندەی دیکە بێ مانایی ئەم جەنگە دەردەکەوێت**

*** ئێوە ئەم شەڕە بە شەڕێکی بێمانا و بگرە گەمژانەش وەسف دەکەن، کەوابێ هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی ئەم شەڕە، یان وردتر بڵێین بڕیارەکەی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتن چی بوو بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە و داگیرکردنی ئۆکرانیا؟ ئایا دەکرێت بڵێین ڕووسیا لە حیساب و لێکدانەوە و پێشبینییەکانی خۆیدا بە هەڵەداچوو؟**

- ئاشکرایە کە تێڕوانین و پێشبینیی سەرۆک ڤلادمیر پوتن ئەوە بوو کە شەڕەکە زۆر بە خێرایی یەکلا دەکاتەوە و بە ماوەیەکی کەم شەڕەکە دەباتەوە، بە چەشنێك کە جیهان دەرفەتی کاردانەوە و پەرچەکرداری نامێنێت، هەروەها پێی وابوو کە لە کۆتاییدا ئەوروپییەکان نەوت و غازی ڕووسیایان بە لاوە گرنگتر و بایەخدارتر دەبێت لە ئۆکرانیا و ئۆکرانییەکان، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕووسیا پێی وابو کە توانایەکی سەربازیی گەورە و بەهێزی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت شەڕەکە بە ماوەیەکی کەم یەکلا بکاتەوە، بەڵام دەرکەوت سوپای ئەو وڵاتە بە چەشنی حکومەتەکەی گەندەڵە، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە حکومەتی ڤلادمیر پوتن نوقمی گەندەڵی بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سوپاکەی. کەواتە دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین کە تەواو هەڵە بوون و ئێستاش نازانن چ بڕیارێك بدەن. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە سەرکردەکان دووچاری دۆخێکی دژوار دەبنەوە کاتێك هەڵەیەك دەکەن، بە تایبەتی ئەگەر سەرکردەیەکی دیکتاتۆر بێت، هەروەها نابێت ئەوەمان لە یاد نەبێت کە زەحمەتە ڤلادمیر پوتن بەرگەی دۆڕانێکی قورس و پڕ لە شەرمەزاری بگرێت، لەبەر ئەوە بۆی هەیە شەڕەکە درێژە بکێشێت، کە لە ئەنجامیشدا خەڵك و گەلی ئۆکرانیا باجەکەی دەدەن و نەهامەتییەکەی دەچێژن.

*** ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئۆکرانییەکان بەرگرییەکی بەهێز و بێ وێنە دەکەن، کە ئاشکرایە بەشێکی سەرکەوتنی ئۆکرانییەکانیش بۆ بەرهەڵستیکردن و بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی ڕووسیا، ئەو چەکانەیە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆیان دەستەبەر دەکرێت، لە هەمان کاتدا ڕۆژئاوا سزایەکی زۆری بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئایا چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن لەسەر ئەو وڵاتە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم ڕێکار و سزایانە کاریگەری و لێکەوتەیان هەبووە لەسەر ئابووریی ڕووسیا، بە چەشنێك ئابووریی ڕووسیا لە ساڵی داهاتوودا دووچاری پاشەکشە دەبێت. لێرەدا دەبێت ئاماژە بە وڵاتی چین بکەین، کە نەك تا ئێستا پشتیوانی و پاڵپشتیی خۆی ڕانەگەیاندووە بۆ ئەم شەڕە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئیدانەشی نەکردووە، لە هەمان کاتدا بینیمان کە ڕووسیاش ئامادە نەبوو نەوتی زیاتر هەناردە بکات، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەم سزا و ڕێکارانەی بە سەر ڕووسیادا سەپێندراون، سیستمێکی سزایی تەواو نین، لە بەر ئەوەی سەرجەم وڵاتانی جیهان لەم پرسەدا بەشداری ناکەن، واتە لە دژی دەستدرێژکاریی ڕووسیا، بەڵکو ئەو وڵاتانەی سزایان بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و یابان و کۆریای باشوور، کەواتە ڕووسیاش چەندین هاوبەشی هەیە لە جیهاندا و دەتوانێت تا ڕادەیەك خۆی لە سزاکان بدزێتەوە، دواتر دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە سزاکان ئامرازی کورتخایەن نین، بەو واتایەی بە خێرایی و دەستبەجێ کاریگەرییان نابێت. هەرچۆنێك بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی بڕیاریان دا کە ئەم ڕێگەچارەیە لەگەڵ ڕووسیادا بگرنەبەر، لە بری ئەوەی پەنا بۆ بەرپاکردنی شەڕ ببەن لەگەڵ ڕووسیادا، کە من خۆشحاڵم ئەم کارەیان کرد. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کە سەرۆك پوتن و کەسە نزیکەکانی لە دەوڵەمەندترین کەسانی جیهانن و کاریگەر نابن بە سزاکان، لە هەمان کاتدا گرنگ نییە بە لایانەوە کە گەلی ڕووسیا چی بە سەر دێت، کەواتە ئەوەی ڕوو دەدات، تراژیدیا و کارەساتە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە چین پشتیوانیی ئەم شەڕەی نەکردووە، لە هەمان کاتدا دژیشی نییە، ئایا پێت وایە چین سوودمەندی سەرەکییە لەم شەڕە، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا بە شەڕەکەوە سەرقاڵ بووە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە نەتوانین بڵێین چین سوودمەندی سەرەکییە لەم شەڕە و لەم دۆخەی هاتووەتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چین درێژە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەدات لەگەڵ ڕووسیا،

**تێڕوانین و پێشبینیی سەرۆک ڤلادمیر پوتن ئەوە بوو کە شەڕەکە زۆر بە خێرایی یەکلا دەکاتەوە و بە ماوەیەکی کەم شەڕەکە دەباتەوە، بە چەشنێک کە کە جیهان دەرفەتی کاردانەوە و پەرچەکرداری نامێنێت**

**ڕووسیا پێی وابو کە توانایەکی سەربازیی گەورە و بەهێزی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت شەڕەکە بە ماوەیەکی کەم یەکلا بکاتەوە، بەڵام دەرکەوت سوپای ئەو وڵاتە بە چەشنی حکومەتەکەی گەندەڵە**

**زەحمەتە ڤلادمیر پوتن بەرگەی دۆڕانێکی قورس و پڕ لە شەرمەزاری بگرێت، لەبەر ئەوە بۆی هەیە شەڕەکە درێژە بکێشێت، کە لە ئەنجامیشدا خەڵک و گەلی ئۆکرانیا باجەکەی دەدەن و نەهامەتییەکەی دەچێژن**

**ئەم سزا و ڕێکارانەی بە سەر ڕووسیادا سەپێندراون، سیستمێکی سزایی تەواو نین، لە بەر ئەوەی سەرجەم وڵاتانی جیهان لەم پرسەدا بەشداری ناکەن**



لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لەم پەیوەندییانە و، تا ئێستاش (هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد) ئیدانەی شەڕەکەی نەکردووە. خۆ ئەگەر چین هاوهەڵوێست بووایە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی لە سەپاندنی سزاکان بە سەر ڕووسیادا، ئەوا کاریگەریی ئەم سزایانە گەورەتر و زیاتر دەبوو، لە هەمان کاتدا بینیمان کە هەندێ لە وڵاتانی کەنداویش ئیدانەی ئەم شەڕەیان نەکرد، کە کارێکی باش دەبوو ئەگەر ئیدانەکردنێکی جیهانی لە ئارادا بووایە بۆ ئەم بڕیارەی ڕووسیا و بۆ ئەم شەڕەی بەرپای کردووە، ئەویش بۆ ئەوەی ببوایەتە وانەیەك بۆ هەر وڵاتێکی دیکە کە بیر لە داگیرکاری و دەستدرێژی بکاتەوە.

*** ئایا ئەم شەڕە تا چەند دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا پێداچوونەوە بە پرسە ئەمنییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە وزە بکەن، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نەخشەی ئەمنی و وزە لە ئەورووپا بگۆڕێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەورووپییەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان هەیە، بەڵام دەبینین وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا بڕیارێکی هەڵەی دا، کاتێك پێش چەند ساڵێك بڕیاری داخستنی دامەزراوەیەکی ئەتۆمیی دا، ئەویش بە هۆکاری لەبەرچاوگرتنی نیگەرانییە ژینگەییەکان، هەروەها سەرباری هۆشدارییەکان لە بارەی پشتبەستنی زیاد لە پێویست بە وزەی ڕووسیا، ئەڵمانیا ئەم کارەی کرد و بایەخی بەو هۆشدارییانە نەدا، ئەگەر ئێستاش بە یەکجاری دەستبەرداری نەوت و غازی ڕووسیا ببن، ئەوا گەلەکەیان باجەکەی دەدات، چونکە ئەوانیش بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان هەیە، کە دەبێت بایەخی پێ بدەن و بەدییان بهێنن، هەروەها ئەگەر شەڕەکە زیاتر بەرەو هەڵکشان بچێت و لە کۆتاییدا ڕووسیا چەکی ناوکی تەکتیکی بەکار بهێنێت، ئەوا هەمووان بە حیسابات و لێکدانەوەکانی خۆیاندا دەچنەوە، بە وڵاتی چینیشەوە.

*** تا چەند ئەم شەڕە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پێگەی نێودەوڵەتیی ڕووسیا دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا وڵاتانی جیهان وردە وردە خۆیان بە دوور دەگرن لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا، لەلایەکی دیکەوە ئەو وێنا و تێڕوانینەی هەبوو لە بارەی سوپای ڕووسیاوە زیانی پێکەوتووە، چونکە ئێستا سەربازانی ڕووسیا وەك کۆمەڵێك کەسانی دڵڕەق و بێ بەزەیی و بێ توانا لە ڕووی سەربازییەوە دەردەکەون، کەواتە لە زۆر ڕووەوە پێگە و وێنای ڕووسیا زیانی پێ دەکەوێت.

**سەرۆک پوتن و کەسە نزیکەکانی لە دەوڵەمەندترین کەسانی جیهانن و کاریگەر نابن بە سزاکان، لە هەمان کاتدا گرنگ نییە بە لایانەوە کە گەلی ڕووسیا چی بە سەر دێت**

**ئێستا سەربازانی ڕووسیا وەک کۆمەڵێک کەسانی دڵڕەق و بێ بەزەیی و بێ توانا لە ڕووی سەربازییەوە دەردەکەون، کەواتە لە زۆر ڕووەوە پێگە و وێنای ڕووسیا زیانی پێ دەکەوێت**

# دیمانەی تایبەت



ستیفن زونێس پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی سان فرانسێسکۆ و، ڕێکخەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. پرۆفیسۆر زونێس ڕاوێژکاری باڵای شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوەیە لە ئەنیستیۆتی دیراساتی سیاسی، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی سەربازیی ئەمریکا، ناکۆکیی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی، سیاسەتی ئاشتی و ناکۆکی، سیاسەت و حکومەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی گەرمی سەر گۆڕەپانی جیهانی و لە نێویاندا شەڕی بەردەوامی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی پەیوەست بەم بوارە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## ستیفن زونێس

پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# پوتن پێی وابوو ئۆکرانیایەکی دیموکراتی هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا ناتوانرێت بگوترێت کە ئاسۆی کۆتاییهاتن و یەکلابوونەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دیارە، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لەم شەڕە و لە بڕیاری پەنابردن بۆ بەرپاکردنی ئەم شەڕە دەڕوانن و، پێت وایە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- هیچ گومان هەڵناگرێت کە بڕیاری وڵاتی ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ڤلادمیر پوتن بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا، دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا و، لەبەر ئەوەی ڕووسیا لە ڕووی مێژووییەوە دوچاری داگیرکاری بووەتەوە لەلایەن ڕۆژئاواوە، ئەوا نیگەرانییەکی تایبەتی هەبوو لە بارەی بەرفراوانبوونی ناتۆ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا، بە چەشنێك هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وابوو ئەم هەوڵ و هەنگاوەی ناتۆ مایەی وروژاندنی ڕووسیا بوو، هیچ پاساوێکیشی نەبوو، ئەمە لە پاڵ ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی هەڵوێستی بێلایەنی لە لایەن ئۆکرانیانەوە. هەرچۆنێك بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتن) هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئۆکرانیا گەلێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نییە و، مافی ئەوەی نییە دەوڵەتی تایبەت بە خۆی هەبێت و، بە ڕەچاوکردنی ئەو توندوتیژی و زەبروزەنگەی ڕووسیا لەم شەڕە و لە داگیرکردنی ئۆکرانیادا بەکاری دەهێنێت، ئەوا ڕەنگە بتوانین بڵێین بارودۆخەکە هەر چۆنێك بووایە ئەوا ڕووسیا لە کۆتاییدا پەنای بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا دەبرد، هەروەها لێرەدا نابێت ئەو دووڕویی و دوو پێوانەییە نادیدە بگرین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاستی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا گرتوویانەتەبەر.

**بڕیاری وڵاتی ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ڤلادمیر پوتن بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا، دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتید**

**نابێت ئەو دووڕویی و دوو پێوانەییە نادیدە بگرین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاستی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا گرتوویانەتەبەر**

*** باشە ئێوە پێتان وایە ڕووسیا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە و ویلایەتە یەگگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی هەڵوێستی دووڕوویانەیان گرتووەتەبەر، ئایا دەکرێت ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی زیاتر لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا بخەنەڕوو؟**

- بەڵێ، دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە نموونەیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەدا ڕاستە کە دەڵێت: نابێت هیچ وڵاتێك تاکلایەنە هەڵسێت بە گۆڕینی ئەو سنوورانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ددانپێدانراون و، نابێت هیچ وڵاتێك لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە هەوڵی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی بدات، بەڵام دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە وڵاتە لە جیهاندا کە بە فەرمی دادن دەنێت بە سەروەریی ئیسرائیل بە سەر بەرزاییەکانی جۆلاندا، کە ئیسرائیل کردوویەتی بە بەشێك لە خاکی خۆی، هەروەها ئەمریکا تاکە وڵاتە کە ددان دەنێت بە ڕەوایەتیی بڕیاری ناشەرعیی مەغریبدا بۆ ئەوەی سەحرای ڕۆژئاوا بکاتە بەشێك لە وڵاتی خۆی. هەروەها پێشوازیکردنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە پەنابەرانی ئۆکرانیا جێی سەرنج و هەڵوێستە لەسەرکردنە، ئەگەر بەراوردی بکەین بەو دژایەتییەی کە بۆ پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا دەکرێت، هەروەها نارەزایەتی و بەرهەڵستییان بۆ کوژرانی خەڵکی مەدەنیی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە، پێچەوانەی پاساوهێنانەوەیانە (ئەگەر نەڵێین پاڵپشتی تەواو)ی ڕۆژئاوایە لە کردەوە جەنگییەکانی ئیسرائیل و سعودیە دژی خەڵکانی مەدەنی لە کەرتی غەززە و لە وڵاتی یەمەن.



*** بە تێڕوانینی ئێوە هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە کاولکارە چی بوو، ئایا نەدەکرا پەنا بۆ ڕێگەچارەی دیکە ببردرایە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان و بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان و بۆ بەرگرتن بە هەڵکشانی دۆخەکە و هەڵگیرسانی شەڕەکە؟**

- ئێمە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە سەرۆك ڤلادمیر پوتن پێی وا بوو ئۆکرانیا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و زیاتر و زیاتر هاوشێوەی دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی لیبڕاڵ دیموکراسی دەردەکەوت و بەرەوپێش دەچوو، بە لەبەرچاوگرتنی ڕایەڵە و پەیوەندییە مێژوویی و کولتورییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکرانییەکاندا، ئەوا ڕەنگە ئەو تەوژم و ئاراستەیە لە نێو گەلی ڕووسیاشدا دروست ببوایە کە دەبێت ڕووسیاش بە هەمان ئاقاری پەرەسەندن و بەرەوپێشچووندا بڕوات. بە دەربڕینێکی دیکە هەڕەشەی ئۆکرانیا لەسەر ڕووسیا ئەوە بوو کە مۆدێلێکی باش بوو، ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە، ئەوا دەتوانم

**پێشوازیکردنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە پەنابەرانی ئۆکرانیا جێی سەرنج و هەڵوێستەلەسەرکردنە، ئەگەر بەراوردی بکەین بەو دژایەتییەی کە بۆ پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا دەکرێت**

بڵێم لەبەر ئەوەی سەرۆك پوتن دەیویست زیاتر جڵەوی دەسەڵاتە خۆسەپێنییەکەی بچەسپێنێت، بوونی وڵاتێك، یان نموونە و ئەزموونێکی لیبراڵ دیموکراتیی سەرکەوتووی بە هەڕەشە بۆ سەر خەون و پرۆژە و پلانەکەی خۆی دەبینی، هەروەها نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە سەرۆك پوتن پێی وابوو سوپاکەی دەتوانێت بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا ئۆکرانیا تێك بشکێنێت، بە واتایەکی دیکە پێی وابوو ئەمە شەڕێکی کورتخایەن دەبێت و لە کۆتاییەکەشدا ڕووسیا بە سەرکەوتوویی لەو شەڕە دەردەچێت، بەڵام وەك ڕوونە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شەڕەکە بەم شێوەیە نەبوو.

*** کەواتە ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەو شرۆڤەکارانەی کە پێیان وایە ڕووسیا و خودی سەرۆکی ئەو وڵاتە بە هەڵەداچوون لە پێشبینییەکانیاندا، بۆ ڕەوتی پەرەسەندن و هەڵکشان و بگرە دەرئەنجامی شەڕەکەش؟**

- بەڵێ، ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕاستە، چونکە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە ڕووسیا پلانی شەڕێکی درێژخایەنی نەبوو، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە دەستەبەرکردنی هێڵی پشتیوانی بۆ سوپاکەی و دابینکردنی پێداویستی و تەقەمەنییەکان، ئەمە سەرباری ئەو قوربانییانەی لە سوپاکەی کەوتوون، بە تایبەتی ژمارەی ژەنەراڵە کوژراوەکانی، کە لە شەڕی هاوچەرخدا حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە ئەو ژمارە زۆرەی ژەنەراڵ لە سوپایەك بکوژرێت، دواتر دەبێت ئێمە پرسی پەیوەست بە گیانی بەرەنگاربوون و ورەبەرزییش لە یاد نەکەین، بۆ نموونە لە نێو کورددا پێشمەرگە ورەیەکی بەرزتری هەبوو لە بەرامبەر سوپایەکی پڕ چەکتر لە خۆی و سوپای لە خۆی بەهێزتری تێکشکاندووە، لەبەر ئەوەی دۆزەکەی پشتیوانییەکی جەماوەریی نێو گەلەکەی هەبووە، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە بڵێم کە ئەمە حاڵەتەکەیە لە پەیوەندی بە ئۆکرانییەکانەوە، کە ئۆکرانییەکان ئێستا شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەن، لە کاتێکدا ڕووسەکان ئەو ورە و پاڵنەرەییان نییە بۆ ئەوەی شەڕ بکەن و فیداکاری بۆ دۆز و بۆ کێشەیەك بکەن کە پشتیوانیی گەلی لەگەڵدا بێت.

*** چۆن لە کاردانەوە و هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دەڕوانیت بۆ پشتیوانیکردنی ئۆکرانیا و بۆ بەرگرتن، یان ڕێگریکردن لە بەدیهاتنی خەون و پلانەکەی ڕووسیا، بۆ ئەوەی ئۆکرانیا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نەمێنێت؟**

- ئاشکرایە تا ئێستا هەوڵ و کۆششەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە دیاریکراوی لە گرتنەبەری ڕێکار و سزا ئابووری و داراییەکاندا دژی ڕووسیا چڕ بوونەتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەم سزا و ڕێکارانە تا ئاست و ئەندازەیەك سەرکەوتوو بوون و، لە هەمان کاتدا پەیامێك بوون کە ڕووسیا زیاتر و زیاتر بەرەو گۆشەگیربوون دەچێت لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەو چینە دەوڵەمەندەی (ئەوانەی لە دەسەڵاتەوە نزیکن) کە سزا دراون و پارەکانیان سڕکراوە، هێندەی ئەوەی ئەم کەسانە پشت بە پوتن دەبەستن، هێندەی ئەوە پوتن پشت بەوان نابەستێت، بە واتایەکی دیکە، ئەم کەسانەی زیاد لە سنووری خۆیان دەوڵەمەند بوون، لەبەر ئەوە ئەو دەرفەت و ئیمتیازاتانەی لەلایەن حکومەتی ڕووسیاوە پێیان دراوە، بە چەشنێکە ئەگەر بێت و بەرهەڵستیی حکومەت بکەن، ئەوا هەموو شتێك لەدەست دەدەن و، ڕەنگە بخرێنە زیندانیشەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم نابێت چاوەڕێ و پێشبینیی ئەوە بکەین کە سزاکان ببنە هۆی ئەوەی خەڵکانێك لە نێو ڕووسیادا دژی حکومەت و دەسەڵاتی پوتن بوەستنەوە، بەلای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا. هەرچۆنێك بێت، نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە سەپاندنی سزای ئابووری و دارایی بەسەر هەر وڵاتێکدا، بۆی هەیە هەر دوو دەرئەنجامەکەی لێ بکەوێتەوە، واتە یا ئەوەتا ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی تووڕە و ناڕازی بکات، بە چەشنێك کە دەست بدەنە دژایەتی و بەرهەڵستیی حکومەت، یان ئەوەتا خەڵکی هاوسۆزییان زیاتر بێت بۆ حکومەت، یان با بڵێین پتر هەستی ناسیۆنالیستییان لا تۆخ دەبێتەوە.

**لەبەر ئەوەی سەرۆک پوتن دەیویست زیاتر جڵەوی دەسەڵاتە خۆسەپێنییەکەی بچەسپێنێت، بوونی وڵاتێک، یان نموونە و ئەزموونێکی لیبراڵ دیموکراتیی سەرکەوتووی بە هەڕەشە بۆ سەر خەون و پرۆژە و پلانەکەی خۆی دەبینی**

**پێشمەرگە ورەیەکی بەرزتری هەبوو لە بەرامبەر سوپایەکی پڕ چەکتر لە خۆی و سوپای لە خۆی بەهێزتری تێکشکاندووە، لەبەر ئەوەی دۆزەکەی پشتیوانییەکی جەماوەریی نێو گەلەکەی هەبووە**

**ئۆکرانییەکان ئێستا شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی دەکەن، لە کاتێکدا ڕووسەکان ئەو ورە و پاڵنەرەییان نییە بۆ ئەوەی شەڕ بکەن و فیداکاری بۆ دۆز و بۆ کێشەیەک بکەن کە پشتیوانیی گەلی لەگەڵدا بێت**

**تا ئێستا هەوڵ و کۆششەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە دیاریکراوی لە گرتنەبەری ڕێکار و سزا ئابووری و داراییەکاندا دژی ڕووسیا چڕ بوونەتەوە**



کاروان سەباح هەورامی

بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# کەمبوونەوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و گۆڕانکاری لە ڕیتم و شێوازی دابارین، مەترسییەکی گەورەیە ڕووبەڕووی هەرێم بووەتەوە

# چوار بەنداو بە شێوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن

**وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی و ئامار و داتاکانی تایبەت بە وشکەساڵی و گۆڕانکاریی خراپ لە ئاو و هەوا و ژینگەی ناوچەکەدا، بە یەکێك لە تەحەددا گەورکانی بەردەم هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بۆ قسەکردن لەسەر کەمبوونەوە و جیاوازیی ڕیتم و شێوازی داباریین و ڕێگەچارەسەرەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە ئاڵۆزە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کاروان سەباح هەورامی بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ساز دا.**

*** جگە لە وشکەساڵی و کەمبوونەوەی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، ئایا پێت وانییە گۆڕانکارییش لە شێواز و ڕیتمی دابارینەکەدا بە هەموو شێوەکانیەوە گۆڕانکاریی مەترسیدارن؟ ئێوە وەك لایەنی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەڕواننە ئەم دیاردەیە؟**

- لە دوای ساڵی ١٩٩٨ـەوە تا ساڵی٢٠٠٩ شەپۆلێکی وشکەساڵی ڕووی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە، ئەمەش بە وشکەساڵترین ١٠ ساڵ لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا دادەنرێت، وشکەساڵیی ئێستاش هەر درێژەپێدەری ئەو وشکەساڵییەی پێشووە، لە دوای ٢٠٠٦ـەوە جگە لە ساڵی ٢٠١٩ نەبێت، گۆڕانکارییەکی خراپ لە ژینگەدا ڕووی داوە و، پلەی گەرما ڕووی لە هەڵکشان کردووە و دابارینیش بە هەموو شێوەکانیەوە ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، بگرە شێوازی بارانبارینەکەش جیاوازیی زۆری بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی ئەوەی لە مانگێکدا باران دەبارێت و دواتر چەندین مانگ وشکەساڵییە و هیچ بارانێك نابارێت، یان بارانێکی بە خوڕ دەبارێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، کەمبوونەوەی ڕێژەی بەفربارین جیاوازیی ڕێژەکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و، دابارینەکەش بە ڕیتمی ئاساسیی خۆی نەماوە. بەگشتی ئەگەر باسی بەرکەوتەی تاکەکەس بکەین بۆ ئاو، هەرێمی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەرمان باشترە، بەڵام ئێمە کێشەی خراپیی ژێرخانی بنەڕەتیی ئاومان هەیە و پرۆژە ئاوییەکانمان کەمە. بە شێوەیەکی گشتی پێشبینی دەکەم لە هاوینی ئەمساڵدا بارودۆخەکە زۆر زۆر خراپ دەبێت و بە دوایدا دۆخی عێراق و ئێران دێت، کە ئەگەری کۆچی دانیشتووانی لێ دەکرێت و کاریگەریی لەسەر تۆپۆگرافیای ناوچەکە دەبێت.

*** کەواتە ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام ساڵ لە دوای ساڵ ڕووبەڕووی وشکەساڵیی زیاتر و کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دەبینەوە، دەکرێت بزانین کاریگەرییە خراپیەکانی چییە؟**

- کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی و بوارەکانی دیکە، مەترسییەکی گەورەیە، نەك تەنیا ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە، بەڵکو کاریگەریی خراپی لەسەر پیسبوونی ژینگە و تەندروستیی مرۆڤیش هەیە و، کاریگەریی لەسەر تێچوون و بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش دەبێت، کە لەگەڵ شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە خۆراکییەکان، ئەوەندەی دیکە بۆ

**لە دوای ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ساڵی٢٠٠٩ شەپۆلێکی وشکەساڵی ڕووی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە، ئەمەش بە وشکەساڵترین ١٠ ساڵ لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا دادەنرێت**

**هەرێمی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەرمان باشترە، بەڵام ئێمە کێشەی خراپیی ژێرخانی بنەڕەتیی ئاومان هەیە و پرۆژە ئاوییەکانمان کەمە**

**پێشبینی دەکەم لە هاوینی ئەمساڵدا بارودۆخەکە زۆر زۆر خراپ دەبێت و بە دوایدا دۆخی عێراق و ئێران دێت**

**له هه‌رێمی كوردستان له‌گڵ ئه‌وه‌ی ڕێژه‌ی ئاو كه‌م بووه‌ته‌وه، له ڕووی كوالێتییشه‌وه تێكچووه، له‌مه‌ش مه‌ترسیدارتر وڵاتی ئێرانه كه به‌شێكی زۆری پاشماوه‌كانی كه‌رتی پیشه‌سازی و ئاوه‌ڕۆكانی ده‌ڕژێنێته‌وه ناو ئه‌و سه‌رچاوه ئاوییانه‌ی ڕوو له هه‌رێمی كوردستان ده‌كه‌ن**

**به شێوه‌یه‌كی گشتی له‌سه‌ر بنه‌مای گۆڕانكارییه ئاو و هه‌واییه‌كان و هه‌نگاوه‌كانمان له ١٠٠ ساڵی داهاتوودا، گه‌شبین نین و له به‌رده‌م مه‌ترسییه‌كی گه‌وره‌داین**

**ده‌ستمان كرده‌ووه‌ته‌وه و به لێدانی بیر بۆ ئاوی خواردنه‌وه، تا بۆ دابینكردنی ئاوی خواردنه‌وه‌ی دانیشتووان و ئاسایشی خۆراكی فریامان بكه‌وێت**

**هه‌ر وه‌به‌رهێنه‌رێك خوازیاره وه‌به‌رهێنان له ئاو و پڕۆژه‌یه‌كی دروستكردنی به‌نداو و ئاودێریدا بكات، ئێمه ئاماده‌ین كارئاسانی و پاڵپشتیی ته‌واوی بكه‌ین و ده‌رفه‌تی باش له‌م بواره‌دا هه‌یه**

سه‌ر ئێمه مه‌ترسیدارتر ده‌بێت، دیارده‌ی وشه‌كه‌ساڵی و كه‌مئاوی زیانی بۆ سه‌ر به‌بیابانبوونی زه‌وی و دیارده‌ی خۆڵبارین و سوێربوونی خاكیش به‌تایبه‌تی له باشووری عێراق هه‌یه، ئه‌مه له كاتێكدا تا دێت ژماره‌ی دانیشتووانیش زیاد ده‌كات و خواست له‌سه‌ر ئاو به ڕێژه‌یه‌كی زۆر مه‌ترسیدار ڕووی له زیادبوونه، ئه‌مه‌ش كاریگه‌ریی له‌سه‌ر كۆچكردنیش ده‌كات، كه‌واته نه‌ك ته‌نیا كاریگه‌ریی له‌سه‌ر ئاراسته‌ی ژیان و بژێوی هه‌یه، به‌ڵكو له‌سه‌ر ژینگه و تێكچوونی ڕه‌وشی ژیان و كه‌رته‌كانی كشتوكاڵ و ئاژه‌ڵداری و هه‌موو زینده‌وه‌ره‌كانیش هه‌یه، له هه‌رێمی كوردستان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ڕێژه‌ی ئاو كه‌م بووه‌ته‌وه، له ڕووی كوالێتییشه‌وه تێكچووه، له‌مه‌ش مه‌ترسیدارتر وڵاتی ئێرانه كه به‌شێكی زۆری پاشماوه‌كانی كه‌رتی پیشه‌سازی و ئاوه‌ڕۆكانی ده‌ڕژێنێته‌وه ناو ئه‌و سه‌رچاوه ئاوییانه‌ی ڕوو له هه‌رێمی كوردستان ده‌كه‌ن، ئه‌مانه هه‌مووی كاریگه‌ریی خراپی له‌سه‌ر پیسبوونی ژینگه و گرانی و لایه‌نی ته‌ندروستی هه‌یه، به شێوه‌یه‌كی گشتی له‌سه‌ر بنه‌مای گۆڕانكارییه ئاو و هه‌واییه‌كان و هه‌نگاوه‌كانمان له ١٠٠ ساڵی داهاتوودا، گه‌شبین نین و له به‌رده‌م مه‌ترسییه‌كی گه‌وره‌داین، به‌تایبه‌تی له‌گه‌ڵ زیادبوونی ژماره‌ی دانیشتووانی عێراق بۆ سه‌رووی ٤٠ ملیۆن كه‌س و هه‌رێمی كوردستانیش بۆ سه‌رووی حه‌وت ملیۆن كه‌س.

*** یه‌كێك له ڕێگه چاره‌كان كه ده‌گیرێته‌به‌ر، لێدانی بیری ئاوی خواردنه‌وه و بیری كشتوكاڵییه؛ ئایا تاچ ڕاده‌یه‌ك ئێوه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی سه‌رچاوه‌كانی ئاو ئه‌م چاره‌سه‌رییه به گونجاو ده‌زانن؟**

- ئاوی ژێر زه‌وی له هه‌رێمی كوردستان به ڕاده‌یه‌كی زۆر مه‌ترسیدار دابه‌زیوه، ئێمه له‌گه‌ڵ لێدانی بیری ئاوی خواردنه‌وه و بیری كشتوكاڵی نین، هه‌ر ئه‌مه‌ش بوو ڕێگه‌مان نه‌ده‌دا بیر لێ بدرێت، هه‌رچه‌نده ئێستا به هه‌ستكردن به‌م بارودۆخه ده‌ستمان كرده‌ووه‌ته‌وه و به لێدانی بیر بۆ ئاوی خواردنه‌وه، تا بۆ دابینكردنی ئاوی خواردنه‌وه‌ی دانیشتووان و ئاسایشی خۆراكی فریامان بكه‌وێت، ئه‌وه‌ش به ته‌ئكید فریاكه‌وتنێكی كاتییه و ته‌نیا بۆ ساڵێك و دوو ساڵه، ئه‌وه‌تا چه‌ندین بیری دیكه ئاوه‌كانیان وشك بووه، پشتبه‌ستن به ئاوی بیر جۆرێكه له ناچاری و ته‌مبه‌ڵی، له كاتێكدا ئه‌و هه‌موو ئاوه‌ی سه‌ر زه‌ویمان هه‌یه، ئێمه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی سه‌رچاوه‌كانی ئاو، بۆ یه‌كه‌مین جار سه‌رقاڵی ئاماده‌كردنی دیراسه‌یه‌كین بۆ هه‌ڵسانگاندنی كه‌مبوونه‌وه‌ی ئاو و وشكه‌ساڵی، كه له ڕاپۆرتێكدا ده‌یخه‌ینه ڕوو، هه‌رچی نه‌خشه و داتا و زانیاریی تێدا هه‌یه كه ده‌كرێت له چه‌ند گۆشه‌یه‌كی جیاوازه‌وه كاری جددی له‌سه‌ر بكرێت، قه‌باره‌ی مه‌ترسییه‌كه‌ش ده‌رده‌خات كه له هه‌موو شێوێنه‌كانی كوردستان ئاستی ئاوی ژێر زه‌وی دابه‌زیوه، مه‌ترسییه گه‌وره‌كه‌ش له‌وه‌دایه ئاستی ئاوی ژێر زه‌وی ته‌نیا موڵكی ئه‌م نه‌وه‌یه نییه، به‌ڵكو سامانێكی ستراتیژییه و موڵكی نه‌وه‌كانی داهاتووشمانه، جێگه‌ی داخه كه به شێوه‌یه‌كی زۆر نازانستی و مه‌ترسیدار ده‌ست بۆ ئاو ده‌برێت و زیانێكی زۆر گه‌وره به خۆمان و داهاتووی خۆمان ده‌گه‌یه‌نین.

*** یه‌كێك له‌و ڕێگه‌یانه‌ی كه پارێزگاری له ئاوی ژێر زه‌وی بكرێت، دروستكردنی پرۆژه‌ی به‌نداوه، له‌م ڕووه‌وه چ هه‌نگاوێكتان ناوه؟**

- چه‌ندین پرۆژه‌ی ئاودێری و بیرۆكه ئاماده‌یه و ده‌رخسته‌شمان بۆ كردووه، ته‌نانه‌ت پرۆژه هه‌یه ٨٠٪ی ته‌واو بووه، به‌ڵام له به‌ر بێ پاره‌یی و گرفتی نه‌بوونی سیوله ڕاگیراون، ئێستا چوار به‌نداو كۆنتراكتیان كراوه و له ڕێگه‌ی هاوبه‌شیكردنی نێوان كه‌رتی گشتی و كه‌رتی تایبه‌ته‌وه جێبه‌جێ ده‌كرێن، بۆ ئه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنه‌ر و وه‌به‌رهێنان له ئاودا ڕوو له دروستكردنی به‌نداوی ستراتیژی بكات. هه‌ر وه‌به‌رهێنه‌رێك خوازیاره وه‌به‌رهێنان له ئاو و پرۆژه‌یه‌كی دروستكردنی به‌نداو و ئاودێریدا بكات، ئێمه ئاماده‌ین كارئاسانی و پاڵپشتیی ته‌واوی بكه‌ین و ده‌رفه‌تی باش له‌م بواره‌دا هه‌یه.

*** ئاشكرایه هه‌ر دوو وڵاتی توركیا و ئێران له ڕێگه‌ی دروستكردنی به‌نداوی گه‌وره و گۆڕینی ئاراسته‌ی سه‌رچاوه‌كانی ڕووبار و زێ و كانیاوه‌كانیانه‌وه، كاریگه‌ریی خراپیان كردووه‌ته سه‌ر ئاوی سه‌ر زه‌ویی هه‌رێمی كوردستان و عێراق، پرسیار ئه‌وه‌یه ئایا به جددی عێراق گفتوگۆی ده‌ست پێ كردووه بۆ ڕێگه‌گرتن له جێبه‌جێكردنی ئه‌م سیاسه‌ته مه‌ترسیدارانه؟**

- توركیا و ئێران دوو وڵاتی دراوسێی هه‌رێمی كوردستان و عێراقن، كه زۆرترین سه‌رچاوه‌كانی ئاو له‌و دوو وڵاته‌وه دێت، به‌داخه‌وه هه‌ردوو وڵات

سیاسەتێکی خراپی ئاویی چڕ و مەترسیداریان هەیە و چەندین ساڵە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، ڕەنگە تەنیا جیاوازیی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەوەدا بێت، کە وڵاتی تورکیا ئاو گل دەداتەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاو گل دەداتەوە و ڕێڕەوی سەرچاوەکانی ئاویش دەگۆڕێت. هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران ئیستغلالی دۆخی عێراقیان کردووە و ئاستی ئاوی دیجلە و فوراتیان بۆ ئاستێکی پێوانەیی دابەزاندووە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێکیان بۆ دراوسێتی و لایەنی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی کردبێت، ئەوەتا نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی سووریاش خاوەنی ئەو هێزە نین گوشار دروست بکەن و داوا بکەن کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو بە ڕێککەوتنی دووقۆڵی بێت. ئێران هەر ئامادە نییە قسە لەسەر کێشەی ئاوی هاوبەشی نێوان وڵاتەکەی و عێراق بکات، تورکیاش ئامادە نییە بە جددی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکات، هەرچی وڵاتی ئێرانە ئەم سیاسەتەی زۆر بە مەترسیدارتر دەست پێ کردووە، بەوەی نەك تەنیا بەنداوی لەسەر ئەو ڕووبار و سەرچاوە ئاوییانەی دەڕژێنە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە دروست کردووە، بەڵکو گۆڕینی ئاراستەی ڕێڕەوی هەموو ئەو زێ و ڕووبارانەشی دەست پێ کردووە کە دەڕژێنە هەرێم و عێراقەوە، بە ڕاددەیەك کە زۆرترین زیانی بە هەرێمی کوردستان و عێراق و دانیشتووانەکەی گەیاندووە، هەر خۆی لە خۆیدا پارێزگاریکردنی سامانی ئاوی کوردستان تەحەددایەکی دیکەیە کە وای کردووە چاوتێبڕین بۆ ئەم سامانە، لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم بۆ ئەم جوگرافیایەی ئێمە تا دێت زیاتر بێت.

*** لە ڕوانگەی وشکەساڵی و مەترسییەکانیەوە خۆ دەبێت ئێمەش پێش ئەوەی گرفتەکە قووڵتر ببێتەوە و ببێتە قەیرانێکی مەترسیدار، کار بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە بکەین و پلانی پێشوەختەمان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددا گەورەیە، ئایا لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چ هەنگاوێك گیراوەتەبەر؟**

- هەرچی بەرنامەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلانەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی گیراوەتەبەر، هەندێك لەو پلان و بەرنامانە کورتخایەنە و هەندێکی مامناوەند و درێژخایەنن، بەداخەوە ئێمە کێشەی لاوازیی ژێرخانی بنەڕەتیی بواری ئاومان هەیە، کە پێویستی بە بودجەیەکی یەکجار گەورە هەیە و، بە هۆی قەیرانی دارایی و بڕین و کەمبوونەوەی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا بۆ کەمترین ئاست، ناتوانین ئەم پلان و بەرنامە و پڕۆژانە لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکەین. بەتایبەتی لە ڕووی دروستکردنی بەنداو کە ئێستا عێراقییەکانیش بیر لە بەرژەوەندییەکانی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکەنەوە و، خوازیاری ئەوەن ئەو بەنداوانە دروست بکرێت کە بە بەنداوی بچووك دادەنرێت و زیاتر بۆ مەبەستی کار و ئاوی بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنرێن و، وەکو پێویست ناتوانرێت بۆ گلدانەوەی ئاوی زۆر بەکاربهێنرێن، ناکرێت ئەم دیدگا و بۆچوونە بەردەوام بێت و تەنیا پڕۆژە لە کوردستان دروست بکرێت بۆ خزمەتی تاکلایەنانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و، لە هەموو پڕۆژەیەکی ئاودێری بێبەش بێت و لە خزمەتی خەڵکی کوردستان نەبێت، هەرێمی کوردستان لە دۆسێی ئاودا هەرگیز بە چاوێکی سیاسی نەیڕوانیوەتە ئەم پرسە و ئاوی هەرێمی کوردستانی بەردەوام بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و جووتیارانی بەشەکانی دیکەی عێراقیش بووە و، وەکو کەیسێکی مرۆیی و ژینگەیی باوەڕمان بە هەماهەنگی و هاوکاری و تەواوکاریی یەکتر هەیە، بەڵام ناکرێت چیتر هەرێمی کوردستان بێبەش بێت لەو سامانە ئاوییەی کە هەیەتی، چارەسەری کێشەی کەمئاوی هەماهەنگی و کارێکی دەستەجەمعیی دەوێت لە هاووڵاتیانەوە تا سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کەمبوونەوەی ئاو بابەتێکی حەتمییە و لە دوای ساڵی ٢٠٣٠یەوە قۆناغێکی نوێی وشکێتی دەست پێ دەکات، بە دیوێکی دیکە دۆخەکە هەر ڕەشبینی نییە، ئەگەر تا ٢٠٥٠ لە دیدگایەکی جیاوازەوە گرنگی بە ئاسایشی ئاو بدەین، ئەوا دەکرێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەین و کاریگەرییەکانی ئەو مەترسییە لەسەرمان کەم ببێتەوە، بەتایبەتی بابەتی خۆگونجاندن لە بەکارهێنانی ئاو و هێنانی تۆو و بەروبوومێك کە توانای کەمئاویی هەبێت.

**تورکیا و ئێران دوو وڵاتی دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراقن، کە زۆرترین سەرچاوەکانی ئاو لەو دوو وڵاتەوە دێت، بەداخەوە هەردوو وڵات سیاسەتێکی خراپی ئاویی چڕ و مەترسیداریان هەیە و چەندین ساڵە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن**

**هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران ئیستغلالی دۆخی عێراقیان کردووە و ئاستی ئاوی دیجلە و فوراتیان بۆ ئاستێکی پێوانەیی دابەزاندووە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێکیان بۆ دراوسێتی و لایەنی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی کردبێت**

**نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی سووریاش خاوەنی ئەو هێزە نین گوشار دروست بکەن و داوا بکەن کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو بە ڕێککەوتنی دووقۆڵی بێت**

**هەرێمی کوردستان لە دۆسێی ئاودا هەرگیز بە چاوێکی سیاسی نەیڕوانیوەتە ئەم پرسە و ئاوی هەرێمی کوردستانی بەردەوام بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و جووتیارانی بەشەکانی دیکەی عێراقیش بووە**



لـەو ڕۆژەوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕۆژی (٢٢)ی نیسـانی هەمـوو سـاڵێکی کـردووە بـە ڕۆژی زەوی، زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان هەمـوو سـاڵێك یـادی ڕۆژی جیهانیـی زەوی دەکەنـەوە، وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە زەوی و سیسـتمە ئیکۆلۆژییەکـەی سـەرچاوەی سـەرەکیی ژیـان و بژێویـی مـرۆڤ و ڕووەك و گیانلەبەرانـە.

جێگـەی خۆیەتـی لێـرەدا جارێکـی دیکـەش بـاس لـەو مێـژووە بکەیـن کـە چیرۆکـی ئـەم ڕۆژە لـەوەوە دەسـت پـێ دەکات، کـە لـەو ڕۆژەی سـاڵی (١٩٧٠)دا، ملیۆنەهـا کـەس لـە تـەواوی ئەمریـکادا خۆپیشـاندانیان کـرد بـە سـەرکردایەتیی سـێناتۆر (گایلـۆرد نیلسـۆن)، بـۆ دەرخسـتنی مەترسـییەکانی پیسـبوونی ژینگـە بـە هـۆی کارگـە پیشەسـازییەکانەوە. خۆپیشـاندەران داوای دامەزراندنـی ئاژانسـی پاراسـتنی ژینگـە و دەرچوواندنی یاساکانی پاراستنی ژینگەیان دەکرد، کـە لـە دواجـاردا کۆنگرێـس هـەر دوو داواکانیانـی پەسـەند کـرد، ئـەم ڕۆژەش لـە ئەمریـکادا بـوو بـە ڕۆژی زەوی و، لـە دواییشدا نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕۆژی (٢٢)ی نیسـانی هەمـوو سـاڵێکی وەك ڕۆژی زەوی بـۆ گشـت جیهـان ڕاگەیانـد، ئـەم ڕاگەیاندنـەش ددانپێدانانێـك بـوو بـەو ڕاسـتییەی کە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی سەرچاوەی سـەرەکیی ژیـان و بژێویـی گشـت دانیشـتوان و گیانلەبەرانـە، هەروەهـا ددانپێدانانێکیـش بـوو بـە بەرپرسیارێتیی گشتی کە ڕاگەیاندنی کۆنگرەی زەوی لـە (ڕیـۆدی جانیـرۆ) لـە سـاڵی (١٩٩٢) داوای کـردووە بـۆ زیاتـر تەبایـی و کۆکبـوون لەگـەڵ سرووشت و زەویـدا، لـە پێنـاو دابینکردنـی هاوسـەنگییەکی دادپەروەرانـە لـە نێوان پێداویسـتییە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی نەوەکانـی ئێسـتا و داهاتـوودا. ئەمسـاڵیش (٢٠٢٢) بـە دروشـمی: «وەبەرهێنـان لـە هەسـارەکەماندا بکـەن»، جیهـان یـادی ئـەم ڕۆژە دەکەنـەوە، ئەمـڕۆش سـاتی ئـەو هەڵمەتەیـە بۆ گۆڕینـی زۆرێك لـە ڕەفتارەکان بە ئاراسـتەی پاراسـتنی ژیـان و ژینگـەی خۆمـان و نەوەکانـی داهاتوومـان، چونکـە وەك تـاك ئەوەنـدە توانایەمـان هەیـە بـۆ ئـەوەی جێدەسـت و کارمـان بینـراو بێـت، وەك ڕێکخراوەکانیـش دەتوانیـن دەنگمـان بیسـتراو بێـت، چونکـە ڕۆژی جیهانیـی زەوی دەرفەتێکـە بـۆ دووبـارە جەختکردنـەوە لـە

# ڕۆژی زەوی (٢٠٢٢):
# وەبەرهێنان لە هەسارەکەماندا بکەن



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت

بەرپرسیارێتیی هەمووممان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سرووشتدا، لەو کاتەی کە هەسارەکەمان ڕووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە دەبێتەوە کە دەستکردی مرۆڤەکانن.

بۆیە لەم بۆنەی ڕۆژی زەوییەدا، لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر کێشە و ڕێگرییە کۆن و نوێیەکان، بەتایبەت مەسەلەی دەرکەوتنی زیانە زۆرەکانی فشارخستنە سەر گۆی زەوی و خراپ بەکارهێنانی دەرامەت و سامانەکانی و، چڕبوونەوەی زۆری دانیشتووان لە شارەکاندا و چۆڵکردنی گوند و لادێیەکان، ئێستا کاتی کارکردنە لەپێناو پاراستن و بووژانەوەی زەوی بە زۆر ڕێگەی جۆراوجۆری وەك:

- وەبەرهێنان لە بواری وزە نوێبووەوەکاندا.
- پێداچوونەوە بە نەخشە و بونیادی شار و شارۆچکەکاندا.
- دەستکردن بە چارەسەرکردنی کێشەکانی کەشوهەوا.
- هەڵسوکەوتی هاوڕێیانەی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا.
- پەرەپێدان بە کەلتووری چاندن و سەوزکردن.
- دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەی گشتی .
- باش بەکارهێنانی دەرامەتە سرووشتییەکان.
- پەیڕەوکردنی وەبەرهێنانی ژینگەیی.
- کەمکردنەوەی خاشاك بە گشتی و پلاستیك بە تایبەتی.
- زیادکردنی هۆشیاریی ژینگەیی.
- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە بە ڕێگرتن لە زیادەڕەوی.
- بایەخدانی زیاتر بە پاراستنی ڕووەك و گیانلەبەران.
- بەشداربوون لە چالاکی و کاری خۆبەخشی ژینگەیی.

جگە لە هەموو ئەمانەش نموونەی دیکەی زۆر کار و ڕێگەچارەی دیکە هەن کە هەر یەکەمان لەلای خۆیەوە دەتوانێت یەکێك، یان زیاتری لێ پیادە بکات، وەك هەستکردن بە گیانی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو زەوییەی کە هەتا ئێستاش تاکە جێگەی شیاوە بۆ ژیانی هەمووممان.



# هاووڵاتیان لە گرانکردنی نرخی خواردەمەنی لە مانگی ڕەمەزاندا نیگەرانن

**ئەگەرچی لیژنەکانی چاودێریی بازاڕ لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کارەکانیان بۆ کۆنترۆڵی نرخەکان چڕکردووەتەوە و لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا پلانیان بۆ چاودێریی نرخەکان لە بازاڕەکان داناوە، بەڵام هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزاندا نرخی کاڵاکان بەرز دەبنەوە و دەوترێت هۆکارەکەشی بەشێك لە بازرگانەکانن، لەم ڕووەوە هاووڵاتیان داوای چارەسەر دەکەن نرخەکانی بازاڕ دەفرن،، دیارە ئەم بازاڕە بێ بەزەییەی دژ بە هەژاران؛ بازرگانەکان دروستی دەکەن و هاووڵاتیانیش داوا لە حکومەت دەکەن، بە سزادان ڕووبەڕوویان ببێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ساڵانە لەگەڵ هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان نرخی خواردەمەنییەکان بەرز دەبێتەوە، هاووڵاتیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشێك لە بازرگانەکان ئەو مانگەیان زیاتر بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆستووەتەوە، داواش دەکەن بازرگانەکان لەو مانگەدا نرخی خواردن و خواردەمەنییەکان هەرزان بکەن و ڕەوشی ئابووریی ئەمڕۆی خەڵك لەبەرچاو بگرن. بەپێی ڕاگەیێندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکەدا گفتوگۆ دەربارەی ئامادەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا کراوە، بەتایبەتی لە بواری هاوردەکردنی گەنم و بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان، ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە گرنگیی ئامادەسازی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت کردەوە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان تاکو بارگرانی نەبوونی بەرهەمە خۆراکییەکان، یان گرانبوونیان ژیانی هاووڵاتییان تووشی کێشە و گرفت نەکات. لە بەشێکی ڕاگەیێندراوەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە»: «ئەنجومەنی وەزیران، پێشنیاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەسەند کرد سەبارەت بە هەڵگرتنی ڕەسمی گومرگی بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان».

عیسا بۆتانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و سەبارەت بە هۆکاری گرانبوونی نرخی کاڵاکان دەڵێت: «گرانبوونی نرخی کاڵاکان هەمیشە پەیوەست نییە بە مانگی ڕمەزان و نابێت تەنیا لە ڕوانگەی ئایینییەوە لێکدانەوەی بۆ

بکرێت کە پەیڕەوانی ئایینێك پەیگیر نین بە بنەما ئایینییەکان و ئەو بۆنە و مانگە وەکو هەلێك دەقۆزنەوە بۆ قازانجی زیاتر، مانگی ڕەمەزان و هاتنی بۆنە و جەژن و تەنانەت ڕوودانی قەیران و کێشە سیاسییەکان و شەڕ و کارەساتە سرووشتییەکان و بەتایبەتی زۆربوونی خواستی کڕین لەلایەن هاووڵاتیانەوە، دەبنە هۆکارێك بۆ هەڵایسانی نرخ لە بازاڕ، ئەمەش پێویستی بە شیکاری و شرۆڤە و دیدێکی ئابووریناسانە هەیە. هەموومان گلەیی لە تاکی کۆمەڵگە دەکەین کە لەگەڵ بوونی هەڕەشە و مەترسییەك، یان نزیکبوونەوەی جەژن و هەڵکەوتێکی ئایینی، یان نەتەوەیی، بە لێشاو ڕوو لە کڕینی کاڵاکان دەکەن و دەبنە هۆکار بۆ کەمبوونەوەیان لە بازاڕ و دواجار بەرزبوونەوەی نرخەکانیان. ئەمە لەلایەك ڕاستە، بەڵام ئەمە تەنیا تاکی کورد نییە لەسەر گۆی زەوی کە لەو کاتانەدا بیەوێ زیاتر لە پێویستییەکانی خۆی دابین بکات و مرۆڤ لە هەر شوێنێکی دونیا هەڵگری ئەو بیرکردنەوە و خەسڵەت و ڕاڕاییەیە کە وا دەکات بیر لە گەرەنتیکردن و دابینکردنی خۆراك و پێویستییەکانی خۆی بکاتەوە، کە لە دۆخ و ڕەوشێکی ئاساییدا ئەم هەنگاوە ناهاوێژێت. ترس و گومان لە نەمان و بێبەشبوونی لە حەوجەدارییەکانی وا دەکات بیر لەوە بکاتەوە لە جیاتی نانێك هەمیشە دوو نان بۆ ژەمەکانی زامن بکات. کاریگەریی قۆرغکاری لە نرخەکان و کەمبوون و نەهێشتنی کاڵاکان لە بازاڕدا زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت کە کۆمەڵگەی بەرهەمهێن و خۆبژێو نین و بازاڕەکانیان زیاتر پشت بە کەلوپەل و کاڵای هاوردەکراو دەبەستن.

هەر لەو یەك دوو ساڵەی دوایی و هەتا بەر لە مانگێك ئەو دیاردەیەمان لە زۆرێك لە دانیشتووانی وڵاتانی جیهان و نەتەوە جیاوازەکان بینی کە لە ترۆپکی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بە هۆی داخستن و ڕێوشوێنەکانی کەرەنتینەکردن؛ هاووڵاتیانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەفەی مارکێت و مۆڵەکانیان گەسك دا و کاڵا و خۆراکیان تێیاندا نەهێشت، هەروەها لەم دواییەشدا شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا قەیرانی خۆراك و خواستی کڕینی لە زۆرێك لە وڵاتان لە سەرتاسەری جیهانی لێکەوتەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە مانگی ڕەمەزاندا تێکڕای فرۆشیار و بازرگانەکان هەوڵی قۆرغکردنی بازاڕ نادەن، بەڵام ئەو هەوڵەی ئەوان ئەگەر هەشبێت، بە بێ یارمەتیی کڕیاران سەر ناگرێت. ئەگەر هاووڵاتیان بە وشیارانە بە دەم کڕینی پێداویستییەکانیانەوە بچن، بازرگان و سەرمایەدارەکان ناتوانن دەست بە سەر بازاڕدا بگرن و بە ویستی خۆیان نرخەکان بەرز بکەنەوە. بۆیە چارەسەر و دانانی سنوور بۆ قۆرغنەکردنی بازاڕ لە بۆنە و یاد و جەژنەکاندا لە ئەستۆی دەزگا و دامەزراوە چاودێرییەکانی حکوومەتە بە پلە یەك و پاشان وشیاریی هاووڵاتیان و ویژدانی فرۆشیار و بازرگانیش ڕۆڵ دەگێڕن لە دروستبوون و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە. لە کۆتاییدا چارەسەری بنەڕەتی بۆ لەبەینبردنی دیاردەی بڵندبوونی نرخی کاڵاکان هەنگاونانە بەرەو بونیادنانی وڵاتێکی بەرهەمهێن کە بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و لە هەر قەیران و بارودۆخێکدا پێویستییەکانی خۆی دابین بکات».

خەندە کەمال خانمێکی کابانە و لە ماڵەکەی خۆیدا خواردن و شیرینی بۆ کڕیارەکانی ئامادە دەکات. سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان و کاری خۆی دەڵێت: «کار کردن ویژدانە، ویژدانت نەبوو، هیچ کات و ساتێك کار نەکەیت باشترە، چونکە هەم گوناهبار دەبی و هەمیش ڕزقەکەت بەرەکەتی نامێنێت. دووکاندار و بازرگان و فروشیارەکانی ئێمە لە بری ئەوەی لەم مانگە پڕ ڕەحمەتەدا نرخی شتومەکەکان کەمیك دابەزێنن، یان لانیکەم وەك خۆی بیهێڵنەوە، کەچی نرخەکان زیاد دەکەن، بێگومان لەم زیادەی نرخیش تەنیا فەقیر و هەژار زەرەر دەکەن کە ناتوانن ئەو کاڵا و شتومەکانە بکڕن، بەڵام هەم لە بەر خوا، هەمیش لە بەر ویژدان پێویستە لانیکەم نرخەکان وەك خۆی بهێڵنەوە، نەك چاوچنوکیی بازرگانەکان وا بکات هەموو دەرفەتێك بۆ گیرفانی خۆیان بقوزنەوە. بێگومان ئەو گرانییەی بازاڕ کاریگەری لەسەر کارەکانی منیش هەیە، بەڵام من یان کەمم کردووەتەوە و قازانجێکی زۆر زۆر کەمم لەسەر داناوە، یانیش وەکو خۆی هێشتوومەتەوە. ڕوون دووقات نرخی زیاد بووە. پێرێ کولیچەی گوێزم کردووە لە ١٢ کیلۆ ١٢ هەزار دینارم بۆ ماوەتەوە، بەڵام هەر دڵخوش بووم، من زیاتر پێویستم بە کڕیارەکانمە، دەبێت بە ویژدانەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەم، چونکە ئەگەر ئەوان نەبن، هیچ بەرهەمێکم ساخ نابێتەوە».

هێمن ساڵح کۆمەڵناسە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دوو هۆکار لە پشتەوەی گرانیی نرخەکانی بازاڕە لە مانگی ڕەمەزان، بە دەر لەو هۆکارە دەرەکییانەی کە ئەم مانگی ڕەمەزانە بە هۆی لێکەوتەکانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی خۆی هەبووە، یەکەمیان زۆربوونی خواستی خەڵکە بۆ کڕینی شتومەك کە بە بیردۆزەی ئابوورییانە هەر کات خواست زیاد بکات کاڵا گران دەبێت، دوەمیان پەیوەندی بە بازرگان و دووکاندار و فرۆشیارانەوە هەیە، لە کاتێکدا بەڕۆژوون و دەبێت هاوکاریی هەژاران بکەن.

**ڕوودانی قەیران و کێشە سیاسییەکان و شەڕ و کارەساتە سرووشتییەکان و بەتایبەتی زۆربوونی خواستی کڕین لەلایەن هاووڵاتیانەوە، دەبنە هۆکارێک بۆ هەڵایسانی نرخ لە بازاڕ**

**شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا قەیرانی خۆراک و خواستی کڕینی لە زۆرێک لە وڵاتان لە سەرتاسەری جیهانی لێکەوتەوە**



ئارەزوو سەباح:

# خەون و خولیات گەورە بێت، کەمئەندامی و ئاریشەکانی زۆر بچووک دەبن

ئارەزوو سەباح مەحموود، تەمەنی ٢٦ ساڵە و دانیشتووی شاری سلێمانییە لە باشووری کوردستان و وەك خۆی باسی کرد، دەرچووی پۆلی شەشی سەرەتاییە و دایکی «کچ و کوڕێکی جوان و ڕۆحسووك»ـە. کە سەیری وێنە و ڕوخساری دەکەیت، دایکێکی جددی و ئافرەتێکی بە ئیرادە دەبینی پێش ئەوەی سەرنجی ئەوە بدەیت کە ئەندامێکی لەشی واتە دەستێکی نییە. ئارەزوو بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات: «کاتێ لەدایك بووم، بە ویستی خودای گەورە خاوەنی یەك دەست بووم، بەڵام هیچ کات ئەم بارە جەستەییە یان نەبوونی ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشم نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم ئاسایی ڕۆیشتنی ژیانم. بەپێچەوانەوە هێز و وزە و وورەی پێ بەخشیوم و زۆر گەشبینانەتر لە ژیانی خۆم و دەوروبەرم ڕوانیوە. هیچ کارێك لەسەر ئەم گۆی زەوییە بۆ من سەخت و



**ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن ژمارەیان کەم نییە، بەڵام ئەوانەی کە ئیرادەیان بەسەر کەمئەندابوونیاندا زاڵە، ژمارەیان کەمە. ئەوان شەڕی قەدەر دەکەن و ڕووبەڕووی هەموو کێشە و گرفتێك دەبنەوە، بۆ ئەوەی بە خەون و ئامانجەکانیان بگەن. ئارەزوو سەباح یەکێکە لەو ئافرەتە کۆڵنەدەرانەی کە هیچ کات سەختی و نالەباری ژیان لە خەون و خولیاکانی دوور نەخستووەتەوە، ئەو وەك هەر کەسێکی ئاسایی و پڕئەندام درێژە بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەدات و بە ئومێدەوە لە ئاسۆی داهاتووی دەڕوانێت و لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دژوار نییە و هیچ ڕۆژێکم بە بێ خەندە و پێکەنین بەڕێ ناکەم. بە جۆرێك باوکم هەمیشە پێم دەڵێت: دەنگی قاقا و پێکەنینەکانی تۆ لە هەمووان بڵندتر و پاك و بێگەردترە، پێکەنینەکانت پڕن لە هیوا. دیارە من بە هۆکاری تایبەت و بارگرانیی ژیان و گوزەران نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم، بەڵام هەرگیز نەوەستاوم و توانیومە لە بوارێکی دیکەی ژیان تواناکانی خۆم بەگەڕ بخەم و بیدۆزمەوە».

ئارەزوو باسی ئەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە خوزگە و خولیای چنین و دروومان و کاری دیزاینی بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە پەرۆشەوە بەشداریی چەندین خولی چنین و دروومانم کردووە، کە لەلایەن دەزگای بیانی و ناوخۆ کراونەتەوە. خاوەنی چەندین بڕوانامەی جۆراوجۆرم لەم بوارەدا و سپاسی سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکەم کە هاوکارم بوون بۆ ئەوەی من ببم بە خاوەن پیشە و کاری خۆم، بە جۆرێ کە بتوانم بگەم بە خەون و خولیاکانم. لە ئێستادا یەکێك لە دیزاینەرە ناودارەکانی شارەکەم و لە لایەن چەندین کۆمپانیا و خاوەن کاری دیکەوە پێشنیاری کارم پێ کراوە. بەردەوامم لە سەر کاری دروومان و دیزاینی جلوبەرگ و دەتوانم پیشەکەم وەك سەرچاوەیەکی داهاتی ژیانم سەیر بکەم».

ئارەزوو سەباح زۆر سوپاسی خێزانەکەی بەتایبەت هاوسەر و منداڵەکانی دەکات، کە وەك خۆی گوتی هەمیشە هاوکاری بوون لە بەرەوپێشچوونی خەون و خولیاکانی، هاوکات دەڵێت: «زۆر زۆر سوپاسی خودا دەکەم کە بەم شێوەیە منی خولقاندووە. ڕەنگە ئەگەر من ئەم بارە جەستەییە تایبەتەم نەبووایە، ئەم مرۆڤەی ئێستام لێ دەر نەچووبایە.

هیچ کات کەمئەندامبوونم نەبووەتە هۆی ڕێگری لە هیچ کارێکی ژیانم و بگرە بووەتە سەرچاوەی هێز و وزە و ئیرادەی بێ سنوورم. بۆیە دەڵێم: ئەگەر بە کەمئەندامبوون لەدایك بوویت و نەبوویتە مرۆڤێکی بلیمەت و سەرکەوتوو، ئەوا لۆمەی کەس مەکە و تەنیا لۆمەی خۆت بکە.

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری لە ئارەزوو سەباح کرد، کە ئایا چ هێزێك پاڵی پێوە نای بۆ کارکردن و سەلماندنی خۆت لە کۆمەڵگە؟ لە وەڵامدا گوتی: «ئیرادە و متمانە بەخۆبوونم وای لێ کردم کە بتوانم لەسەر قاچەکانی خۆم بوەستم و کار بکەم و خۆم بسەلمێنم، بەوەی کە منیش هیچ شتێکم لە کەسانی ئاسایی کەمتر نییە و بگرە زۆر زیاتریش لە کەسانی ئاسایی بەهێزترم، هەر باوەڕبە خۆبوون و متمانە بەخۆکردنم، وای لێکردم کە لە کارەکەم بەردەوام بم».


لە وەڵامی ئەم کۆتا پرسیارەشدا کە چ پەیامێکت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیە؟ گوتی: «من لێرەوە پیان دەڵێم با کەمئەندامی نەبێتە ڕێگر لە بەدیهێنانی ئاواتەکانتان، بە هێز بن و هیچ قسە و توانجێکی کۆمەڵگە نەتانڕووخێنێت. بەردەوام بن لە ژیان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانتان، چونکە ئێوەش هیچتان لە کەسانی دی کەمتر نییە. بێگومان خەون و خولیات گەورە بێت، کەمئەندامی و ئاریشەکانی زۆر بچووك دەبن».

من لێرەوە پێیان ئەڵێم با کەمئەندامی نە بێتە ڕێگری لە بە دی هێنانی ئاواتە کانتان بە هێز بن هیچ قسەو توانجێکی کۆمەلگە نەتانڕوخێنێت بەردەوام بن لە ژیان لە بە دی هینانی خەونە کانتان ئیوە ش هیچتان کەمتر نییە لە کەسانیتر.

**هیچ کارێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە بۆ من سەخت و دژوار نییە و هیچ ڕۆژێکم بە بێ خەندە و پێکەنین بەڕێ ناکەم**

**باوکم هەمیشە پێم دەڵێت: دەنگی قاقا و پێکەنینەکانی تۆ لە هەمووان بڵندتر و پاک و بێگەردترە، پێکەنینەکانت پڕن لە هیوا.**

**بە هۆکاری تایبەت و بارگرانیی ژیان و گوزەران نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم**



# خانمە پزیشکێکی کورد خەڵاتێکی نێودەوڵەتی لە نەشتەرگەریی مەمک وەردەگرێت



د. نەرمین تەها مستەفا، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری و سەنتەری نەخۆشییەکانی مەمك لە هەولێر، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا و بۆردە لە نەشتەرگەریی گشتی و لە ساڵی٢٠٠٦ ـەوە یەکەم پسپۆڕی ئافرەت بووە لە بواری نەشتەرگەریی گشتی لە هەموو کوردستان و هاوەڵی کۆلێژی نەشتەرگەرانی ئەمریکی و ئەندامی کۆمەڵەی پزیشکانی نەشتەرگەریی مەمکە لە ئەمریکا. سەبارەت بە وردەکارییەکانی کار و پڕۆژەکانی ئەو خانمە پزیشکە بە گوڵانی ڕاگەیاند:

«ساڵانە کۆمەڵەی پزیشکانی نەشتەرگەریی مەمك لە ئەمریکا بە هاوکاریی کۆلێژی نەشتەرگەرانی ئەمریکا پزیشکێکی نەشتەرگەریی مەمك هەڵدەبژێرن لە سەرتاسەری جیهان و خەڵاتی سکۆڵەرشیپی نێودەوڵەتی پێ دەبەخشن.» هەر لەو بارەیەوە گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ ئەمساڵ من هەڵبژێردرام و بانگهێشتی ئەو وڵاتە کراین. لە یەکەم وێستگەی گەشتەکەشم سەردانی ناوەندی سەرەکیی پڕۆگرامی شێرپەنجەی مەمك (The National Accreditation Program for Breast )م کرد لە شیکاگۆ لە کرد، کە دەزگایەکی پڕۆفیشناڵ و زانستییە و سەرپەرشتیی پڕۆگرامی گرنگیپێدان و چارەسەرەری شێرپەنجەی مەمك دەکات لە ئەمریکا، لەگەڵ تیمی شێرپەنجە گفتوگۆمان کرد لەسەر دوایین زانیاری لە چارەسەر و نەشتەرگەریی شێرپەنجەی مەمك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چۆن سیستەم و داتایەکی ڕێکوپێك و تۆکمە هاوکارە لەو بوارە. هەروەها سەردانی بارەگای سەرەکیی کۆلێژی نەشتەرگەرانی ئەمریکیم کرد لە شیکاگۆ، کە نزیکەی چوار ساڵە بڕوانامەی هاوەڵی ئەو کۆلێژەم هەیە.

**ساڵانە کۆمەڵەی پزیشکانی نەشتەرگەریی مەمك لە ئەمریکا بە هاوکاریی کۆلێژی نەشتەرگەرانی ئەمریکا پزیشکێکی نەشتەرگەریی مەمك لە سەرتاسەری جیهان هەڵدەبژێرن و خەڵاتی سکۆڵەرشیبی نێودەوڵەتی پێ دەبەخشن، لەسەر ئاستی عێراق و کوردستانیش پزیشکێکی کورد کە پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی و مەمکە ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییە لە بوارەکەی خۆی وەردەگرێت. د. نەرمین تەها مستەفا، بۆ ئەمساڵ خەڵاتی سکۆلەرشیپی نێودەوڵەتیی نەشتەرگەریی مەمکی پێ بەخشرا. هەر لەو بارەیەوە گۆڤاری گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵ ساز کرد.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئەو دەزگایە دەزگایەکی زانستیی گەورەیە لە جیهان بۆ پزیشکانی نەشتەرگەری و نزیکەی سەد ساڵە دامەزراوە، زۆر خۆشحاڵ بووم بە دیتنی کۆمەڵێك پزیشك و کەسایەتیی بەناوبانگی بواری نەشتەرگەری و پاشان سەردانی سەنتەری نەخۆشییەکانی مەمکمان کرد لە نەخۆشخانەی (Northshore University Hospital) و لەگەڵ د. کاپرین یاو کە پرۆفیسۆری نەشتەرگەریی مەمکە لە نەخۆشخانەکە چۆنیەتی پێشوازی و چارەسەری نەخۆشەکانمان بینی. هەروەها لە برگەیەکی دیکەی پرۆگرامی خەڵاتەکە لە شاری ئالس ڤیگاس بەشداریی کۆرسێکی پێشکەوتووی نەشتەرگەریی مەمکمان کرد».

د. نەرمین تەها مستەفا باسی ئەوەشی کرد کە لە کۆتا برگەی پرۆگرامەکە بەشداری لە چوار ڕۆژی چڕ و پڕی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی نەخۆشییەکانی مەمکی کردووە لە شاری ئالس ڤیگاسی ئەمریکا و نوێترین چارەسەر و لێکۆڵینەوەی شێرپەنجەی مەمکیان تاوتوێ کردووە، وەك خۆی باسی کرد، لە میانی کۆنفرانسەکە وەك خاوەنی خەڵاتی «سکۆڵەر شیب»ی ئەمساڵ ناسێندراوە لە لایەن د جولی کە سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی نەشتەرگەریی مەمکە لە ئەمریکا، خەڵاتەکەش بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بووە، بەڵام بە هۆی نە خۆشیی کۆرۆنا بۆ ئەمساڵ دواکەوتووە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە وەکو خانمێکی کورد بە وەرگرتنی خەڵاتەکەت تا چەند دڵخۆشی؟ د. نەرمین تەها گوتی: «هەستێکی زۆر خۆش بوو و شانازییەکی گەورە بوو بۆ من کە لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە نوێنەرایەتیی خەڵك و وڵاتی خۆم کرد و خەڵاتێکی جیهانیم وەرگرت، وەکو یەکەم کەس نەوەك لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق».

سەبارەت بەوەش کە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە تا چەند گرنگی هەیە؟ گوتی: «بێگومان زانستی پزیشکی بەردەوام لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریدایە و پێویستە ئێمەی پزیشکانیش ئاگاداری دوازانست و لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان بین، بەشداریکردنیش لەو جۆرە کۆنفرانس و خولە زانستییانە بێگومان لەسەر خزمەتکردنی نەخۆشەکانمان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت.


لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ سەلامەتی و تەندروستیی خانمان چ ئامۆژگارییەکی هەیە، لە کاتێکدا کە ئێستا شێرپەنجەی مەمك لە نێو خانمان باوترین جۆری شێرپەنجەیە، گوتی: «وەکو هەموو وڵاتان ڕێژەی شێرپەنجەی مەمك لە کوردستانیش لە هەڵکشانە و هۆکاری مردنیشە، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە دوور بکەونەوە لەو هۆکارانەی کە ئامادەباشی بۆ شێرپەنجەی مەمك دەکەن. بوونی یەکەم منداڵ لە تەمەنی زوو واتە خوار تەمەنی ٣٠ ساڵ و شیردانی سرووشتی و وەرزشکردن ئافرەت پارێزراو دەکات، هەروەها پێویستە ئافرەتان دوور بکەونەوە لە بەکارهێنانی حەبی منداڵنەبوون بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، (دە ساڵ، یان زیاتر) و لە جگەرەکێشان و مەیخواردنەوەش دووری بگرن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە خزمی نزیکیان شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە، وەکو دایك و پوور، پێویستە زیاتر ئاگاداری خۆیان بن و پشکنین بکەن و سەردانی پێشوەختەی پزیشکیش زۆر بە سوودە. بە شێوەیەکی گشتی زۆر پێویستە خانمان هەر کاتێك هەستیان بە گرێیەك، یان شتێکی نامۆ کرد لە مەمکیان، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن.

**شانازییەکی گەورە بوو بۆ من کە لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە نوێنەرایەتیی خەڵک و وڵاتی خۆم کرد و خەڵاتێکی جیهانیم وەرگرت**

**ئەو ئافرەتانەی کە خزمی نزیکیان شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە، وەکو دایک و پوور، پێویستە**

**زۆر پێویستە خانمان هەر کاتێک هەستیان بە گرێیەک، یان شتێکی نامۆ کرد لە مەمکیان، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن**

# قادر دیلان
# لە مەنفاوە بۆ
# هەموو دڵێک



د. ئامانج غازی
بۆ گوڵانی نووسیوە


ئیمامی عەلی ( خودا لێی رازی بێت ) دەفەرموێت: «ئەگەر نەتزانی لە کوێوە هاتوویت، ئەوا بێگومان ناشزانیت بۆکوێ دەڕۆیت»، هەر لەگەڵ یەکەم کازیوەی تەمەنی هونەری موزیکی کوردیدا ( ئەگەر هەبێت) هونەرمەندی خاوەن هەست و عەقڵی ئەکادیمی و پەنجەی داهێنەرانە، ویستوویەتی لە دەروازەی ئەو زانیارییە بچکۆلانەوە بچێتە نێو دەریای میلۆدیی مرۆڤ هەژێن.

( قادر دیلان )ی بوێر و هونەرمەند هەر زوو دەیزانی بەهرەی خۆرسك ئەگەر بەوردی و بە زانستی موزیکی گەورە پەروەردە نەکرێت، ئەوا بە بێدەنگی و کپی غلۆری نێو مێژوویەکی تاریك دەبێتەوە.

( دیلان )ی هونەرمەند هەمیشە دەیزانی لەکوێوە و بەرەو کوێ دەچێ، ئەو دەرکی بەوە کردبوو کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا پەروەردە بووە، کەمانای هونەر بەگشتی و موزیکیش بەتایبەتی، ئەو جوانی و گەورەییە بەخۆوە هەڵناگرێت کە زاتی پاکی ئەو مەبەستی بوو، چونکە تادرەنگانێك موزیك لە نێو کۆمەڵگەدا بە بەشێکی کولتووری (نامۆ و خەوش) دادەنرا، بۆیە ناچار ئەم هونەرمەندە بەخۆی و کۆڵێك لە خۆشەویستیی سرووشت و بۆنی خاك و نیشتمانەوە، وڵاتی جێهێشت و بەرەو ئەو ئاسۆیە رۆیشت کە (موزیك)ی ناو بوو.

کەواتا لێرەدا ئەم هونەرمەندە خاوەنپەنجە داهێنەرانە رۆژانی تاراوگەی لەگەڵ شەوانی تەنیایی گرێ دەدا و، بە گەران و ماندووبوون و شەونخونی بەدوای دەنگە سیحراوییەکانی زەمەندا دەگەراو، زۆر حەزی دەکرد لە نهێنییە گەورەکانی (میلۆدی، دانان، دابەشکردنی موزیك، زانستی هارمۆنی، کۆندێکتەر، ئۆرکسترا ) بگات.

بۆیە دەمێکیش بوو درکی بەوە کردبوو کە تەمەنی کەم بەرامبەر ئەو هەموو زانستە زۆرە بەرگەی نامێنێ، ناچار لە هەر باخێك گوڵێکی هەڵبژاردو، بووە پێشەنگی ئەو هونەرمەندانەی کە بە ئەکادیمی و زانستی موزیکەوە هاتنە مەیدان و، لەوێش لە تاراوگە خەونی نەهاتەدی، بەڵام وەکو کوردێك و هونەرمەندێك، توانی شوێنی خۆی لە گەورەترین دەزگای راگەیاندنی وڵاتی (چیکۆسلۆفاکیا)ی ئەوسا بکاتەوە، دابەشکردنی (سروودی دەمی راپەرینە) یەکێکە لەو بەرهەمە شاکارانەی ئەم زاتە، کە تیایدا ئۆرکێسترا بە هەموو گەورەیی خۆیەوە توانیویەتی خەباتی گەلێکی زیندوو لە ئامێز بگرێت، بەرهەمە تۆمارکراوەکانی دیکەیش پێویستە لە دوارۆژێکی زۆر نزیکدا بە ئەدا و ژەنینی کوردییانە و ئۆرکێسترایەکی نەتەوەیی کورد بژەنرێت، چونکە دڵنیام گەر لە بەرهەمەکانی خۆماڵی دەست پێ نەکەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین بەسەر پردی پەرینەوەی بەرهەمە رەسەنەکانماندا بگەینە کار و شاکاری جیهانی.





# ڕەمەزان بۆ هەیفا تایبەتمەندیی خۆی هەبوو

هەیفا وەهبی لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە گرنگییەکی زۆری بە جلوبەرگ دەدات، بەجۆرێك کە جوان بێت و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەم مانگەدا گونجاو بێت، بۆ ئەم ساڵ جلوبەرگی هەیفا زیاتر بە ڕەنگ و دیزاینی گەنجانە بوو، بۆیە کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو لە سۆشیال میدیا.

لە خوانێکی بەربانگدا هەیفا وێنەی خۆی بە چەند دیزاینێکی جلوبەرگی ڕەمەزانەوە بڵاوکردەوە، زیاتر بریتی بو لە عەبایەکی ڕەش لەگەڵ چەند وێنەیەك، دیزاینێکی ناسك و سەرنجراکێش بوو.

پێشتریش چەند وێنەیەکی خۆی بە عەبایەکی عەرەبی ڕەنگی پرەقاڵی بڵاوکردەوە، کە بە چەند گوڵ و باڵندەیەك نەخشێنرابوو و تایبەت بۆ مانگی پیرۆزی ڕەمەزان ئامادە کرابوو.

عەبا و ڕەنگ و دیزاینەکەی زۆر گرنگ نەبوون بۆ جەماوەرەکەی، بەڵکو ئەوەی زیاتر سەرنجی هەوادارانی هەیفای ڕاکێشا بوو، بریتی بوو لە نرخی عەباکە، چونکە نرخەکەی گەیشتە ١٢٥٠ دۆلار، ئەمەش لای بەشێك لە جەماوەرەکەی زۆر ئاسایی بوو، چونکە گشت جلوبەرگەکانی هەیفا لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا زۆر لەو نرخە گرانتر بووە و ڕەنگە بەو ئەندازەی وانیش نەبووبن.

**سەرچاوە: لها**



## ناومی نهێنی مانەوەی جوانیی خۆی ئاشکرا دەکات

سەرەڕای ئەوەی تەمەنی (ناومی واتسی) خانمە ئەکتەری ئوسترالی گەیشتوەتە ٥٣ ساڵ، بەڵام یەکێکە لەو ئەکتەرانەی بە جوانییە سرووشتییەکەی ناسراوە، کە بەرەنگاری تەمەن و پیربوون دەبێتەوە و بە نموونەی پیر نەبوون دەناسرێتەوە.

ناومی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (Vogue Australia) باسی لە چەند لایەنێکی تایبەت بە جوانمانەوەی خۆی کرد و رایگەیاند: یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە هەوڵ دەدات بەپێی توانا لە تیشکی خۆر دوور بکەوێتەوە و، لە کەناری دەریا زۆر بە دەگمەن خۆی دەشوات و، دەڵێت من حەز دەکەم بچمە کەناری دەریا، بەڵام نەك بۆ ئەوەی کە رۆن لە دەموچاوم بدەم بۆ ئەوەی رەش ببێت.

ناومی زیاتر دەڵێت: هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەم کاتێك قاچەکانم دەخەمە نێو لمی کەنارەکان و نمە بایەکی هێمنیش هەبێت، من حەز ناکەم پیر ببم، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستم بە هیچ شێوەیەك نامەوێت هێڵ لە دەوروبەری دەمم هەبێت، بەڵام ئەمە کارێکی حەتمییە و کەس لێی رزگار نابێت.

سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پیری، ناومی دەڵێت: بێگومان هەندێك لوچ لە روخساردا پەیدا دەبن، بەڵام پێویستە بەژیری مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و بزانین پێویستە لەو حاڵەتەدا بە مروونەتەوە مامەڵە بکەین، چونکە هەندێك لە رۆژەکانمان خۆش دەبن، بێگومان هەندێکی دیکەشیان بە دڵی ئێمە نابن.

**سەرچاوە: ترینداورا**

## دوای ٢٤ ساڵ کاساندرا چی لێهاتووە

زنجیرە درامای (کاساندرا) یەکەم زنجیرەی دۆبلاژکراوی مەکسیکی بوو بۆ سەر زمانی عەرەبی، دوای ئەوەی لە فەنزوێلا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا، لە چەندین وڵاتی دیکەش نمایش کرا و وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانەکانیان، لەوانە رۆمانیا، سربیا، بۆلگاریا، سووریا، ئیتاڵیا، ئەندەنوسیا و چەندین وڵاتی دیکەی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

چیرۆکی زنجیرەکە باس لە کچێکی قەرەجی هەژار دەکات، دواتر دەبێتە یەکێك لە ئافرەتە دەوڵەمەندەکان، رووداوەکانیشی رۆمانسی بوون و ژمارەیەکی پێوانەیی لە جەماوەر تۆمار کرد.

پاڵەوانی زنجیرەکە کچێکی فەنزوێلایی بوو بە ناوی کۆرایما تۆریس، کە بە چاوە رەش و جوانەکانی سەرنجی بینەرانی راکێشا بوو و، هەر ئەوەیش یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی بوو، بەجۆرێك ئەو کات بەهۆی کاساندراوە جلوبەرگی قەرەجەکانیش یەکێك بوو لە مۆدە باوەکانی نێو کچان.

ئەم زنجیرەیە لە ١٥٠ ئەڵقە پێك دەهات، ئەمەش بۆ جەماوەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا رادەیەکی زۆر کارێکی نوێ بوو، چونکە پێشتر زۆربەی زنجیرەکان لە ٣٠ ئەڵقە زیاتر نەبوون، بەڵام کاساندرا جیاواز بوو و توانیی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات، چونکە لە ٢٠٠ کەناڵی جیاجیا لە ١٢٠ وڵات نمایش کرا.

ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دوای ٢٤ ساڵ هێشتا کۆرایما تۆریس جوانییەکەی خۆی لە دەست نەداوە.

**سەرچاوە: نورت**



# هونەر و ئەنفال

**سوپای عیراق لە سەردەمی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٨٨دا، زنجیرەیەك هێرشی سەربازیی کردە سەر باشووری کوردستان. لەو شاڵاوەدا نزیکەی ٥ هەزار گوند و دەیان شاری باشووری کوردستان خاپوور کران، نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردیش بە شێوەی هەمەجۆر گیانیان لەدەست دا. ئەنفال شاڵاوێکی جینۆساید بوو، بە فەرمانی سەدام و بە دەستی عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای دژ بە خەڵکی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

ئامانجی حکومەتی عیراق لە بەرپا کردنی ئەنفال ڕیشەکێش کردنی کورد بوو، تا بە یەکجاری دەست بەسەر خاکی باشووری کوردستاندا بگرێت و ناسنامەکەی زەوت بکات. ئەم شاڵاوە قوربانییەکی زۆری لە کورد برد، لە کۆتاییشدا شکستی هێنا و سەری ڕژێمی جێبەجێکەری شاڵاوەکەی خوارد. چیرۆکەکە لێرەدا بە کۆتا نایەت، فەلسەفەی پشت ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد خامۆش نەبووە، وەك ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش، هەر کە بای توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی هەڵبکات، ئەویش دەگەشێتەوە و دەکەوێتە وێزەی کورد و خاکی کوردستانەوە. بۆ ڕێ گرتن لەو شاڵاوی جینۆسایدەی هەر جارەی بە ناوێکەوە بەرپا دەبێت، کورد مافی خۆیەتی بۆ داکۆکی کردن لە مانەوەی، پەنا بۆ هەموو ئامراز و ڕێکارێك ببات. دوێنێ (٢٠١٤) بوو ئەنفالی کورد لە شنگال بەرپا بووەوە. هەڕەشەی سڕینەوەی کورد تا ئەم کاتە نەبڕاوەتەوە. کورد پێویستی بە قەلغان و پەرژینە بیپارێزێت.

هونەر، بە هەموو لق و چڵێکییەوە، ئامرازێکی زۆر کاریگەرە بۆ باس کردنی ئەنفال و هەڵچنینی پەرژینێکی بەرز و پتەو، کە ڕێ لە داگیرکەرانی کوردستان بگرێت جارێکی دی کورد جینۆساید و کوردستان داگیر بکەنەوە. شاڵاوی ئەنفال



عەمبارێکی فرە گەورەی کەرەستە و زەخیرەیە بۆ تێکەڵ کردنی بە دنیای هونەر، هونەراندنێك لە ئاست و کوالێتییەکی بەرز بێت، بە گوتارێکی باڵای وا، برستی دواندنی ویژدانی مرۆڤایەتیی هەبێت. دە ئاخر ناکرێت هەڕەشەی سەر نەتەوەیەك و وڵاتەکەی نەبڕێتەوە. پێمان وا ویژدانی مرۆڤایەتی زیندووە، ڕای گشتیی جیهانیش جینۆساید و قڕ کردن ڕەت دەکاتەوە، ئێ خۆ ئێمەی کورد و نیشتیمانەکەمان هەر لە سەدەی بیستەمدا، لە چوار پارچەکەی نیشتیماندا ڕووبەڕووی قڕ کردن و سووتماك بووینەوە. ئەگەر مرۆڤایەتی بە ڕاستی باوەڕی بەو بەهایانە هەیە کە کراونەتە دروشمی جیهانی، ناکرێ بەوە ڕازی بێت و ڕێ بدات، زنجیرەی ئەو تراژیدیا مرۆییەی دژ بە کورد بەرپایە، تا سەر بەردەوام بێت.

هونەری ئێمە تا ئێستا بە ئەندازەی کارەساتەکە، نەیتوانیوە بێتە دەست و ڕاستییە دژوار و وێژدان هەژێنەکانی ئەنفال بکاتە گوتارێك، ویژدانی مرۆڤایەتی و گەلانی پێ بدوێنێت. پێویستە ئەنفال ببێتە بەیت و باڵۆرەی نەبڕاوەی ئێمە، بیکەین بە پەرژین و قەڵغانی پاراستنی نەتەوەکەمان لە جینۆساید و قڕان. کار کراوە، بەردەوامیش دەکرێت، قسە لەسەر ئەوەیە، هێشتا بەژنی گوتاری هونەری ئێمە نەچووەتە ئاستی ترسناکیی ئەو تراژیدیا و مەرگەساتەی، وەیشوومەی ڕەش ئاسا بەسەر گەلی باشووری کوردستاندا هەڵی کرد.

ڕۆژی ٢٠٢٢/٤/١٤ز، بەشی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکووك سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پیشانگایەك (٣٢ شێوەکار تێیدا بەشدار بوون) لە تەلاری سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکوکدا، یادی ئەنفالی کردەوە. پیشانگایەکە لە نێو پێشوازییەکی گەرمی جەماوەردا کرایەوە، چەندین کەناڵی میدیاش هەواڵ و ڕاپۆرتیان لە بارەوە ئامادە کرد، یاد کردنەوەکە بۆ خۆی هەڵگری پەیامی ئەمەك و بەرپرسایەتییە، وێڕای ئەوە هەڵوێستەیەك هەڵدەگرێت.

ئەم پیشانگایەش وەك هەر چالاکییەکی دیکەی پەیوەست بە مەرگەساتی ئەنفال، تا ئەو پەڕی سنووری ئەمەك دەڕوات، پرسیار ئەوەیە، تا چەند ئەم پیشانگایە و هەر چالاکییەکی دیکە، توانیویەتی پەیوەست بە ئەنفال پەیامێك بە خۆمان و ئەوانی دی بگەیەنێت؟ با ئەوەش لە بیر نەکەین، لە ناوخۆدا نوێ نەوەی ئەنفال نەدیتەی گەلمان، مووی بۆ برینی ئەنفال نابزوێت، سارد و سڕ پێشوازیی لێ دەکات، بۆ دەرەوەی خۆشمان هێشتا گوتاری تایبەت بە پرسی ئەنفالمان بەو چەشنە باڵای نەکردووە، هەست و ویژدانی بێگانە بدوێنێت، هاوسۆزییەك بۆ ماف و ئازادیی کوردی لە لای ئەوی دی گەڵاڵە بکات.

تابلۆیەکانی ئەو پیشانگایە هەمەجۆر بوون، ناوەرۆکی بەشێکیان گرێدراوی ئەنفال بوو، بەشێکی زیاتریشیان بەشداری کردنێکی هاوسۆزانە بوو، دوور لەوەی ناوەرۆکی تابلۆ چوویێتە سەر پرس و بابەتی ئەنفالەوە. لێرەشدا کار ئەوە دەخوازێت، بۆ چالاکییەکی لەم جۆرە ئامادەکارییەکی چەند مانگ پێشتر، بە دەست و داراییەکی کراوەوە بکرێت. ئەرکی ناساندن و یاد کردنەوەی ئەنفال، ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت بە سەرکەوتوویی ئامانج بەدی بهێنێت، دروست ئەوەیە دەزگا و دامەزراوەی تایبەت کاری بۆ بکات. بەرنامەڕێژی و پلانی وردی دەوێت، تا هەموو لقەکانی هونەر بخرێنە خزمەتی کەیسەکەوە.





# ئافرەتانی کورد لە ڕێگەی وەرزشەوە دەگەنە سەر شاخە بەرزەکان

**لە ئێستادا چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو و گرووپ و دەستە دروست بوون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کە گەشتی شاخەوانی بۆ چیاکانی کوردستان ئەنجام دەدەن، جگە لە کۆکردنەوەی چەندین کەسی جیاواز لە گرووپێکدا و دروستکردنی ئاشنایەتی لە ڕێگەی ئەم وەرزشە و ناسینی شوێنەکانی کوردستان، هاوکات وەرزشە و سوودێکی زۆریشی لێ دەبینن، لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم گەشتانە لەزیادبووندایە و، هەفتانە ئەم گەشتانە بەڕێوە دەچێت، ئارەزوومەندانی ئەم یارییە شاخەوانییەش دەیانەوێت ئەم یارییە بکەنە کولتوور، لە نێویاندا ئافرەتانی پارێزگای سلێمانی ماوەی حەوت ساڵە لە ڕێگەی گرووپی شاخەوانیی هەزارمێردەوە گەشتی شاخەوانی ڕێك دەخەن و، بە تامەزرۆییەوە ئەم وەرزشە ئەنجام دەدەن بۆ گەیشتن بە لووتکەی شاخە بەرزەکانی هەرێمی کوردستان، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان ڕاپۆرتێکی ئامادە کردووە.**

**ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی**




پەیمان بەرزنجی سەرۆکی کۆمەڵەی شاخەوانیی هەزارمێرد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان تەنیا حەز و خولیایە و هاوکات وەرزشیشە، شاخەوانی بریتییە لە وەرزش و ئارامبوونەوەی مێشك و دەروون و پاکبوونەوەی ڕۆحەکان و، فێربوونی خۆشەویستمانە بۆ ژینگە و دۆستی ژینگەین و ژینگەپارێزین، هەروەها ئەم یارییە جگە لە سوود و ئارامبوونەوە هیچ زیانێکی نییە، تەنیا سەرکێشی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی دەبینەوە، شاخەوانی بۆ ئێمەی ئافرەتانە لە پارێزگای سلێمانی بووەتە دیاردە، من هەم ڕاهێنەری وەرزشیم، هەمیش شاخەوانی دەکەم، ئەو سوودەی لە شاخەوانی بەدەستم هێناوە، لە هۆڵە وەرزشییەکان بەدەستم نەهێناوە، شاخەوانی وەرزشە و کالۆری زۆر دەسوتێنی، ئەوەش سوودێکی زۆری هەیە بۆ وەرزشوانان»، پەیمان بەرزنجی گوتیشی: «ئامانجی ئێمە تەنیا وەرزش و بینینی سرووشتە و تێکەڵبوونمانە بە سرووشت، ئەم وەرزشە سوودێکی زۆری بە ئافرەتانی ئێمە بەخشیوە، چونکە ئافرەت زۆر کات بۆی نارەخسێت بچێتە هۆڵەکان، شاخەوانی بۆ زۆر نەخۆشیش بە سوودە و چارەسەرێکی باشە لە هەموو ڕوویەکەوە، هیواداریین ئافرەتان زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن، لە ئێستادا ئارەزوو بۆ ئەم یارییە زۆر بووە، ئێمەش بەڵێنمان داوە درێژە بەم یارییە بدەین، لە بارەی گرفتەکانیش پەیمان گوتی: «گرفتمان زۆرە و هیچ ڕێکخراو و لایەن و کەسێك هاوکاریمان ناکات بۆ شاخەوانی، ئەم یارییە کۆمەڵێك مەسرووفی دەوێت، ئێمەش لە سەر ئەرکی خۆمان دابینی دەکەین، ئەم یارییە پێویستی بە کۆمەڵێك جلوبەرگی پێویست هەیە و پارەیەکی زۆری دەوێت، ئەوەش لە توانای شاخەوانان‌دا نییە، سەرجەم کارەکانمان بە کرێی هاتووچۆشەوە لەسەر گیرفانی خۆمانە، بەداخەوە بە هەر لایەك دەڵێین کە پێویستمان بە هاوکارییە، وەڵاممان ناداتەوە، نەبوونی کەلوپەل گرفتمان بۆ دروست دەکات، گرووپەکەمان ماوەی حەوت ساڵە دامەزراوە پێداویستی تەکنیکیی زۆرمان هەیە، ئەگەر ئەوانەمان بۆ دابین بکرایە، ئێمەش وەکو شاخەوانی دیکەی جیهانی دەبووین».

بەهار عومەر یەکێکە دیکەیە لە ئافرەتانی شاخەوان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی حەوت ساڵە شاخەوانی دەکەم، وەکو خۆشم بۆ حەز و خولیا و و تەندروستی و لەشولاری خۆم ئەم وەرزشە دەکەم، کێشەمان ئەوەیە کە ناتوانین کەلوپەلی پێویست دابین بکەین، باری داراییمان وەکو پێویست نییە و، حەز و ئارەزووشمان زۆرە بۆ ئەم وەرزشە، هیوادارم حکومەت هاوکاریمان بکات، بۆ بەردەوامبوونمان لەم یارییە.»
ژیلە غەریب خانمێکی دیکەیە لە وەرزشی شاخەوانی، لە بارەی وەرزشەکەیانەوە بۆ گوڵان گوتی: «ماوەی شەش ساڵە لەم یارییە بەردەوامم و توانیومە برەو بدەم بە یاریی شاخەوانی، وەکو حەز و خولیای خۆم توانیومە بۆ زۆر شاخی کوردستان سەربکەوم، سەرۆکی گرووپەکەمان بەردەوام هاوکارمانە، بەدەر لەوەش ئەم یارییە بۆ جەستە و باری مەعنەوی زۆر باشە بۆ ئێمە، دەتوانین لەگەڵ سرووشتدا دەردەدڵ بکەین، حەز و خۆشەویستی لە سرووشت وەربگرین، لەم یارییە دڵی خۆم لەگەڵ سرووشتدا ئاشت کردووەتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە لایەنی ماددی و کەلوپەلی شاخەوانی گرانە و، ئەو توانایەشمان نییە کە پێداویستیی تایبەت بکڕین، هەندێك لە ئافرەتان تووشی ڕێگریی خانەوادەکانیان دەبن بۆ ئەنجامدانی ئەم یارییە، ئێمە لەم ماوەیەدا توانیومانە چەندین ئافرەت ببەینە شاخ و گرنگی بەم بوارە بدەین».
خانمێکی دیکە شەیدای یاریی شاخەوانی (شاگۆڵ ئیسماعیل) ئەویش بۆ گوڵان بەم شێوەیە دڵی خۆی کردەوە و گوتی: «ماوەی حەوت ساڵە لە یاریی شاخەوانی بەردەوامم و دەستەی دامەزرێنەری گرووپی هەزارمێردم، ئامانجم لەم یارییە باشتربوونی تەندروستی و گەڕانە بە نێو شاخەکانی کوردستاندا، تا ئێستا هیچ کێشەو گرفتێکم بۆ دروست نەبووە، سوپاسی سەرۆکی گرووپەکەمان دەکەم کە بەردەوام هاوکاریی باشی ئافرەتانی کردووە، هیواداریین ئافرەتانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر بێنە نێو ئەم یارییە».



# نرخێکی خەیاڵی بۆ کرینی یانەی ئەی سی میلان

باڵیۆزخانەی بەحرەین لە لەندەن دووپاتیکردەوە، کە کۆمپانیای ئینڤێستکۆرپ، کە بارەگایەکەی لە بەحرەینە دەستی بە دانوستاندنەکانی کردووە بۆ کڕینی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی.
باڵیۆزخانەی بەحرەین لە تویتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە کۆمپانیای ئینڤێستکۆرپ بە پەرۆشە بۆ کڕینی ئەی سی میلان، دەشڵێت: ئەگەر دانوستاندنەکان سەریانگرت، ئینڤێستکۆرپ دەبێتە یەکەم وەبەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خاوەندارێتی یانەیەکی ڕکابەری خولی ئیتاڵیا بەدەستبێنێت.
لە تویتی باڵیۆزخانەی ناوبراودا هاتووە: کۆمپانیای ئینڤێستکۆرپ ئامادەیە یانەی ئەی سی میلان بەرامبەر بە ملیارێک و ١٠٠ ملیۆن دۆلار بکڕێت.
کۆمپانیای ئیلیۆت مانجمێنت، کە بارەگایەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ساڵی ٢٠١٨ بووە خاوەنی یانەی میلان، دوای ئەوەی خاوەنی پێشووی، کە چینی بوو نەیتوانی بەشێک لە قەرزەکانی سەر یانەکەی بداتەوە.
یانەی ئەی سی میلان ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ موڵکی سێلڤیۆ بێرلسکۆنی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا بوو.
کۆمپانیای ئینڤێستکۆرپ لە سەرانسەری جیهاندا وەبەرهێنان دەکات و بڕی سەرمایەکەی ٤٢ ملیار دۆلارە.



# پیکێی فێڵی کردووە

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان ڕۆبالێسی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا و جێرارد پیکێی یاریزانی بەرشلۆنە و خاوەنی کۆمپانیا کۆزمۆس ئاشکرا بووە پیکی لە گواستنەوەی جامی سوپەری ئیسپانیا بۆ سعوودیە ٢٤ ملیۆن یۆرۆ قازانجی کردووە و ڕۆبالێس بە پێدانی زانیاری هەڵە تۆمەتبار کراوە.
ڕۆژ بە ڕۆژ ئامانجی پشت سیستەمی نوێی جامی سوپەری ئیسپانیا و گواستنەوەی بۆ سعوودیە ئاشکرا دەبێت و دەرکەوتووە جێرارد پیکێ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و کۆمپانیاکەشی قازانجێکی زۆریان لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا کردووە.
ڕۆژنامەی ئال کۆفیدیسناڵی ئیسپانی ئاشکرای کردووە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا مافی ڕێکخستنی جامی سوپەری ئیسپانیای داوە بە کۆمپانیای کۆزمۆس، کە جێرارد پیکێی بەرگریکاری بەرشلۆنە خاوەندارێتی دەکات لە بەرامبەر ڕێکخستنی هەر پاڵەوانێتیەکی جامی سوپەر کۆمپانیاکەی پیکێ چوار ملیۆن یۆرۆ لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا وەردەگرێت، کە بەپێی ئەو گرێبەستەی کراوە لەگەڵ وڵاتی سعوودیە بۆ ماوەی شەش ساڵ بەکۆی گشتی ٢٤ ملیۆن یۆرۆ دەبەخشێتە پیکێ و کۆمپانیاکەی.
تۆمارێکی دەنگی لە نێوان جێرارد پیکێ و لویس ڕۆبالێسی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بڵاوبووە، کە باس لە قازانجی گواستنەوەی یارییەکانی سوپەری ئیسپانیا بۆ سعوودییە دەکەن، یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ٤٠ ملیۆن یۆرۆ لە شەش ساڵی جامی سوپەری ئیسپانیا قازانج دەکات، کۆمپانیای کۆزمۆسیش ٢٤ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت و جێرارد پیکێش ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بەوەی ڕۆبالێس ڕازی بکات جامی سوپەری ئیسپانیا بگوازرێتەوە سعوودیە و دەستتێوەردانی لە بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا کردووە.
پێشتر ڕۆبالێس لە ساڵی ٢٠١٩ ڕایگەیاند کۆمپانیای کۆزمۆس هیچ بڕە پارەیەك لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا وەرناگرێت و سعوودیە ئەو پارەیە دەدات، بەڵام دەرکەوتووە قسەکان پێچەوانەن و ڕۆبالێس زانیاری ناڕاستی بڵاو کردووە.
ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لە بارەی جامی سوپەری ئیسپانیا نووسیوە و تێیدا سەرجەم قسەکانی ڕۆبالێسی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا و داهات و خەرجیەکانی بەراورد کردووە و دەرکەوتووە بەشێك لە قسەکان پێچەوانەی داهات و نرخی گواستنەوە و ڕێکخستنی سوپەری ئیسپانین و شێواندنێکی بەمەبەست هەیە.
بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠٢٠ی سوپەری ئیسپانیا لە هەرێمی ئەندەلووس بەڕێوەچوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ و ساڵی ٢٠٢١ جامی سوپەری ئیسپانیا لە نێوان چوار یانەکەی ئیسپانیا لە سعوودیە کرا و ڕیال مەدرید هەردوو جارەکە بووە پاڵەوان.
لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژنامەی مارکا نووسیویەتی: پیکێ فێڵی لە حکوومەتی ئیسپانیا و سعوودییە کردووە و لە زووترین کات دەبێت پیکێ و ڕۆبالێس بچنە بەردەم دادگا و ئەگەرێکی زۆرە هەردووکیان زیندانی بکرێن.

# عوسمان هیوا دەبەخشێتە بەرشلۆنە

بەرێوەبەری کارەکانی عوسمان دێمبێلی، نامەیەکی دڵخۆشکەری بۆ یانەی بەرشلۆنە ناردووە، لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانە فەرەنسییەکە.
رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردەوە موسا سیسۆکۆ، بەرێوەبەری کارەکانی عوسمان دێمبێلی هەندێک نەرمیی بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە نواندووە، بەرامبەر ئەو گفتوگۆیانەی لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە لەنێوان هەردوولادا هەبوون لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکە.
بەپێی رۆژنامەکە، سیسۆکۆ هۆشداریی داوەتە بەرشلۆنە، کە ئەمە مانای ئەوە نییە یاریزانەکە بە هەموو شێوەیەک رازییە گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە، بەڵکو ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت پاداشتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکە وەربگرن.
عوسمان دێمبێلی گرێبەستەکەی لە هاوینی داهاتوودا لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە تەواو دەبێت، تاوەکو ئێستا هیچ رێککەوتنێک لەنێوان یاریزانەکە و بەرشلۆنە نییە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی.
لە ماوەی رابردوودا چاڤی هێرناندێز، راهێنەری بەرشلۆنە زیاتر لە جارێک ویستی خۆی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو یاریزانە پیشانداوە و رایگەیاندووە، کە عوسمان بۆ ئەوان یاریزانێکی گرنگە و دەیەوێت لە یانەکە بمێنێتەوە، بەڵام بڕیاری کۆتایی لای یاریزانەکەیە.
دێمبێلی لەلایەن هەریەکە لە یانەکانی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی و چێلسی ئینگلیزی چاودێری دەکرێت و ئەو دوو یانەیە دەیانەوێت لە ئەگەری نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەی بیبەنە ریزەکانیان.



# هەولێری خاوەن سێ نازناو
# دابەزی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر دوای ئەم وەرزە بەشداربوو لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و چەند جارێکیش نازناوەکەیان بۆ خۆیان بردەوە، بەڵام ئەم وەرزە بەهۆی دابەزینی یانەکەیان بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان تەواو جیاواز بوو بۆ یاریزانانی یانەی هەولێر و ئیدارەی تازەی یانەکەش، کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوویی تۆپی پێی کوردستاندا هەولێر لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان یاری بکات، هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی هەولێر بۆ تیپی خولی کوردستان سێ راهێنەری گۆڕی کە ئەوانیش هەریەك لە راهێنەران(شوان ئەنوەر، یونس سلێمان، بژار ئەکرەم) بوون، بۆ ئەوەی یانەکە ببەنە قۆناغێکی تازە، بەڵام هیچ شتێك نەبووە فریادەڕس و سەرئەنجام یانەکە بە ناچاری گەیشتنە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، دەبێ ساڵی داهاتوو یانەی هەولێر لە رێگەی پلە یەکەکانەوە هەنگاوی نایاب بوون بهاوێن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بێنەوە نێو ریزی یانە گەورەکانی کوردستان. ئەم وەرزە یانەی هەولێر تەواو جیاواز بوو لە پشتبەستن بە چەندین یاریزانی لاو، بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانی لاو دروست بکەن، بەڵام ئەم هەنگاوە تیپەکەی بردە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لە خەونی دروستکردنی تیپێکی بەهێزەوە یانەکە نەیتوانی خۆی لە ئەنجامە خراپەکانی لەم وەرزە رزگار بکات و، چارەنوسی یانەکەش لە دوای ١٧ وەرز یاریکردن لە خولی نایاب و بەدەستهێنانی سێ نازناوی خولی نایابی کوردستان، گەیشتن بوو بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە ئەوەش دڵی هاندەرانی یانەکەی ڕەنجاند کە تیپەکەیان بەم جۆرە دەبینن، بۆیە وەرزی داهاتوو یانەی هەولێر دەبێ تیپێکی تۆکمە دروست بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ریزی یانە گەورەکانی کوردستان.





# یانەی هەڵۆ جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان نەیتوانی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان تەواو بکات، ئەویش بەهۆکاری نەبوونی پاڵپشتی دارایی بۆ یانەکەی و کۆبوونەوەی قەرز لەسەر ئیدارەی یانەکە، بۆیە بەشدارییان لە خولی پلە نایابی کوردستان هەڵپەسارد، و سەرجەم یارییەکانیان لە خولی نایابی کوردستان ڕەشکرایەوە و تیپەکەش دابەزی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، لە بارەی چارەنووسی ئێستای تیپەکەش (ئەحمەد خەلیل) سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو ئیدارە بەردەوامین لە کاری خۆمان و تیپەکەشمان هەر بەردەوامە و نزیکەی ١٤ یاریزانی تیپەکەمان لە یانەکە ماون، تەنیا پێنج یاریزانمان ریزی یانەکەیان جێهیشتووە، سەرجەم ئەو یاریزانانەش کە ماونەتەوە بە مووچەی مانگانە لای ئێمەن و، ڕاهێنەری یانەکەش بەردەوامە لە ئەرکەکەی»، لە بارەی قەرزی یانەکەش ئەحمەد گوتیشی: «بڕێك لە قەرزەکانمان داوەتەوە، هەندێکیشمان لەسەر ماوە، هەوڵ دەدەین ئەو قەرزانەش بدەینەوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر ڕێچکەی خۆمان، دەمانەوێت بۆ ساڵی تازە لە وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان، تیپێکی باش دروست بکەین و بتوانین ئاست و ئەنجامەکانمان بە دڵی هاندەرانی یانەکەمان بێت، ئێستاش بەشێك لە گرفتەکانمان کۆتایی هاتووە، بەڵام پێویستیمان بە خۆ ڕێکخستنەوەیە، بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێینەوە نێو کێبڕکێکان».





# ساسان عومەری وازی لە ناوبژیوانی هێنا

ساسان عومەری ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق و کوردستان دوای ١٦ ساڵ بەردەوامی لە کاری ناوبژیوانی لە خولەکانی کوردستان و عێراق، کە یەکێك لە ناوبژیوانە بەتواناکانی کوردستان بووە، بەڵام دوای ئەم ماوە زۆرە، وازهێنانی یەکجاری لە کاری ناوبژیوانی ڕاگەیاند و بڕیاریداوە جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە سەر کاری ناوبژیوانی، لە بارەی هۆکاری وازهێنانیشی (ساسان عومەر) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەندێك هۆکاری تایبەتی ژیانی خۆم بوو، بە باشم زانی لەم ئاستەدا وازهێنان لە ژیانی ناوبژیوانی ڕابگەیەنم و، ڕێگە بۆ ئەوانیش خۆش بکەین کە ئێستا هاتونەتە مەیدان و بواری ئیداری، یان سەرپەرشتیاری، ئەگەر شوێنمان ببێتەوە لە وەرزشیی کوردستان، بتوانین خزمەتێك بکەین، وەرزشی کوردستان پێویستی بەوەیە نەوەیەکی گەنج بێتە پێشەوە و ئەزموونی خۆیان تاقی بکەنەوە، ئەگەر دەرفەتمان پێ بدەن، ئەو ئەزموونەی هەمانە، یان ئەو شارەزاییەی هەمانە بتوانین بیگوازینەوە بۆ ناوبژیوانە لاوەکان، بۆ ئەوەی لە شارەکانی کوردستان کۆمەڵێك ناوبژیوانی گەنج ئاستیان بەرز بکەنەوە لە سەر ئاستی عێراق و، پشکی شێر بەر ئێمەش بکەوێت، بۆ ئەم بابەتەش هیچ فشارێکم لەسەر نەبووە و بە ئارەزووی خۆم وازم هێناوە».



# گرنگیی ڤیتامین B9 بۆ ئافرەتی دووگیان

ڤیتامین B9 کە بە ترشی فۆلیك Folic acid یان فۆلەیت ناسراوە، رۆڵی زۆر گرنگی هەیە لە گەشە و پەرەسەندنی کۆرپەدا. ڤیتامین B9 گرنگە بۆ تەندروستیی ئافرەتی دووگیان و کۆرپە، لەوانەیە نەتوانرێت کە بڕی پێویست لە خۆراکی رۆژانەوە دابین بکرێت، بۆیە پێویستە کە لە رێگای دەنك بە رێنمایی دکتۆر وەربگیرێت. سەرچاوە خۆراکییەکانی فۆلەیت: پاقلەمەنی، فستقی سودانی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، میوەی تازە، جگەر، سەوزە گەڵا تاریکەکان. ئەم ڤیتامینە بەشدارە لە دابەشبوونی خانە و گەشەی شانەکانی کۆرپەدا، هەروەها مێشك و بڕبڕەکانی پشت کە بە کەناڵی دەمار Neural tube ناسراوە. وەرگرتنی ترشی فۆلیك بە شێوەی دەنك پێش دووگیانی و لەکاتی دووگیانیدا زۆر پێویستە بۆ پاراستنی کۆرپە لە هەر گرفت و سەقەتییەکی زگماکی لەم کەناڵە گرنگەدا. پسپۆڕان رێنمایی دەکەن بە وەرگرتنی دەنکی ڤیتامین B9 بە بڕی ٠,٤-٠,٨ ملگم رۆژانە بەلای کەم یەك مانگ پێش دووگیانی و لەماوەی ٢-٣ مانگی سەرەتای دووگیانیدا. وەرگرتنی فۆلەیت لەکاتی دووگیانیدا رۆڵی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە ئۆتیزم لە تەمەنی منداڵیدا، هاوکات لەگەڵ باشترکردنی فرمانەکانی مێشك، هەروەها بۆ خودی دایك وەرگرتنی فۆلەیت ئەگەری ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە دووگیانی کەم دەکاتەوە، بۆنموونە ژاراویبوونی دووگیانی Preeclampsia و منداڵبوونی پێشوەختە.



# رۆژووگرتن چۆن کاریگەری دەکاتە سەر چەوریی جگەر؟

جگەر ئەندامێکی زۆر گرنگە، گەلێك فرمان ئەنجام دەدات، رێژەی ئاسایی چەوری بە شێوەی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە جگەردا بریتییە لە ٥,٥٪، کۆبوونەوەی چەوری لەم رێژەیە زیاتر، نائاساییە و بە جگەری چەور Fatty liver هەژمار دەکرێت. جگەری چەور کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوکاتە لەگەڵ هەوکردنی خانەکانی جگەر، کاریگەریی نەرێنی زۆر دەکاتە سەر فرمانەکانی جگەر و رێگرتن لە نوێبوونەوەی خانەکانی جگەر، پاشان ئەگەر حاڵەتەکە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا چارەسەر نەکرێت، ئەوا پەرە دەسێنێت بۆ مۆمبوونی جگەر Cirrhosis، کە حاڵەتێکی مەترسیدارە و تەنیا بە گواستنەوەی جگەر چارەسەر دەکرێت. رۆژوو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر چەوریی جگەر هەیە، بۆنموونە هاندەرە بۆ پاککردنەوەی خانەکانی جگەر لە چەوریی زیاد، بەمەش ئەگەری کۆبوونەوەی چەوری لە خانەکانی جگەردا کەم دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە رۆژووگرتن رۆڵی هەیە بۆ تاودانی خێرایی نوێبوونەوەی خانەکانی جگەر، لە گەلێك لێکۆڵینەوەی پزیشکیدا هاتووە کە رۆژووگرتن سوودی زۆری بۆ تووشبووان بە جگەری چەور هەیە، بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە چەورییە تێرەکان لەخۆدەگرن، وەکو گۆشتی سوور، هەروەها گۆشتی ئەندامەکان وەکو گورچیلە، جگەر، مێشك، لەگەڵ کەرە و رۆنی دەستکرد، لەجیاتی ئەم چەورییانە دەتوانرێت کە سوود لە زەیتی زەیتوون، یان زەیتی گەنمەشامی بە بڕی سنووردار وەربگیرێت.






# زیانەکانی ئاستی بەرزی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا

بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان Triglycerides لە خوێندا، ئەگەری تووشبوون بە گرفتی مەترسیدار زیاد دەکات، وەك:

١- ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان بە شێوەی نۆرەی دڵ، جەڵتەی مێشك، پەککەوتنی دڵ، ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ.

٢- بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.

٣- زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر( زیاتر لە ٥,٥٪).

٤- هەوکردنی تیژی پەنکریاس، کە حاڵەتێکی مەترسیدارە و لەوانەیە ببێتە ئەگەری پەککەوتنی گورچیلە.

بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لەوانەیە کە نیشانەیەك بێت بۆ ئەم حاڵەت و نەخۆشییانە: قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە، ئایدز، سستبوونی گلاندی دەرەقی، نەخۆشیی گورچیلە، هەناسەتەنگیی لەکاتی نووستندا Sleep apnea، فرەکیسیی هێلکەدان PCOS، وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانە Menopause. بەگشتی پێویستە کە ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا لە ١٥٠ ملگم/ دێسلیتر کەمتر بێت.



# کاپتاگۆن چییە؟

کاپتاگۆن Captagon یان فینیتیللین Fenethyline بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦١ دروستکراو، وەکو جێگرەوەیەك بۆ دەرمانی ئەمفیتامین Amphetamine بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی و چەند حاڵەتێکی سنووورداری دەروونی ڕێنمایی کرا. کاپتاگۆن دەرمانێکی بەهێزە بۆ پەیداکردنی ڕاهاتن، حەبی کاپتاگۆن وروژێنەرە بۆ دەزگای دەماری مەرکەزی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی ئاگایی و تەرکیز، هەروەها بەکارهێنەر هەست بە کەمێك خۆشی Euphoria دەکات و زۆربڵێ دەبێت و هەست بە بوونی وزەی زیاتر دەکات. بەکارهێنانی کاپتاگۆن وەکو دەرمان لە لایەن ئاژانسی خۆراك و دەرمانی ئەمەریکی FDA مۆڵەت پێدراو نییە، لە ساڵی ١٩٨٦ و تا ئێستا بەرهەمهێنانی کاپتاگۆن بە نایاسایی هەژمار دەکرێت، بەکارهێنانی بەردەوام بە بڕی زیاد، جگە لە ڕاهاتن (ادمان)، ئاکامی تەندروستیی زۆر خراپی دەبێت، بۆنموونە شێوان، هەڵوەسە، هێڵنج، ڕشانەوە، نۆرەی پەرکەم، لێڵبوونی بینین، سەرسووڕان، گرفت لە هەناسەدا، ئازاری ماسوولکە و جومگە، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، ناڕەحەتی و زووتووڕەبوون، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها دڵەکوتێ، کە بەکارهێنەر واز لە کاپتاگۆن دەهێنێت ئەوکات دوچاری نیشانەی توندی پاش وازهێنان Withdrawal symptoms دەبنەوە، بە شێوەی هەستکردن بە ماندووبوونێکی سەخت و پێویستی زۆر بە خەو، بێهێزبوونی گشتیی لەش، خەونی سەیر و ناخۆش، ناڕەحەتی لەگەڵ بێزاری و خەمۆکی.



# بەهای خۆراکیی خورما

خورما Dates دەوڵەمەندە بە ریشاڵ، شەکر، پرۆتین، مادده دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان Polyphe-nols، هەروەها چەند ڤیتامین و کانزایەك، بۆنموونە ڤیتامینەکانی D، A، C،B6 B5، B3، B1، لەگەڵ کانزاکانی ئاسن، سیلینیۆم، مەگنسیۆم، کۆپەر، مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، هەروەها خورما ڕێژەیەکی کەم چەوری لەخۆدەگرێت. سوودە تەندروستییەکانی خورما بریتین لە: وزەیەکی باش دەداتە لەش بە هۆی ڕێژە بەرزەکەی شەکر کە دەگاتە زیاتر لە ٦٠٪ لە جۆری گلوکۆز و فرکتۆز، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، خۆپاراستن لە شەوکوێری، باشترکردنی تەندروستی و پتەویی ئێسك، بەهێزکردنی کۆئەندامی دەمار، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، ڕێگرتن لە تەنکبوونی قژ، پاراستنی تەندروستی و توانای لاستیکیی پێست، هاندانی فرمانی دروستی شانەکانی مێشك، باشترکردنی هێز و تۆنی ماسوولکەکان، هاندانی تەندروستیی دڵ، ڕێکخستنی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس، پاراستنی تەندروستیی گورچیلەکان، کەمکردنەوەی ریسکی تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە، هاندانی زیادبوونی کێشی لەش بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چەند کیلۆگرامێك کێشی لەش هەیە.



# ڕێنمایی ڕۆژووگرتن بۆ ئەوانەی نەخۆشیی گەدەیان هەیە

ئێستا گرفتەکانی گەدە و کولبوونی گەدە، یان دوازدەگرێ Peptic ulcer زۆر بە ئاسانی بە دەرمانی نوێ کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە تووشبوو بە هەر گرفتێکی گەدە، یان دوازدەگرێ، دەتوانێت بەڕۆژوو بێت بێ ئەوەی کە بۆ ساتێکیش سەغڵەت بێت، بەڵام واباشترە کە بەر لە ڕۆژووگرتن سەردانی دکتۆر بکات، بۆ ڕێکخستنی کاتی وەرگرتنی دەرمان و پەیڕەوکردنی چەند ڕێنماییەك بۆ مانگی ڕەمەزان، چونکە لە ساتەکانی ڕۆژوودا ڕێژەی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە زیاد دەبێت، ئاستی بەرزی ترشی لە ناو گەدەی بەتاڵدا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ناوپۆشی گەردە، ئەمەش دەبێتە ئەگەری دروستبوونی گرفت لە گەدەدا. ڕێنماییە گشتییەکان بۆ نەخۆشانی گەدە و دوازدەگرێ لە مانگی ڕەمەزاندا: جوینی خۆراك بە باشی، بەتایبەتی لە ژەمەکانی پارشێو و بەربانگدا، دووركەوتنەوە لە هۆکارەکانی هاندەری سووتانەوەی گەدە، وەکو دەرمانەکانی ڕۆماتیزم و ستیرۆیدەکان و ئەسپرین، کەمکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە دەردانی ترشەڵۆکی گەدە زیاد دەکەن، وەکو چەوری و تیژی و سرکە، دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان، خۆپاراستن لە خواردنی زۆر گەرم و زۆر سارد، دووركەوتنەوە لە زیادخواردن لە نێوان ژەمەکانی پارشێو و فتاردا، جۆراوجۆرکردنی خۆراك و زیادکردنی سەوزە و میوە، کەمکردنەوەی خواردنەوەی چای و قاوە و شلەمەنییە گازدارەکان، خۆبەدوورگرتن لە هەڵچوون و تووڕەبوون لەکاتی ڕۆژوودا.

# پاوەربانک بۆ شەحنکردنەوەی ئۆت



لە داهاتوودا، ئۆتۆمبیل و فڕۆکە و ئەو ماشێنانەی بە سووتەمەنی کار دەکەن نامێنن و وزەی خۆر یا بارگاوی کردن بە کارەبا شوێنیان دەگرنەوە.

هەر لە ئێستاوش ئەو گۆڕانکارییە هاتۆتە دی و ئەو ئۆتۆمبیلانەی شەحن دەکرێنەوە لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبینرێن. کێشەیەك هەیە لە ئۆتۆمبیلە شەحنکەرەوەکاندا، ئەویش ئەوەیە پێویستی بە وێستگەی تایبەتی شەحنکردنەوە هەیە، یا ئامێری تایبەتی جێگر بۆ شەحنکردنەوە، چونکە شەحنێکی زۆریان دەوێت.

پاوەربانکی گەڕۆکی جۆری ZipCahrge go کە بە ئاسانی لە ئۆتۆمبیلەکەدا جێگای دەبێتەوە، ئۆتۆمبیلەکان شەحن دەکاتەوە، ئیدی ئەگەر لە چەقی ڕێگایەکی دووردا ئۆتۆمبیلەکەدا شەحنی نەما، بە




## کامێرایەکی سێ ڕەهەندی بۆ مۆبایل

مۆبایلەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پێشکەوتووتر دەبن، بەتایبەت لە بواری کامێرادا، بەڵام هیچ لە مۆبایلەکان ئەوانەی تا ئێستا بەرهەم هاتوون، ناتوانن، وێنە یا فیلمی سێ ڕەهەندی 3D بگرن. بۆ گرتنی فیلمی سێ دەوری پێویستی بە دوو ئاوێنەی بەهێز هەیە و هەروەها سکانێکی سێ دەوری. بۆ گرتنی فیلمێکی سێ دەوری بە مۆبایل پێویست بە کامێرای جۆری VIEWPT VR180 NANO دەکا. کامێرایەك کە فیلمی واقیعی- مەجازی بە کوالیتی 4K دەگرێت. ئەم کامێرایە دوو لێنزی ١٨٠ پلە لەسەرە کە چەند ئینجێك لێك دوورن. ڕێك وەك گلێنەی چاوی چەپ و ڕاست داندراون.

ئەو وێنە و فیلمانەی بە کامێرای ناوبراو گیراون زۆر واقیعی دێنە بەرچاو. وێنەکان سێ دەوری ستریۆسکۆپی واقیعین و وەك فیلمێکی سینەمایی دەچن. کوالیتی گرتنی فیلمەکان k4 و دەکرێت ڕاستەوخۆ فیلمەکان لە مۆبایل دا هەڵبگیردرێن.

## تانکی چاودێری و سیخوڕی

کامێرای چاودێری بۆ ئەمنییەت و ئاسایش گرنگی زۆری هەیە، کامێرای چاودێری بەگشتی لە شوێنێکی جێگیرن و چاودێری چواردەوری ئەم شوێنە دەکەن، بەڵام کامێرای چاودێری گەڕۆك شتێکی جیاوازە، بۆ نموونە تانکی Rover i-spy tank کە ئامێرێکی شێوە تانکی بچووکە و لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێ.

ئەم تانکە پێدەگوترێت تانکی سیخوڕی، بە مۆبایلی سیستەمی iOS کۆنترۆڵ دەکرێ. تانکی Rover دەتوانێت دەنگ و ڕەنگ بگوازێتەوە، نە تەنیا لە شەودا، بەڵکو لە ڕۆژیشدا، چونکە کامێرای تایبەت بە شەویشی لەسەر داندراوە. کامێراکە بەردەوام فیلمەکان بۆ شوێنی مەبەست دەنێرێ. مەودای ڕۆیشتنی بە دەوری و بەری خۆیدا ٥٠ مەترە. بەکارهێنەر دەتوانێت لەسەر شوێنێکی تایبەت زووم بکا و بیهێنێتە پێشەوە. بۆ فەرمان پێکردن بە تانکە سیخورییەکە دەبێت پرۆگرامی monicar دابەزێنی و ئەوکات بەبێ کێشە کۆنترۆڵی بکە. تانکە سیخورییەکە دەتوانێت بەبێ تۆمارکردنیش دەنگی دەوروبەر بگوازێتەوە. کێشی تانکەکە کەمە و تەنیا کیلۆ و نیوێکە.





## ـــــــۆمبیل

ئاسانی بەو پاوەربانکە شەحن دەکرێتەوە. قەبارەی پاوەربانکەکە بەقەد چەمەدانێك دەبێت. لە ماوەی تەنیا نیو کاتژمێردا بەمەودای رۆیشتنی ٢٠ کیلۆمەتر شەحن بۆ ئۆتۆمبیل زیاد دەکا. مەوداکە زۆر نییە، بەڵام هەتا دەگەیە شوێنی مەبەست سوودێکی زۆری هەیە. رەنگە ساڵی ٢٠٢٣ بکەوێتە بازاڕ. پاوەربانکەکە بە کارەبای ماڵەوە شەحن دەکرێتەوە.



## مۆبایلەکەت بکە بە مایکرۆسکۆپ

کامێرای مۆبایل بەتایبەتی مۆبایلە زیرەکە پێشکەوتووەکان، زوومیان بەهێزە بەڵام تا ئەو رادەیە نییە کە بتوانێ وەك مایکرۆسکۆپ سوودی لێوەربگیرێت.

ئاوێنە (لێنز)ی جۆری Apexel 100X بۆ گشت جۆرەکانی مۆبایل دەبێت و بەهۆیەوە دەتوانی وەك مایکرۆسکۆپ سوود لە مۆبایلەکەت وەربگری. سوود وەرگرتن لە لێنزەکە زۆر ئاسانە و پێویستی بە ئەپلکەیشنی تایبەت نییە. لێنزەکە بۆ ئەرکەکانی تاقیگە، وەك زێڕ و گەوهەر فرۆشی، بۆ تەندروستی و زانینی نەخۆشییەکان، بۆ کاروباری هونەری، بۆ سەیرکردنی هەسارەکان...تاد سوودی لێوەردەگیرێت. بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێکی زیرەك دەبێت ئەوانەی یەك کامێرایان هەیە یا زیاتر.

لێنزەکە هەتا سەد جار زیاتر شتەکان گەورە دەکاتەوە. دیارە خودی لێنزەکەش پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە و خۆی گلۆپی فلاشی لەگەڵدایە.



## جزدانی ئەلکترۆنی بزر نابێت

پەرەسەندنی تەکنەلۆژی هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی بواری دارایی و پارە و بانك.. ئێستا لە وڵاتە دواکەوتووەکانیش زۆربەی کاروبارەکان بە کریدیت کارت بەڕێوە دەچن و کەس پارە هەڵناگرێ. پێموایە وڵاتی عێراق لە بوارەدا لەریزی دواکەوتووترین وڵاتەکاندا دێت. نەك کریدیت کارت و پارەی ئەلکترۆنی، بەڵکو جزدانی تایبەتیش بە هەڵگرتنی کریدیت کارت و پارە هەیە کە ئەلکترۆنییەو سیستەمی GPSی لەسەرە، ئەگەر دزرا، یا بزر بوو، پەیامی ئاگادارکردنەوە بۆ خانەوەکەی دەنێرێ و شوێنەکەی نیشان دەدا.

جزدانی ئەلکترۆنی GO-GETTER شوێنی جزدانی چەرم، یا پلاستیکی گرتۆتەوە و بەهێزتر لەوانیشە چونکە لە ئەلەمینیۆمی تایبەت دروستکراوە. جزدانەکە بەهۆی سیستەمی بلوتوس لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. بارستایی تەنیا ٧,٥ ملمە و کێشی تەنیا ٧٠ گرام دەبێت.

# چەرخێک بە تیشکی خۆر دادەگیرسێ




ئاگر، ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕی، بۆ کردنەوەی ئاگر مرۆڤ زۆر هەوڵیدا و ئێستا دەبینین بە ئاسانترین شێوە ئاگر دەکاتەوە، لە سەردەمی زوودا ئەوەندە ئاسان نەبوو. سەدان ساڵە بە شەقارتە یا چەرخی نەوتی و غازی ئاگر دەکرێتەوە. لەم دواییەدا چەرخێکی تایبەت بەرهەم هاتووە کە بۆ کردنەوەی تەنیا لە تیشکی خۆر سوود وەردەگرێ. چەرخی Suncase گونجاو لەگەڵ ژینگە، بە باو بۆران کێشەی نایەتە پێش، هەڵگرتنی ئاسانە.

قەبارەکەی بەقەد چەرخێکی ئاسایی غازی دەبێت. کێشی سەد گرامە. پێویستی بە کارەبا یا غاز یا هەر شتێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەگەر خۆر هەبێت بە ئاسانی دەتوانی بەکار بێنرێت.

# کامێرایەکی چاودێری بۆ گشت کەشوهەوایەک

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ، ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بەدز مەگرە.. بەهۆی کامێرای چاودێرییەوە ئیدی هەموو کەس دەتوانێ ماڵی خۆی توند بگرێ و ئەگەر دزێکیش هەبێ بە ئاسانی بیدۆزێتەوە.. کامێرا چاودێرییەکان جۆراوجۆرن و کارکردیان یەکە، بەڵام تواناکانیان جیاوازن. کامێرای چاودێری DCT بۆ هەموو ساتێك و بۆ هەموو کەشوهەوایەك گونجاوە، لە شەو ورۆژدا، لە باران و لافاودا کێشەی بۆ نایەتە پێش. کامێراکە زیرەکە، لەخۆوە دیمەنەکان ناگرێ و کات بە فیرۆ نادا، ئەگەر هەست بە جوڵە بکا، یا دیمەنێکی نامۆ ببینێ، فیلم هەڵدەگرێتەوە. دەکرێت کەس و گیاندار و ئۆتۆمبیلەکانی پێ بناسێنێ، بۆ نموونە: ئەندامانی ماڵەوە یا ئەوانەی هاتووچۆ دەکەن پێی بناسێنی بۆ ئەوە لەهاتن و چوونیاندا ئاگادارت بکاتەوە، یا گیانداری تایبەت بەخۆت وەك سەگ و پشیلەی پێ بناسێنی. یا ئۆتۆمبیلی تایبەت.



لەکاتی دیتنی دیمەنێکی نامۆ، زەنگی ئاگادارکردنەوە هەم لەسەر مۆبایلەکانی پەیوەندیدار، هەم لە شوێنی خۆی لێدەدا. دەکرێت دوو لایەنە قسە بکرێت. هەتا ٨ بەکارهێنەر دەتوانن سوودی لێوەربگرن. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی ٢Kیە. حاڵەتی دووربینی شەوی هەیە. ئەگەر جارێك شەحن بکرێتەوە هەتا ٦ مانگ پێویستی بە وزە نییە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکاری چییە ئەیکونی ماوسی لاپتۆپەکەم لەخۆوە دەجوڵێت؟**

خوێنەری بەڕێز یەکێك لە هۆکارەکان ڕەنگە ویندۆزت گۆڕیبێ و دواتر بەتەواوی تەعریفی خۆی وەرنەگرتبێتەوە..یان دوای دانانی سیستەمی نوێ گۆڕانکاریت لە بەشی ماوسدا پێکنەهێنابێ، بۆ ئەم دوو دوگمەی win+i دابگرە، دواتر بەشی Devices هەڵبژێرە و لەودا بەشی touchpad دیاری بکە، کاتێك ئەو بەشەت کردەوە لەو بەشەدا دەتوانی گۆڕانکاری لە خێرایی جوڵەی ئەیکۆنی ماوس بکەی، ڕەنگە خێراییەی زۆر ببێ و هەندێك دایبەزێنە. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕەنگە لە یەك کاتدا چەندین پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە، ئەمەش کێشە لە سیستەم و بەشی ماوسدا پێکدێنێ..



# مۆبایلێکی پتەو و بەهێز

هەندێك کەس زۆر زوو ئامێرەکانی بەکاریان دێنن دەگۆڕن، بۆ نموونە مۆبایل. هی وا هەیە لەگەڵ هەر هاتنە بازاڕی هەر مۆدێلێکی نوێ، مۆبایلەکەی دەگۆڕێ. هی واش هەش هەیە بۆ ساڵیانی ساڵ تەنیا یەك مۆبایل بەکاردێنێ..

ئەگەر تۆ یەکێکی لەو کەسانەی مۆبایلێکت بۆ هەمیشە دەوێ، رەنگە مۆبایلی Doogee S98 مۆبایلێکی بە سوود بێ. چونکە بەکەوتنە خوارەوە و زەربە پێکەوتن و تەڕبوون و کەوتنە ژێر سەیارەش تێکناچێت. مۆبایلی ناوبراو نوێترین ڤێرژنی ئەندرۆیدی لەسەرە. یەکەی لێکدانەوەی زۆر بەهێزە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. شاشەکەی ٦,٣ ئینجە. لە جۆری گۆریلا گلاسە. کامێرای پشتەوەی ٦٤ میگاپیکسلە و هی پێشەوەی ١٦ میگاپیکسلە.

تایبەتمەندییەك لە گشت مۆبایلەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە شاشەیەکی بچووکی لە پشتەوە رێك لە نزیك کامێراکان هەیە، شاشەکە بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، خوێندنەوەی پەیامەکان و هەروەها گۆڕینی فایلە دەنگییەکان، سوودی لێوەدەگیرێ. جگە لەوەش دەکرێت لە گرتنی وێنەی سێلفیدا ئەگەر بتهەوێ بە کامێرای پشتەوە بیگری سوودی لێوەربگری. جگە لە کامێرای ٦٤ میگاپیسکل، کامێرایەکی ٨ میگاپیسکلی و هەروەها کامێرایەکی ٢٠ میگاپیکسلی تایبەت بە شەو و شوێنە تاریکەکان لە پشتەوە هەیە.

مۆبایلی Doogee S98 بارستایی ١٥,٥ ملمە. کێشی تەنیا ٣٢٠ گرامە. باترییەکی بەهێزی هەیە ٦٠٠٠ میلی ئامپێرە.



## ماڵپەڕی داهاتووی تەکنەلۆژیا

ماڵپەڕی www.pinterest.com لە ریزی سایتە بەناوبانگەکانی جیهان دێت. لە ساڵی ٢٠١١دا لەلایەن گۆڤاری تایمەوە لەریزی باشترین ٥٠ ماڵپەڕی جیهان ناسراوە. مانگانە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن بەکارهێنەر چالاکییەکان تێدا بڵاو دەکەنەوە.

ئەوانەی بیرۆکەی نوێیان هەیە لە بارەی داهێنانی ئامێرێکی تەکنەلۆژیای نوێ لەو ماڵپەڕەدا وێنەی بیرۆکەکەیان بڵاودەکەنەوە، هەر لەو ماڵپەڕەدا ئەوانەی لە بواری داراییەوە دەبنە پاڵپشت بۆ بیرۆکەکە، وا دەکەن بیرۆکەکە ببێتە راستی و ئامێرەکە بەرهەم بێت. بە سەدان بەرهەمی ئەمڕۆ کە لە تەکنەلۆژیای نوێدا دەبینن، لەسەرەتادا لەم ماڵپەڕەدا بڵاوکراونەتەوە. بەکارهێنەران دەتوانن لە رێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە وێنەکانیان لەو ماڵپەڕەدا هاوبەش بکەن.

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

کاتێك پرۆگرامێك دادەبەزێنیە سەر کۆمپیوتەر و پاشان نیازی سڕینەوەت هەیە، زۆر جاران بە Add/Remove program سیستەمی کۆمپیوتەر ناسڕێنەوە، ئەگەر بشسڕێنەوە، لق و پۆپیان لە زۆر شوێن بەجێ دەمێنێ. یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانی سڕینەوەی پرۆگرامەکان، پرۆگرامی (Uninstall Tool)ە. دەکرێ بڵێین خێراترین و و جێی متمانەترین پرۆگرامیشە. بەجۆرێك پرۆگرامەکان دەسڕێتەوە کە هیچ شوێنەوارێکیان لە هیچ شوێنێکی سیستەم جێ ناهێڵێ.




نە تەنیا پرۆگرامی مەبەست دەسڕێتەوە، بەڵکو گشت ئەو پرۆگرامانەی کە هیچ سوودێکیان نییە سیستەم داگیر دەکەن، ئۆتۆماتیکی لەناویان دەبات. ئەو فایل و فۆلدەرانەی کە لە سیستەمدا خۆیان حەشارداوە ئەوانیش دەسڕێتەوە. ئەو پرۆگرامانەش دەسڕێتەوە کە لەگەڵ هەڵبوونی سیستەم کارا دەبن. کۆدە ریجستێرەکانیش دەسڕێتەوە.



# بۆنخۆشکردنی خۆت و ماڵەکەت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

لە مانگی ڕەمەزاندا هەڵبژاردنی لایەنەکانی جوانکاری و گرنگیدان بە خانمان خۆیان، ئەرکێکە و پێویستە هەمووان پابەندی بن، بەهۆی ئەوەی لەو مانگەدا گرنگیدان بە ناوماڵ زیاتر دەستڕەنگینیی خانمان دەردەخات، سەرەتا پێویستە لە گرتنەبەری ئەو هەنگاوانەوە ئاگادار بیت کە کار دەکاتە سەر جوانیی خۆت و ماڵەکەت. بۆنخۆشی لەو مانگەدا ئەرکێکی پێویستە، سەرەتا گرنگی بە خۆت بدە لە رووی بۆن و بەرامەوە، بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا زیاتر خەریکی کاروباری ئامادەکردنی خواردن و کۆکردنەوەی کەرەستەکانی ماڵەوەیت، بەم چەشنە بۆنی جۆراوجۆر لەسەر جەستە و جلەکانت کۆ دەبنەوە، بۆنخۆشیت گرنگ و پێویستە، بە تایبەت لە دوای تەواوکردنی کارەکانت، سەرەتا گەر هەستت کرد پێویستت بە خۆشۆردنە، گەرماوێك بکە، دواتر کرێم و بۆنخۆشکەری جەستە لە خۆت بدە، پاشان ئەو بۆنانە هەڵبژێرە کە لەگەڵ جۆری پێستتدا دەگونجێت، گرنگی بە بۆنی ماڵ بدە، کاتێك زانیت ماڵەکەت بۆنی خۆش نییە، بە کردنەوەی پەنجەرەکان، یان بڵاوکردنەوەی بۆنخۆشکەری ماڵ (معطر الجو). لەم کەشەی ئێستادا پێویستت بە بۆنی سووك و ئارام هەیە، بەهۆی گەرمیی کەشوهەوا، دەبێ ئەو بۆنانە بەکاربهێنیت کە پێکهاتەی کیمیاییان کەمە و ئاساییە.





## خۆئامادەکردنی ئافرەتانی خاوەن کار و دەوام لە مانگی رەمەزان

رۆژانی کار و دەوام لە مانگی رەمەزاندا سەختترین دەبێت، بەو پێیەی لە پارشێودا خەریکی ئامادەکردن خواردن دەبیت و دواتر خەوێکی کەم دەکەیت و دەچیتە سەر کار، ئەوەش وات لێ دەکات، کە روخسارێکی گرژ و بێتاقەتت هەبێت، بەو پێیەی بەیانیان ماندووبوون و کەمخەویت پێوە دیار دەبێت، بەمەش لە گرنگیدان بە خۆت کەمتەرخەم دەبیت، لەو مانگەودا پێویستە زیاتر ژیانی ماڵ و دەوامت رێك بخەیت، ئەوانەی لە زانکۆن پێویستیان بە جلی تازە و رێکخستنی کاتەکانی خوێندن و چوونە زانکۆ هەیە، هەروەها بۆ خانمانی ماڵ، دەبێ کاتی کارکردن و کاتی ماڵەوەیان جێگیر بکەن، سەرەتا نابێت گۆڕانکاری لە کەسایەتیتدا روو بدات، خۆت بە، بەڵام دەکرێت گۆڕانکاری لە جلوبەرگ و ماکیاژتدا بکەیت، هەوڵ بدە کە دەورووبەر بزانن گرنگی بەو مانگە پیرۆزە دەدەیت، نوێژەکانت فەرامۆش مەکە، لەگەڵ ئەوەی لەسەر کار دەبیت، یارمەتی کەسانی دیکەش بدە، سەرلەبەیانی بەر لە چوونت بۆ سەرکار، ئامادەکاریی پێویستە لە جلوبەرگ و ماکیاژدا بکە، بۆ ئەوەش وا چاکترە لە دوای بانگی بەیانی جلەکەت بۆ ئەو رۆژە ئامادە بکەیت، هەروەها بەیانییەکەی ماکیاژێکی سادە و ناسك بکە، لە دوای هاتنەوە لە دەوام، پشوویەك بدە و سەیرێکی ماڵەکەت بکە و بزانە چیت پێویستە، دواتر دەست بە کارەکان بکە تا سەر لە ئێوارە، بۆئەوەی کارەکانت بیر نەچێت لەسەر مۆبایل، یان لە کاغەزی تێبینیدا بیاننووسە و لە شوێنێکی ژووری چێشتلێنانی بدە، شەوانەش دوای بەربانگ بۆ سەردانی و دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی ماڵدا کاتەکانت جێگیر بکە.

# شێوازەکانی رەفتە(سەرپۆش) بۆ رەمەزان و وەرزی بەهار




مۆدەکانی رەفتە لە مانگی رەمەزاندا، باودەبن و زۆربەی ئافرەتان رەفتە لەسەر دەکەن، ئەوانەی کە پێشتر رەفتە ناپۆشن، وەك رێزێك بۆ ئەو مانگە رەفتەکەیەکی جوان و ناسك هەڵدەبژێرن، مۆدەکانی رەفتە زۆرن، لەوانە: رەفتەی هەڵگیراو، خاو، شل، توند و دوو پارچە، هەر یەکێك بەپێی خواستی خۆی لەچك لەسەر دەکات، بەڵام هەندێ لەو مۆدانە باون، بە تایبەت ئەوانەی بەشێکی قژ دەردەکەوێت، ئەو رەنگانەی بۆ رەفتەکان باون لەو ماوەیەدا، بریتیین لە رەنگی نیۆد، باستیل، شین، سەوز و قاوەیی، هەر رەنگێك بۆ شوێن و کاتێکی تایبەت گونجاوە، بۆ ئەوانەی کاری فەرمی و دەوامیان هەیە، واچاکە سوود لە رەنگە تۆخەکان وەربگرن، بۆ دەرچوون و میوانی و گەشت رەنگی کراوە هەڵبژێرن، لەگەڵ وەرزی بەهاردا کە ئەمساڵ مانگی رەمەزان لەو وەرزەدایە، پێویستە رەفتەکانت نەخش و نیگاری سرووشتی و گوڵ و باڵندەی بچووکی تیایدا بێت، بەهۆی ئەوەی مۆدێکی نایابی دەبێت. بۆ ئەوانەی حەز بە رەفتەی درێژ دەکەن، دەتوانن ئەو رەفتانە هەڵبژێرن کە نیو خولی بازنەیی بە دەوری ملدا دەسووڕێنەوە و دواتر دەکەوێتە سەر ناوشان، لە بەشی پێشەوەشدا بەرەو خوارەوە تاوەکو ئاستی کەمەر درێژ دەبێتەوە.



# فیستیڤاڵی (هەولێرە ماست)ی کوردەواری

بەبۆنـەی هاتنـەوەی مانگـی ڕەمەزانـی پیـرۆز، فیسـتیڤاڵی هەولێـرە بـۆ بەرووبوومـی خۆماڵـی بـە ناوی فیسـتیڤاڵی ماست بەڕێوە چوو، فیسـتیڤاڵەکە تایبـەت بـوو بـە ماسـت و پەنیـر و ژاژی و شـیر و هەنگویـن و بەرهەمـە کوردەوارییەکانـی دیکـە، ئـەو فیسـتیڤاڵە بـە شـێوە و دیزانێکـی کـوردی و پڕ لـە ڕەنـگ و ڕەسـەنایەتی، بـە هەڵدانـی ڕەشـماڵ و کەرەسـتەی فۆلکلـۆری لـە بـەردەم پارکـی شـانەدەر لـە هەولێـر ئەنجام درا، فیسـتیڤاڵێکی قەشـەنگ و ڕەنگیـن بـوو لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و هەولێـر، کـە یەکەمجارە بـۆ ئـەو بەرهەمانـە بەڕێوە بچێت، ماوەی فیسـتیڤاڵەکە سێ ڕۆژ بوو، ڕێکخەری فیسـتیڤاڵەکە (هۆشـیار نـووری لـەك) دەربـارەی فیسـتیڤاڵەکە گوتـی: «بیرۆکـەی فیسـتیڤاڵەکە ئاوەڕدانەوەیەکـە بـۆ کولتـووری کـوردەواری کـە پێکهاتـووە لـە خـواردن، جلوبـەرگ و کەلوپەلـە کوردەوارییـەکان، بۆ ئەوانـەی بەشـدارن ئەزموونیـان لـەو بـوارەدا هەیـە، بـۆ نموونـە ئاشـی بەلاشـاوە، زۆربـەی دانەوێڵـەی جۆراوجـۆری تێدایـە، هەروەهـا ئـەو هەنگوینانـەی لـە دەڤـەرە جیاجیاکانـی کوردسـتان هەیـە لـەو فیسـتیڤاڵەدا بـەدی دەکرێت، چـەرەزات و گـۆزەی کـوردەواری و کاری دەسـتیی ڕەمزییـە خان بەشـدار بـوون، بەشـەکان جیـاوازن و بـۆ تەواوکردنـی یەکتـر ڕەشـماڵیش هەڵدرا کـە (ڕشدەوار)یشـی پـێ دەڵێـن، هەروەهـا گۆرانییـی کـوردی و خواردنـی سـێ ژەمـەی کـوردەواری بەشـێکی دیکـەی ئـەو فیسـتیڤاڵە بـوون، ئەگەرچـی فیسـتیڤاڵەکە بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژە، بـەڵام لـە داهاتـوودا بـۆ زیندووکردنـەوەی مۆرکـی کـوردەواری و گرینگیـدان بـە کولتـووری کـوردی، ئـەو جـۆرە کارانـە بەرچاوتـر و دیارتـر دەبـن.





# گەشتی گەشتیاری بۆ ئاسمان

گەشتەکانی گەشتیاری هەمیشە بۆ وڵاتانی جیهان و شوێنە بەناوبانگەکانن، بەڵام لە داهاتوودا گەشتی گەشتیاری بۆ بۆشاییگەریی ئاسمانیش دەبێت، وەکو لە پێشتردا بڕیاری لەسەر درابوو، لە ئێستادا گەشت بۆ بۆشایی ئاسمان و سەر مانگ دەستی پێ کردووە، لە یەکەم گەشتکردن، کە لەلایەن دەزگای سپێس ئێکس بەڕێ کران، ئەو کەسانەی کە ئەو گەشتەیان ئەنجام داوە، کەسانی ئاسایی نین، بەڵکو بیزنیسمانی گەورەی جیهانن، ئەویش بەهۆی ئەوەی نرخی گەشتەکە بەرزە و لە توانای خەڵکی ئاساییدا نییە. نرخی گەشتەکە بە مانەوە و خواردن و جلوبەرگی ئاسمانییەوە ( ٥٥) ملیۆن دۆلارە بۆ هەر تاکێك، تا ئێستا دە کەس لە ناودارانی جیهان خۆیان بۆ ئەو گەشتە ئامادە کردووەو، ناوی خۆیان تۆمار کردووە، لەوانە: لاری کۆنەر لە وڵاتی ئەمریکا کە سەرپەرشتی گرووپی ئۆهایۆ دەکات، مارك باسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ماڤریك و ئیتیان ستیب فرۆکەوانی پێشووی ئیسرائیلی لە یەکەم گەشتدا بەشدارن.










# تابلۆیەکی وێنەکێشان شیکاری ڕۆبۆتێکە

بەم دواییە گرانترین تابلۆی وێنەکێشان کە بازنەیەکە و چەند ڕەنگێکی تێهەڵکێش لە خۆ دەگرێت، بەتەنیا لەلایەن مرۆڤەوە کاری بۆ نەکراوە، بەڵکو ڕۆبۆتێك وێنەی کێشاوە، تابلۆیەکە لە خانەی فرۆشتنی (کول) لە شاری سان فرانسیسکۆی ئەمریکی بە (٤٠) هەزار دۆلار فرۆشراوە، ئەوەی سەیرە تابلۆکە لەلایەن ڕۆبۆتێکی سەگ بە ناوی spot ئامادەکراوە، بیرۆکەکە لەلایەن خانمە هونەرمەندی بەرەچەڵەك پۆڵەندی و خاوەن رەگەزنامەی ئەمریکی (ئاگنیشیکا بیڵا)یە، کە دانیشتووی شاری نیویۆرکی ئەمریکایە، سەرەتای تابلۆکە لەلایەن کچە هونەرمەندەکە کێشراوە، کەچی سەگە ڕۆبۆتەکەش کارەکەی تەواو کردووە، دواجار بڕیاری لەسەردرا کە ئەمە یەکەمین تابلۆی شێوەکار بێت کە لەلایەن مرۆڤ و ڕۆبۆتەکانەوە کاری نەخشاندن و وێنەکێشانی بۆ بکرێت، تابلۆکە بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان و بەم هۆیەشەوە نرخێکی زۆری پێ درا و فرۆشرا.






## کاریکاتێر

یەکێکە لە کاریکاتێرە پڕ ماناکانی ئێستای جیهان، کە هێرش دەکرێتە سەر سەرۆکی رووسیا (ڤیلادیمیر پۆتن) و بە ئەدۆلف پۆتن دەناسرێت، هەمان سیمبولی هیتلەر بە بەرزکردنەوەی دەستەکانی نیشان دەدرێت.

# نزمترین فڕۆکە

کەناری (ماهۆ بیچ) دەکەوێتە کەنداوی (سانت مارتن) لە دەریای کاریبی، لە نزیك ئەو کەنارەدا فڕۆکەخانەیەك دروست کراوە بەناوی (شازادە جولیانا)، بەهۆی نەبوونی شوێنی پێویست بۆ فڕۆکەخانەکە ئەو شوێنەیان لە نزیك کەنارەکە بۆ تەرخان کردووە، ئەوەی سەیرە کاتێك فڕۆکەکان دەنیشنەوە، پێویستە لە بەرزاییەکی کەمدا بن، تا بە ڕێڕەوی خۆیان دەگەن بۆ نێو فڕۆکەخانە، شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەخانەکە تەنیا (٢١٨٠) مەترە، بۆیە فڕۆکەکان دەبێ لە لای کەنارەکەوە لە نزمترین بەرزاییدا بفڕن، وەکو لە وێنەکەدا دەبینرێت کە بەرزیی فڕۆکەکان ئەوەندەی نەماوە لە خەڵکەکە بدات، کەچی کەسیش خۆی نیگەران ناکات، چونکە لەو کەشە ڕاهاتوون.





## میوزیک

**پەنجەکان دەبڕن - Fingers Crossed**

تراکێکی نوێی گۆرانیبێژ (لاورین سپێنەسر سمیت)ـە، لە ئەلبومە تازەکەی بە ناوی Pure Acoustic بڵاوی کردووەتەوە، لە شێوازی پۆپی خێرایە، باس لە هەستەکانی کەسێك دەکات بۆ خۆشەویستی، کە لە ڕێگەی پەنجەکانەوە دەتوانن دڵ و هەست و مێشك ببڕن.

## فیلم

## هەموو چەقۆیە کۆنەکان- All the Old Knives




فیلمێکی شانۆیی و مایسترییە، باس لە ئەندامێکی هەواڵگریی ئەمریکا بە ناوی (هێنری پێلهام) دەکات، کە بۆی دەردەکەوێت لە لایەن چەند ئەندامێکەوە زانیاری دزەی پێ دەکرێت و ژیانی زیاتر لە ١٠٠ کەس دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەویش بە هەوڵی خۆی وادەکات کە پیلانەکە سەر نەگرێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤١ خولەکە، لە دەرهێنانی (جانوس میتز پێدریسین)، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە نواندنی (کریس پەین، ساندوی نیوتن، لاورێنس فیشبۆرن، جاناتان پرایس، میشیل ویلامز)ە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵ بدە سوود لە بیرۆکەی هاوپیشەکانت وەربگرە و ڕاوێژیان پێ بکە بەپێی توانا و زیرەکییان، خاوەنی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشیت، ڕەنگە کەسانێك هەوڵی نزیکبونەوەت بدەن، بەڵام هەوڵ بدە لێیان تێبگەیت، پاشان بڕیار بدە، خۆت بەدوور بگرە لە خواردنی چەور.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

واباشترە پەیوەندییت لەگەڵ تەواوی هاوپیشەکانت چالاك بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بەربەستەکان تێپەڕێنیت، گرنگە بە هەمو شێوەیەکی ڕابردوی پەیوەندیی سۆزداریت بسڕیتەوە و بایەخ بە ئێستا بدەیت، گفتوگۆی بێسوود کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەروونت دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەیت، دوای ئەوەی لە کۆمەڵێك گرفت ڕزگار دەبێت لەڕووی پیشەییەوە، زیاتر لە هاوبەشی ژیانت و خانەوادەکەیان نزیك ببەرەوە و پەیوەندییەکانت چالاك بکە، ڕێگە مەدە توڕەیی زاڵبێت بەسەرتدا و، بەوهەڵەشەیی کێشەکانت چارەسەر مەکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەمو کارە کەڵەکەبووەکان تەواو بکە و خۆت بۆ پرۆژەی نوێ ئامادە بکە، خۆشەویستیت بۆ چواردەورەکەت، کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر هاوڕێ و خێزانەکەت، وازلەهەر شتێك بهێنە کە زیاتر توڕەت دەکات، هەوڵ بدە زیاتر ئارامیی دەروونت بپارێزیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشی زۆر لە کارەکەتدا، بەڵام دەتوانیت هێز و توانای خۆت بۆ دەورووبەکەت پیشان بدەیت، هەمیشە بە ڕاستگۆیانە هەستەکانی خۆت دەرببڕە بۆ خۆشەویستەکەت، دانیشتنی زۆر و بە بێ جووڵە، زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

گرنگە هەمو ئەو تێبینییانە بەهەند وەربگریت کە بەرپرسانی کارەکەت پێت دەڵێن، چونکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی توناکانت زیاتر بکەیت، خۆشەویستەکەت پێویستی بە پشتیوانیی تۆ هەیە، بەتایبەت لە کاتە قورسەکاندا، زیاتر بایەخ بە جوانی و تەندروستیی پێستت بدە.

بۆ زانیاریت

## ئازاری ددان



ڕەنگە لەناکاو تووشی ئازاری ددان ببیت، ئەمەش بەزۆری لەشەودا ڕوو دەدات، بۆیە بۆ چارەسەری کاتی و کەمکردنەوەی ئازاری ددان، دەتوانیت ئەم پێکهاتانە بەکاربهێنیت:

١- گەرچەك: کە بەناوبانگترین گژوگیای بۆنداره و چارەسەری گرفتەکانی ددان دەکات، بۆیە کەمێك گەرچەك بهارە و بیدە لەو ددانەی ئازاری هەیە، ئازارەکە ناهێڵێت و بۆنی خۆش بە ناودەم دەبەخشێت.

٢- مەعجونی ددان: بەفڵچە بیهێنە بەدەم و دانتدا، ئازارەکەی دەشکێنێت.

٣- کیسێك لە چا: یان لۆکەی تەڕکراو بە چا بخەرە سەلاجەوە، دواتر بیدە لەو ددانەی کەئازاری هەیە، بەوجۆرە مادەی تانین کە لە چادا هەیە، ئازاری هەوکردنەکەی ناهێڵێت و ئازار و هەستیاری کەم دەکاتەوە.

٤- ئاوی گەرم و خوێ: باشترینە بەو جۆرە کەوچکێك خوێ بکەرە نێو کوپێك ئاوی گەرم و لەناو دەمتی ڕا بدە، ئەمەش هەوکردن و ئازار ناهێڵێت و بەکتریا لەناو دەبات و بۆنی ناخۆشی دەم ناهێڵێت.

٥- گەڵای نەعنا: گەڵای فرێشی نەعنا بهارە و بیدە لە شوێنی ئازارەکە، هەروەها دەکرێ نەعنای وشککراو بەکار بهێنیت، لە دوای تەڕکردنی بەکەمێك ئاو، یان سرکە.

## ئۆتۆمبێل - Cars

### شووشتنی بزوێنەری ئۆتۆمبێل

زۆرینەی شوفێران لە کاتی شووشتنی ئۆتۆمبێلەکانیاندا بزوێنەرەکەیشی دەشۆن، کە ئەمە کارێکی هەڵەیە و زیانی زۆری دەبێت بۆ ئۆتۆمبێلەکە و، زۆربەی سیستمەکانی کێشەیان تێ دەکەوێت، شووشتنی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکەت باش نییە بە هیچ شێوازێك، چونکە زۆربەی ئۆتۆمبێلە مۆدیل بەرزەکانی ئێستە، عەقڵ و تاقم فیوزیان لە بەشی پێشەوەی بزوێنەردایە، بە هیچ شێوەیەك نابێ بزوێنەر بشۆرێت، چونکە هەر تەڕبوونێك مەترسیی سووتانی عەقڵی هەیە، ڕۆژانە بەهۆی تەڕبوونەوە عەقڵی ئۆتۆمبێل دەسووتێت، بۆیە ئێمە هەرگیز ڕێنوێنی شوفێران ناکەین بەشێوەیەکی هەرەمەکی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکانیان بشۆن، باشتر وایە هەر لە ماڵەوە بە سپرای تایبەت، یان بە ئاو زۆر بە هێواشی تەنیا ئەم شوێنانە بشۆیت کە پیسی گرتوویەتی و، زۆر بەباشی ئاگاداری عەقڵ و تاقم فیوز و تاقم وایەرەکان بیت، باشتر وایە بە پەڕۆ بزوێنەر خاوێن بکرێتەوە، چونکە تەڕکردنی بزوێنەر مەترسیی هەیە و، باشتر وایە خۆت بەدوور بگریت لەم کارە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

جێگەی بایەخە تەواوی کارەکانت لەلایەنی پیشەییەوە جێبەجێ بکەیت، هێز و تواناکانت تەرخان بکە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانت، لێبوردەیی و نەرموون زیاتر کەسایەتیت سەرنجڕاکێش دەکات، ئەگەر کەسێك لە ژیانتدا نەبێت، ڕەنگە بەمزووانە پەیوەندیی سۆزداریی بێتە ژیانتەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەمیشە هەوڵ بدە ئارامیی خۆت بپارێزیت لە کارەکەتدا، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك کێشەی زۆر، باشترە ناکۆکییەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت چارەسەر بکەیت و واز لە ڕابردوو بهێنیت، پشوو وەرگرتن و حەوانەوە گرنگە بۆ تەندروستی، پێویستە ڕەچاوی باری تەندوستیی خۆت بکەیت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کارێکی باش دەکەیت ئەگەر لە ڕێگەی کەسانی شارەزاوە کۆتایی بە ئەرکەکانت بهێنیت، فشارێکی زۆرت لەسەرە و، ئەگەر پشوو وەرنەگریت، هیچ بەرهەمێکی کارەکانت نابێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت چالاکیی نوێ ئەنجام بدە و واز لە ژیانی ڕۆتینی بهێنە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەڕوی پیشەییەوە کەمێك قورسایی دەکەوێتە سەرشانت، بەڵام لەگەڵ هاوپیشەکانتدا پەیوەندیت چالاك دەبێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕیت، پێویستە ئاگادار بیت لەو بابەتانەی کە خۆت دەتەوێت، هەمیشە توانا و وزەکانت لە بەدیهێنانی خواست و بەهرەکانتدا بەکاربهێنە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

چەندین هەنگاو لە بەردەمتدا هەن و کۆمەڵك ئەنجامی نوێیان هەیە، بەڵام دەبێت بە وردی جێبەجێیان بکەیت و پلانی بۆ دابنێیت، خۆشەویستەکەت هێندە بایەخت پێ دەدات کە هیوات پێ دەبەخشێت، هەوڵ بدە سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەرەوە و تەندروستانە بژی.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە متمانەت زیاتر بە خۆت دەبێت لەم قۆناغەدا و تواناکانت زیاتر دەبێت، بوونی متمانە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا دەبێتەهۆی ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێن بەرەو داهاتوو، پەستانی زۆری ژیان ماندووت دەکات و ڕەنگە ئارەزوی خواردنیشت کەم بێتەوە.




## پەند و وتە

نووسەری ئیسپانی (خواز خوسێ میاس) لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری ڤالانسیا لە ئیسپانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی جیاوازیی بیروڕا و هەست دەڵێت: «ئەگەرچی جیاوازیم لەگەڵ کەسانی دیکە هەیە، بەڵام کاتێك جیاوازیم لەگەڵ تۆدا هەیە، من زۆر شت دەبینم، بەبێ هەست دەبینم و تۆ نابینیت».




## یاریی وێنە


لەم وێنەیەدا کەسێك ڕا دەکات، ڕووناکییەك لە پشتەوەی هەیە و، ڕوخساری ون بووە، هەوڵ بدە بزانیت کە کەسەکە لە شوێنی وێنەگرتنەکە نزیك دەکەوێتەوە، یان دوور دەڕوات.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




**www.gulanmedia.com**

Gulan Weekly
April 25, 2022 Issue,No.1314


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626